# بەدرخان

Bedirxan

بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش

هەفتەنامەیەکی رۆژنامەوانیی
گشـــتیی ئــــازادە
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
"بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١٢٠) دووشەممە ٢٠٠٩/٦/٢٢ زایینی
بەرانبەر بە پووشپەڕی ٢٧٠٩ی کوردی
ساڵی نۆیەم

www.bedirxan.net
bedrxan@yahoo.com




## خالید جووتیار دەقی داستانی ئاراس بڵاودەکاتەوە

ل١٤



## تەوەرەیەک سەبارەت بە سەڵاحەددینی ئەیوبی

د. نەبەز مەجید لەو تەوەرەیەی کە چەند ژمارەیەکە لەلایەن پسپۆران و مێژوونووسانەوە سەبارەت بە کەڵەمێردانی کورد نووسیویانە، لەم ژمارەیەدا ناوبراو بەشدار دەبێ بەنووسینی بابەتێک لەسەر سەڵاحەددینی ئەیوبی، شایەنی باسە لە ژمارە "١١٨" نووسەرو رووناکبیر عەبدوڵڵا قەرەداغی بیرۆکەی سازدانی سیمینارێکی جیهانی سەبارەت بە سەڵاحەددینی ئەیوبی راگەیاند.

ل٣



## بەرهەم عەلی:
## تکایە رۆژنامە بخوێنەرەوە

ل٣



**حەسەن مستەفا**

### لە بەدرخان بەردەوامیی بە نووسینەوەی یاداشتەکانی دەدات

ل٢٣



**سەردار محەمەد ئەمین**

### لە شاخەوە بۆ سویدو لەوێشەوە بۆ کۆمیتەی رێکخستنی "ی.ن.ک"

ل٢٣



**مەلا محەمەدی عەلیاوەیی**

### هەرچەند برسی بی، لە تو برسی تر هەیە

ل٩

- ※ فرسەت رۆژبەیانی پاش دیدارەکەی بەدرخان، وتارێک سەبارەت بە "کردەوەی مامۆت" بڵاودەکاتەوە
- ※ حەمید بەدرخان ... پاراستنی زانیاری و زانیاری پێدان
- ※ سەنگەر زراری لە نووسێنکدا، باسی خوێندەواری کلۆڵ و نەخوێندەواری دەکات
- ※ جەلال سنجاوی لەمەڕ سۆمەرییەکان دێتە وەڵام
- ※ لە ژمارەی داهاتوو، بەدرخان بەعسیبوون و نابەعسیبوونی کەمال غەمبار ئاشکرا دەکات



## ئەگەر دهۆک و سلێمانی برابێتەوە، ئەوە هەولێر بەتەنێ هی پارتی نییە

ل٥



## حاکم پێشڕەوی سەید برایمی لە ماڵتا چی بۆ کورد کرد؟

ل١٧

## نهێنییەکانی رێککەوتننامەی جەزائیر



کتێبی "نهێنییەکانی بەستنی پەیمانی ١٩٧٥ی ئەلجەزائیر" لە ئەرشیفی تەواو نهێنی ساواک، یاداشتی یەکێکە کە لە دەزگا نهێنی و هەستیارەکانی"ساواک"ی زەمانی"شا" کاری کردووە، نووسەری یاداشتەکە"عیسا پژمان"ـە، کە لەلایەن زۆرێک لە سیاسەتمەدارو گەلێک رووناکبیری کورد لەساڵانی حەفتاکان ناسیویانەو لەدووتوێی کتێبێک، لەساڵی ١٩٩٧ لە بنکەی چاپەمەنی رۆژ لەسوید چاپی کردووەو لەلایەن ناسری ئیبراهیمی لەفارسییەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی و"پێشکەشی ئەوانەی دەکات کە بەدوای راستیدا وێڵن". بەدرخان بەباشی زانی خوێنەری کوردیش بێبەش نەبن لە زانیاری و راستییەکان، . بۆیە بەپێویستمانزانی لەم ژمارە بەدواوە بە بەش بڵاوی بکەینەوەو لەپاشانیش ئەوانەی ناویان هاتووەو لەژیان ماون، بتوانین بیاندوێنین، بۆئەوەی راستییەکان زیاتر روونبێتەوە، چونکە"پەیمانی جەزائیری ١٩٧٥" دژی کورد و لەشێوەی ئەویش بەرێوەیە، ئەگەر نێومالی خۆمان رێکنەخەینەوە. کتێبەکەش هەرچۆنەو چۆن نووسراوەتەوە، وەکو خۆی بڵاویان دەکەینەوە. تەنیا رێنووسەکە دەستکاری دەکەین.

ل١٦-١٧

## حەزرەتی یوسف لە بەدرخان





زنجیرە درامای "یوسفی راستگۆ" لە دەرهێنانی هونەرمەندی کوردی رۆژهەڵاتی ئێران "فەرەجوڵڵای سەلەحشوور"، ئەو درامایەیە ئێستا لە کەناڵی هەولێری تەلەفزیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی بەژێرنووسکراوی کوردی پەخش دەکرێ و بینەرێکی زۆری کوردیش سەیری ئەو کارە دەکەن و رۆژ لەدوای رۆژ چاوەڕوانی ئەڵقە و رووداو و گۆڕانکاری نوێن لە دراماکە، وەکو بەدرخان بەپێویستمانزانی لەم راپۆرتە شیکارییەدا چەند خاڵێک بخەینەروو کە لەوانەیە هەموو کەسێک هەستی پێ نەکا یان بۆی روون نەبێتەوە..

لە ساڵی "٢٠٠٦"دا و لە گەشتی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بۆ تاران، شاندی بەدرخان کە پێکهاتبوو لە :"حەمید بەدرخان، هەوراز محەمەد، هاوڕێ محەمەد زادە، شوان تاڤینگ" و بە هاوڕێیەتی "مەریوان هەڵەبجەیی" سەردانی شاری سینەمای تارانیان کردبوو، لەوکاتەدا ستافی درامای "یوسفی راستگۆ" خەریکی وێنەگرتنی ئەو درامایە بوونە، هەر لەوێشدا ستافی بەدرخان چەندین دیداریان لەگەڵ دەرهێنەر و ستافی ئەو کارە ئەنجامدابوو و لە ژمارە ٦٦ بڵاویان کردبۆوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا مەسەلەکە گەرم بۆتەوە وەکو بەدرخان بەپێویستی دەزانین هەر ژمارەیە و دیداری یەک لەو هونەرمەندانە وەکو خۆی بڵاوبکەینەوە.

لەم ژمارەیەدا بابەتێکی شیکاری لەسەر ئەو درامایەو مەبەست لە پێشکەشکردنی لە رۆژێکی وەکو ئەمڕۆ دەبێ چیبێ؟!! بەدرخان کاری بەوەوە نییە کە دڵنیایە ئەوە بەشێکە لە بانگەشەی هەڵبژاردن، کە حزبە ئیسلامییەکان پەیڕەوی دەکەن..

لە ژمارەکانی داهاتووی بەدرخاندا، دیدار لەگەڵ دەرهێنەرو ئەوانی دیکە بخوێنەرەوە

ل ١٢-١٣

# قسەی نەستەق لەسەر وەزنی فستەق

سەنعاتەکە بە شێوەیەک ڕەزیل بووە خێری هیچی نەماوە، ماوەیەک باوی ئەو قسە نەستەقەی بوو، هەر پێیەکت خوار دانابوایە پێیان دەوتی دەست لەکار بکێشەوە، کەچی یەک نەفەریش بە دەنگ ئەو داواکاریانەوە نەهاتن، نەک هەر کەس دەستی لەکار نەکێشایەوە، بەڵکو هیتریش دەست بەکاربوون، ئەو داواکارییە هێندە دووبارەو چەند بارە کرایەوە بووە فستەق، ئێستا پیاو پێی شەرمە داوا لە هیچ بەرپرسێک بکات دەست لەکار بکێشێتەوە، ئەگەرنا هەر لێرەوە داوام لەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزانەی کە دەڵێن پەرلەمان شەرعیەتی نەماوە دەکرد، کە مووچەی ئەو چەند مانگە ناشەرعییەی ئەندام پەرلەمانیان وەرنەگرن و دەست و پێیان لە پەرلەمان بکێشنەوە، بەڵام باوەڕناکەم کەسیان ئەو جورئەتەی هەبێت ناماقولی وابکات و واز لەفستەق خواردن بێنێت، یەکێ لەو ئەندام پەرلەمانانەی کە ماوەیەکە فێری قسەی نەستەقی نێو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بووە، لە سەری قەسری سەر گردەکەی دەروازەی کۆیە، کە گوومانم لە شەرعییەتی قەسرەکەی هەیە، دوور بینێکی بە دەستەوە گرتووەو بەردەوام دەڕوانێتە گردو تەپۆلکەکانی دەوروپشتی گردەکەی و بەدوای شەرعییەت و ناشەرعییەتدا دەگەڕێ، بەڵام ژێر پێی خۆی و دامێنی گردەکەی خۆی نابینێ، ئەم شەرعییەتە هێندە سووک و چرووک کرا پیاو پێی عەیبە چیتر باسی بکات، ئەگەرنا هەر لێرەوە بەو برا ئازیزە تێکۆشەرەم دەگوت: کە لەوەتەی وەبیرم دێ ئەو هەمیشە لالوت و سەرگەردانە، باوەڕناکەم لەوەتەی دوای ڕاپەڕین بەردێکی لەسەر بەردی دانابێت و خێرێکی بۆ کەس هەبووبێت، ئەو فەرمایشتانەی جەنابتان لە کامە کانگای شەرعییەتەوە هەڵقولاوە، کە دەڵێن کاک نەوشیروان هەر پلانێکی هەبێت ئێمە پشتگیری دەکەین، جا قوربان ئەگەر بەم قسە نەستەقەتان بێت، ئێمەو ئەوانتان لە چی، جیاوازییەکەتان چی، بەم حیساب و کتابەی بێت ئێمە زۆر جیاوازترو ریفۆرمتر و ماقوولتر لە ئێوە بیر دەکەینەوە و تێدەڕوانین، چونکە جەنابتان باش و خراپ هەر پشتگیری دەکەن و بە بەژن و باڵای یارەکەتان هەڵدەڵێن، چانییە ئێمە لە یەک کاتدا هەردوو ڕووەکە دەبینین، بە پێچەوانەی ئێوە کە تەنیا هەر ڕوویەک دەبینن و پشتگیریش هەر لەو ڕووە دەکەن، جیاوازی ئێمەو ئێوە لەوەدایە کە ئێمە دان بەکەم و کوڕییەکاندا دەنێن و باسیشیان دەکەین، پشتگیری لە کاری باش و ڕەخنەش لە کاری خراپ دەگرین، جیاواز لە ئێوە کە پشتگیری هەموو پلانێکی گردەکە دەکەن، جا با پلانەکە پیلانیش بێت.



سمکۆ عەبدولکەریم



# لە بارەی فایلی (کردەوەی ماموت)



فرسەت ڕۆژبەیانی

**دوای ئەوەی لە ژمارەی ڕابردوو "١١٧" لە ٢٠٠٩/٥/٨ بۆ یەکەم جار لە بەدرخان مژدەی ئەوەمان بە خوێنەران دا، کە فایلی ڕەمزی نافیع لە کردەوەی ماموت بڵاوبکەینەوە، بۆ ئەو ژمارەیە دیدارێکمان لەگەڵ فرسەت ڕۆژبەیانی خوێندکاری دکتۆرا لە ئەڵمانیا لە هەمبەر ئەو مەسەلە گرنگەدا ئەنجامدا. پاش دیدارەکە فرسەت ڕۆژبەیانی بەباشی زانی هەندێک لە دوکۆمێنتەکان وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی و لە نووسینێکدا بڵاویان بکاتەوە.**

**بەدرخان**

مێژووی کورد زۆر لایەنی شاراوەی تێدایە، کە پێویست دەکات باسکاران بە دوایدا بگەڕێن. لە هەموو ئەرشیف و کتێبخانەکانی ئەورووپادا زۆر ماتریالی مێژووی دەگمەن هەیە، کە پێویست دەکات بدۆزرێنەوە و بڵاوبکرێنەوە، ئێمە لێرەدا تەنها باس لە یەکێک لەو لایەنە زۆر شاراوانەی مێژووی کورد دەکەین، کە لە لایەن کوردەوە خۆی هەقی نەدراوەتێ، هەندێ ڕۆشنبیری کوردیش هەن کە لەبەر ئایدیۆلۆجیایەکی تەسکی خۆیان نەیان هێشتووە ئەم باسە بوروژێنرێ.

مەبەستیشمان فایلی کردەوەی ماموتە، کە لە ساڵی ١٩٤٣ دا سێ ئەفسەری ئەڵمانی لەگەڵ ڕەمزی نافیعدا خۆیان بە پەرەشووت هەڵدا لە باشووری کوردستاندا، مەبەستیشیان هاندانی هۆز و لایەنە سیاسییەکانی کورد بوو بۆ بەرپا کردنی شۆڕشێک دژی ئینگلیز.

ئەڵمان لە گەرمەی شەڕی دووەمی جیهانیدا ئەم پلانە دادەڕێژن بۆ کۆنترۆڵ کردنی بیرەکانی نەوت لە ناوچەی موسڵ و کەرکووکدا، چۆنیەتی دروستبوونی بیرۆکەکە ڕاپۆرتی یۆهانس گۆتفرید میوولەر بۆ سەرۆکایەتی سوپای ئەڵمانی و هەموو خۆ ئامادەکردنێک بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنە لە دووتوێ فایلێکدا لە ئەرشیفی عەسکەری ئەڵمانی هەڵگیراوە.

لەم نووسینەماندا دەمانەوێ خوێنەری کورد ئاگاداری لایەنە گرنگەکانی ئەم فایلە بێت و لە داهاتوویەکی نزیکدا بە کوردی سەرجەم فایلەکە ئامادە کراوە و وەرگێردراوە بۆ زمانی کوردی دەخەینە بەردەست.

ئەم ئۆپەراسیۆنە ناوی بە ئەڵمانی Unternehmen Mammut لە ڕاستیدا وەک لەم فایلەدا دەردەکەوێت مویللەر پێشنیازی ناوێکی تری کردبوو، ئەویش Said Schahswar سید شاسوار، بەڵام سەرانی سوپا ئە ناوەیان گۆڕی بۆ (ئونتەرنێمن ماموت- کردەوەی ماموت) لاپەڕەی ١ تا ٣ ی ئەم فایلە وەک پێرستێکە کە باس لەوە دەکات، کە ئەم فایلە چی تێدایە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. نیاز لەم ئۆپەراسیۆنە: مەبەست گەیشتنە بە ئەنجامدانی خاڵی ( د ) و ( ل ) لە هەرێمی کەرکووک و سلێمانی.

ب. چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانج:

١. پەیوەندیکردن بە شێخ مەحموود و شێخانی تری کورد.

٢. کارێکی وا بکرێ، کە ڕێگا خۆش بێ بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی تر.

٣. کاری تێکدەری بکرێ لەو ناوچانەی، کە دوورن لە کوردستان بۆ پەرتکردنی هێزی دوژمن، کە نەتوانێت هێزەکانی هەمووی دژمان بە کار بهێنێت.



ڕەمزی نافع



میوللەر جێبەجێکاری کردەوەی ماموت




ڕووبەرگی فایلی کردەوەی ماموت

٤. هەڵسان بە کاری تەقینەوە و ئاژاوە دروستکردن لە ناوچە نەوتییەکانی کەرکووک.

٥. پچڕاندنی هێڵی تەلەفۆن.

٦. تەقاندنەوەی شەقام و فرۆکەخانەو عەمباری خواردنی دوژمن.

٧. پەیڕەوکردنی هەموو شێوەیەکی کاری ئیستخباراتی وەک پاراستنی چاڵە نەوتییەکان ئەمەش بەستراوەتەوە بە هاتنی هێزەکانی ئەڵمانی لە قەفقاسیاوە، هەروەها پەیوەندی بە هەڵوێستی تورکیا...هتد هەیە.

٨. کاری ئیستیخباراتی (یەک (OKW/ABWI) – دەبێ بریتی بێت لەزانینی هەڵوێستی دوژمن، شەقامەکان، خاڵیسنووری، شێوەکانی بەرگری ( دیوار یان شتی تر)، هەروەها هەڵوێستی عەشیرەتەکانی تری کورد.

ج. چارەسەرکردنی گرفتی ڕۆژانەی ئەم ئۆپەراسیۆنە ئەرکی سەرشانی ئیستیخباراتی (دوو) ە (OKW/ABW II) لە ڕێگای ئەفسەری پەیوەندیدارەوە ( VO).

د. لایەنی دارایی و پەیوەندییان بە بەشی Z/F وە هەیە .

ە. پەیوەندی لاسلکی : لە ڕێگای ( VO) ئەفسەری پەیوەندییەوە دەبێ، کە لە یەکێک لە سێنتەرەکانی OKW/ABW لە قەفقاسیاوە دەبێ دروست بکرێت، هەروەها شیفرەکەشی دەبێت بە گوێرەی فەرمانێکی تایبەتی بۆ دابنرێت.

و. پێویستی ئۆپەراسیۆن بە کەسان و کاری تەکنیکی : ئەم ئۆپەراسیۆنە لە ڕێگای چەند ئەفسەرێکی ئەڵمانی ئەنجام دەدرێت، دوو گرووپ لە خۆ دەگرێت، کە شارەزاییان لە جوگرافیاو زمانی کوردیدا هەیە.

١. دەبێت ئەفسەرێکی ئەڵمان لەگەڵ یەکێکی تر و کوردێکی باوەڕپێکراو بە پەرەشووت خۆیان هەڵدەنە خوارەوە.

٢. دوای ئەوەی کە گرووپی یەکەم جێگا پێی خۆیان دەکەنەوە، دەبێت گرووپی دووهەم، کە لە نزیکەی پێنج ئەفسەر پێکهاتووە و ئەوانی تر لەگەڵیاندان بە پەرەشووت خۆیان هەڵدەنە خوارەوە، کە ئەمانە ئەرکیان بریتییە لە کارکردن لە لای عەشیرەتە کوردەکان وەک مەشقپێکەری سەربازی، یان سەرکردایەتی کردنی ئەو کوردانەی، کە لە خاڵی( ب )دا ڕوونکراوەتەوە، یان ئەو کوردانەی کە دوایی دێن و پەیوەندییان پێوە دەکەن.

ز. دەبێ ئەو کەلو پەلە سەربازییانەی بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنە پێویستە بە شێوەیەکی تایبەتی دیاریبکرێت جۆریان جیابێت.

ح. ناوی نهێنی ئەم ئۆپەراسیۆنە ماموت دەبێت (Unternehmen Mammut) .

ی. پارە: بڕێک پارە بۆ شێخ مەحموود ١٠٠٠ فوندی ئینگلیزی ( پاوەند) .

بڕێک پارە بۆ شێخ حاجی بەسار ٥٠٠ فوند.

بڕێک پارە بۆ شێخانی تر، یان بۆ کڕینیان!...هتد ٥٠٠ فوند.

پارەی خۆ ئامادە کردن ١٥٠٠٠ ڕایشمارکی ئەڵمانی.

ئەمەی سەرەوە بە کورتی بریتی بوو لە هێڵە سەرەکییەکانی ئەم ئۆپەراسیۆنە، کە لە سەرەتادا ئامادە کرابوو بۆ ئەنجامدانی، هەرچەندە فایلەکە زۆر لایەنی دیکەی تێدایە، کە نهێنی ئەم ئۆپەراسیۆنە دەردەخات.

زۆر زانیاری نوێ لەم فایلەدا هەیە وەک هەوڵدانی ئەڵمان بۆ پەیوەندیکردن بە شێخ مەحموودەوە، هەروەها گەڕانیان بە دوای کوردێکدا وەک وەرگێڕی زمان، یەکەم جار کوردێکی سەقزی دەدۆزنەوە، بەڵام هەرزوو وازی لێدەهێنن، ئینجا داوا لە ئیستیخباراتی ئەڵمانی لقی ئیستەمبۆڵ دەکرێت، کە کوردێک بدۆزنەوە بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنە.

ئەوە بوو کە ڕەمزی نافعیان دۆزییەوە، لە سەرەتادا رمزی تا دەگاتە ناو ئەڵمانیاش پێی ناڵێن چ کاریان پێیەتی، دوایی مویللەر داوای لێدەکات، کە بەشداری ئۆپەراسیۆنەکە بکات، ئەویش ڕەزامەندی خۆی نیشان دەدات دوای ئەوەی لە مەبەستە سیاسییەکەی ئۆپەراسیۆنەکە تێدەگات، کە ئەویش وەدەرنانی ئینگلیزە لە کوردستانی باشوور.

هەروەها ئەم ئۆپەراسیۆنە پەیوەندی بە کەسایەتی کوردی ترەوە کردووە جگە لەوانەی کە باسمان کردن وەک بەگزادەکانی جاف کە ناویان لەم فایلەدا هاتووە وەک: عیزەت بەگی عوسمان پاشا و حەسەن بەگی فەهمی بەگی جاف، ئەمانە نامەی تایبەتیان بۆ چووە، کە یارمەتی ئەم ئۆپەراسیۆنە بدەن. ئەم فایلە گرنگیەکەی لەوە دایە، کە باس لە هەموو ئەو زانیاریانە دەکات، کە میوللەر بە درێژی باسی لێوە نەکردووە لە کتێبەکەی ( لە ڕۆژهەلاتی گڕگرتوودا)، ئەم فایلە٦٧ لاپەرە دەبێت.

rosbeiani@yahoo.de




فرسەت ڕۆژبەیانی لەبەردەم ئەرشیفخانەی سەربازی ئەڵمانیادا لە فرەیبۆرگ



\- 2 -

g) Technische Ausrüstung nach besonderer Anweisung.

h) Tarnname: M A M M U T

i) Geldmittel: Morgengabe für Scheich Mahmut 1.000 Pfund

Morgengabe für Scheich Hadschi Agha Busser 500 Pfund

Mitnahme für andere Scheichs, Käufe etc. 500 Pfund

Fonds für Vorbereitungen 15.000 Reichsm.

یەکێک لەو بەڵگانەی لەنێو فایلەکەی کردەوەی ماموت کە دۆزراوەتەوە

# هەیاسە ... لە بەدرخان چ باسە؟!

**ئا: حەسۆ**

* بەدرخان زانیویەتی گۆڤاری لڤین ژمارە ٩٣، کە بە حیسابی خۆیان ٢٤٠٠٠ هەزار دانە چاپدەکەن و نزیکەی ١٢٠٠٠ دوانزە هەزار دانە گەڕاوەتەوە، یانی نەفرۆشراوە، هۆیەکەشی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە تەوژمێکی ناتەندروست و ڕۆژنامەوانیی لە هەرێمی کوردستان سەریهەڵداوە، بۆیە گۆڤارەکانی"جیهان، ستاندەر، کلیل، ڕێگا، هەڵبوون"هەمان ناوەرۆک و ستایڵیان هەیە، توانیویانە کێبڕکێی گۆڤاری لڤین بکەن.

* لەشاری سلێمانی سەرنووسەری گۆڤاری کلیل "هێمن کەریم" پێشتر لە ڕاگەیاندنی مەڵبەندی سلێمانی ڕێکخستن"ی.ن.ک"کاری کردووە، ئێستا بەحیساب ئەهلی و ئازادە گۆڤاری کلیل لە سلێمانی دەردەکات. ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/١٢ لەبەردەم باغی گشتی سلێمانی کە گوایە (٣) کەس هەڵیان کوتاوەتە سەری و لێیانداوە، بەدرخان زانیاری هەیە کە هۆکاری لێدانەکەی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕاپۆرتێکی نهێنی لەژمارە"٧"ی کلیل بڵاوکراوەتەوە سەبارەت بە بێ سەروشوێن کردنی"٧٣"دیلی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان لەلایەن"پ.د.ک"بێ سەر و شوێنن و "ی.ن.ک" بە شەهیدی لەقەڵەم داون.

* گۆڤاری هەڵبوون کردوویەتییە پیشەی خۆی هەر جارەی بابەتێکی ئاوەژوو لەسەر سەرکردەکانی "ی.ن.ک" دەنووسێ و لەپاشان ڕوونکردنەوەی بۆ بڵاودەکەنەوە، ئەمەیان چی و ئەویان چی، ئەو برادەرە دەیگوت: کە لە بەدرخان بووم ستایشی کاک کۆسرەتم دەکرد، ئەمڕۆ لە هەڵبوونم شتی خراپی لەسەر دەنووسم.

* لە بەغدا، پاش ئەوەی ئەو بینایەی کە شوقەکەی د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی ئەندامی پەرلەمانی عێراقی و ڕاوێژکاری مێژوویی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخانی تێدایە لە ناوچەی سەوز لەلایەن تیرۆریستانەوە تەقینرایەوە، خۆشبەختانە د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی بەمەبەستی چارەسەرکردنی خێزانی لە ئوردن بووەو بەدوور بووە لەم کارەساتە.

* دەزگا سیخوڕییە جیهانییەکان تەنگیان بە سایتەکان هەڵچنیوەو دابەشیان کردووە بەسەر خۆیاندا، بەدرخان زانیویەتی کە چەندین سایتی کوردی لەژێر سەرپەرشتی ئەواندا بەڕێوەدەچێ.

* دیاردەی هەڕەشەو لێدان و بەحیساب نان بڕین بۆتە شتێکی ئاسایی و مرۆڤە نابووتەکانیش سەروبنی زمانیان باس لە هەڕەشە دەکەن.

* دوای ئەوەی گۆڤاری گوڵان تەوەرەیەکی لەسەر ئیسلامی سیاسی بڵاوکردەوە، کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتوو داوای یاساییان لەسەر گوڵان تۆمارکرد، پاشان نییەتێک هەیە لای ئەنجومەنی گۆڤاری گوڵان کە دەخوازن کێشەکە بە سوڵحی ئاشتەوایی کۆتایی پێبێت، بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندی بە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش کراوە. بەدرخان لە نزیکەوە ئاگادارە کە داواکە لەلایەن پارێزەرێکەوەیە، کە مەرجی ئاشتەوایی کۆمەڵی ئیسلامی داوای لێبوردنکردنە لەسەر بەرگی گۆڤاری گوڵان.

www.arsivakurd.org



د. نەبەز مەجید ئەمین

# سەڵاحەددینی ئەیوبی

باسکردن و لێکۆڵینەوە لە کەسایەتییە ناودار و مێژووییەکانی کەلەپووری شارستانیەتیمان دەستەبەر دەبێ لە تێگەیشتنێکی تەواوی ئەو کردە مێژووییانەی کە رووداوە گرنگەکان بەرجەستەی کردوون لە بوارە جیاجیاکاندا، کە ئاسەوار و شوێن دەستێکی روون و چاکی بۆ بەجێ هێشتووین لە رێرەوی ژیاندا چ لە رابردوو یا ئێستا و دوارۆژدا.

ئەوەی ئەم کەسایەتیانە جیا دەکاتەوە لە کەسانی تر بریتییە لە توانا و لێهاتوویی ئەوان لە جوڵانەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ روداوەکانی سەردەمیاندا و خۆ گونجاندن و تێکەڵ بوون لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە تێیدا دەژین و بیر و بۆچوون و هەڵسوکەوت و توانای خۆیان دەخەنە سەر بارودۆخەکە و بەشێوەیەکی وا بتوانن کۆنترۆلی بکەن و رووبەڕووی ئەم کۆسپ و تەگەرانە ببنەوە لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی، کە دەیانەوێت بەدەستی بهێنن لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی خۆیاندا.

شایانی باسە نیشانەکانی سەرکردەی مەزن لە ژیانی سەردەمی خۆیدا بەدی دەهێنرێ لەگەڵ خستنە پاڵ یەکی بارودۆخی تایبەتی دەوروبەردا لە پێکەوەنان و دروستکردنی بنەمایەکی توند و بەهێز، یا بەجۆرێکی تر بڵێین، کە سەرکردە رۆڵەی کۆمەڵگایە و زادەی بیر و بۆچوون و تایبەتمەندی کۆمەڵانی خەڵکە لە ژیانیدا.

دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەو نیشانە و تایبەتمەندییەی، رێگای سەرکردە مەزنەکان و ئەوانەی، کە دروستی دەکەن، بابەتێکە شایستەی ئەوەیە گرنگی پێبدرێ، چونکە ئەو سەرکردانە رۆڵەی میللەتانی خۆیانن و رۆلێکی پێشڕەوانە و سەرکردەییان نواندووە، بەڵام وەکو تاکەکەس خۆیان دروستکەری ئەو رووداوانە نەبوون، بەڵکو لە رێگای خستنەگەڕ و سوود وەرگرتن لە توانای گەلەکەیان ئەو رووداوانەیان هێناوەتەدی لەناخ و دەروونی خۆیاندا گوزارشتیان لە ئاوات و ئازارەکانی میللەتەکەیان دەربریوە.

بەشداریکردنی میرە کوردەکان بەتایبەت ئەیوبییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەراندا ئەوەمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە بەرپرسیاریەتی رۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە لە مێژووی میللەتانی رۆژهەڵاتدا، کە پڕ بووە لە رووداو، مێژووی کورد لەسەردەمی ئیسلامدا پڕە لەو پاڵەوانانەی، کە ئەفراندن و دەستکەوتێکی دیاریان هەبووە لە هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیاندا، بەتایبەتی بواری سیاسی و سەربازی، لەبەرئەوە توێژینەوە لەسەر ئەم سەرکردە کە لە روخساری کۆمەڵگاوە بەدەستی هێناوە شێواز و تایبەتمەندی خودی سەرکردەکە ناشارێتەوە، چونکە رۆڵی سەرکردە هەر ئەوەندە نییە، کە رووداوە مێژووییەکان کاریگەرییان هەبێ لەودا، بەڵکو دەبێ سەرکردە بەشداری تەواو بکات لە دروستکردنی رووداوەکاندا بە گوێرەی تێڕوانینی خۆی کە جیاواز نییە لە تێڕوانینی کۆمەڵگا و دەوروبەری و ئەو سەردەمەی کە رووداوەکەی تێدا پەیدا بووە.

مێژوو لە رووبەرووبوونەوە بەتەنیا ئەرکی تاقمێک یا ناوچەیەک لە ناوچەکان نەبووە، بەڵکو ئەرکێکی ئیسلامی گشتی بوووە، هەر لەم هەستکردن بە بەرپرسیاریەوە بووە، کە سەلاحەددین و ئەیوبییەکان و سەرجەم میرە کوردەکانی تر شەڕیان کردووە و بەرەنگاری دوژمنان بووینەوە، دوور نەبوو ئەم کارانە بەرهەمێکی زۆرتریان هەبوایە ئەگەر هەموو میللەتانی موسوڵمانی تر لە پلەی سەلاحەددین و ئەو میرە کوردانەی لەگەڵیدا بوو بە هەست کردن بە ئەرک و باوەڕبوون بەو مەسەلەیەی کە لە پێناویدا دەجەنگان.

گەلی کورد

کوردانە لەنێو ئەو لێکۆڵینەوە مێژووییە گرنگان دادەنرێ کە لەم رێگایەوە خوێنەر دەتوانێ زانیارییەکی باش پەیدابکات لەسەر ژیانی ئەم پاڵەوانانە، کە بە هێمایەکی پرشنگدار دادەنرێت لەلاپەڕەکانی مێژووی کورد و ئیسلامدا.

کەسایەتی سەرکردەی کورد سەلاحەددینی ئەیوبی، کە بە یەکێک لەکەسایەتییە مێژووییە بەناوبانگەکان دادەنرێت، کە بە شایستەیی راوەستا لەگەڵ نیشانە مێژووییەکانی تردا لە لاپەرەکانی مێژووی ئیسلامدا بە گشتی و مێژووی کورددا بە تایبەتی بەهۆی هەوڵدان و دڵسۆزی خۆیەوە ئەو هەموو ئازایەتی و پاڵەوانیەتیەی، کە بووە هۆی سەرنج راکێشان و رێزی کۆمەڵانی خەڵکی موسوڵمان و ئەوروپییەکان.

ئەم سەرکردەیە گرنگی و ناوبانگێکی گەورەی بەدەست هێنا لەبەر ئەم سیفەت و تایبەتمەندیانەی، کە لە توانایی و لێهاتوویی خۆیەوە پێوەی دیار بوو و توانای سەربازی و دڵسۆزی تەواو و خۆبەخت کردن لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو ئەرک و ئامانجانەی باوەڕی پێیان هەبوو، هەر لەبەر ئەوەشە کە لە سەرچاوە سەرەتاییەکاندا زۆر جار ئاماژەی بۆ کراوە کە رۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەبووە لە بەربەرەکانی کردنی ئەوروپییە سەلیبییەکاندا و بەرگریکردن لە شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلام. سەرکەوتنی ئیسلام لە شەڕی سەلیبییەکان پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە سەلاحەددینی ئەیوبی هەیە، کە سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامییەکانی کرد لەو سەردەمەدا، بەڵام ئەوە نابێت ئەو راستییەمان لا بشارێتەوە کە ئەم سەرکەوتنانە هاتنەدی بەهۆی تێکۆشان و خەباتی هەزاران کەسەوە، لەوانە میرە کوردەکانی تر کە لەپاڵ سەلاحەددین دەجەنگان، کەچی لاپەرەکانی مێژوو تەنها باسی کەمێکی زۆر کەمیان دەکات بەڵام ئەوەی راستە ئەوەیە کە ئەوانە پاڵەوان بوون بەئەرکی پرۆزی سەرشانی خۆیان هەستان و سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە.



هێڵکاری سەڵاحەددینی ئەیوبی




## توخوا رۆژنامە بخوێننەوە



بەرهەم عەلی

مەبەستم هەموو رۆژنامەیەکە، نەک تەنیا "رۆژنامە"کەی کۆمپانیای وشە، ئێوە تاقی بکەنەوە بزانن خوێندنەوەی رۆژنامە لەگەڵ نانخواردنی بەپەلەی بەیانیاندا چەند چێژبەخشە، سەیرە لە رووخسارێکی خەواڵوو و بێتاقەت و لە مێشکێکی ئاڵۆزەوە دەمودەست چاو و بیر و هۆشت دەباتە دنیایەکی نوێوە، دنیایەک کە زۆر دوورە لەو دێوەزمە و کابووس و خەونە ناخۆشانەی کە شەوی رابردوو، تامێسکیان لە دەموپلت هێنا، دوور لەو بیرکردنەوانەی بەر لەخەوتن تەنگەتاو و ئاڵۆزیان کردبوویت، دوور لەو پێوەندییە جارسکەرانەی مۆبایل کە دوێنێ شەوێ نەیانهێشت بۆ ساتێک بحەوێیتەوە، دوور لەو کلیپە سەقەتانەی لە تەلەفزیۆنەکاندا بینیتن.

لە رۆژنامەکەدا هەواڵ هەیە (چی رووی داوە و چی روو دەدات)، زانیاری هەیە، هونەر هەیە، وەرزش هەیە، سیاسەت هەیە، ئابووری هەیە، رۆشنبیری هەیە، دەیان بابەتگەلی دەوونی و کۆمەڵناسی و ئابووری و رۆشنبیری و شرۆڤەی رووداو و بۆچوونی جیا و شیعر و چیرۆک و تەنز و کاریکاتێر هەن. لەوێ (مەبەستم لاپەڕەکانی رۆژنامەکەیە) باس لە خەم و خواست و خۆشییەکانی تۆ دەکرێ، لەوێ ئەو شتانە دەبیستی کە دوێنێ نەتبیست، لەو بابەتانە ئاگەدار دەکرێیتەوە کە تۆ پێیان ئاشنا نیت، لەوێ رەخنەی ئەم و ئەو لەم و ئەو دەخوێنییەوە، کەموکوڕییەکان دەبینی، پرۆژە گەورە و بچووک و مامناوەندییە جۆراوجۆرەکانت پێ دەناسێنن، رێکلامی بازرگانی، هەواڵە سەیر و سەمەرەکانی دنیا دەبینی، ئاخر لەوێ شتێک نییە نەیبینی، رۆژنامە وەرزشی مێشک و کردنەوەی دەرگەی بیرکردنەوەیە لە رۆژێکی نوێ.

پێمسەیرەزۆرینەی گەنجی ئێستەی کوردستان، رۆژنامە خوێندنەوەیان نەکردووەتە نەریتێکی رۆژانەی ژیانیان، ئەگەر لە گەنجان بپرسی بۆ؟ لەم یەک دوو پاساوە زیاتریان نییە.

یەکەم: "پارەم لەکوێ بوو هەموو رۆژێک باوەشێ رۆژنامە بکڕم!"

دووەم: "جا رۆژنامەی کوردی چیی تێدایە تا من کاتی خۆمی پێوە بکوژم!"

سێیەم: "شتێکی پێویست نییە"

بۆ پاساوی یەکەم دەکرێ بپرسین: "ئەرێ بۆچی پارەی کارتی مۆبایل و جێڵی قژ و جگەرە و مەشرووب و جلی جوان و پیاسە هەیە و پارە بۆ رۆژنامە و کۆوار نییە؟!"

بۆ پاساوی دووەم تا رادەیەک لەگەڵتاندام، راستە رۆژنامە هەیە نەک هەر حەرامە پارەی پێ بدەیت، بگرە بەخۆڕاییش دەستت کەوێ تاقەتت نییە لێی بڕوانی، رۆژنامە هەیە کۆلکەنووسەران زیاتر کەس تێیدا نانووسن، رۆژنامە هەیە ئەوەندە وشکە، تەبیعەتت نایبات بۆ سفرەی نانخواردنی بەیانییانیش بەکاری بهێنی، گەندەڵچییان لەسەر گەندەڵی دەنووسن، عەیبداران باس لە عەیبەی خەڵک دەکەن، بێخەبەران خەبەر بۆ خوێنەر دەنووسن، لایەنگران لاف بەبێلایەنییەوە لێ دەدەن، فەریکە رۆژنامەنووس بوونەتە سەرنووسەر، بێ ئیحساسەکان شیعر بڵاو دەکەنەوە، بەڵام خۆ هەموویان وا نین، لە کوردستان هێشتا رۆژنامەوان و رۆژنامەگەلێک هەن شایانی ئەوە بن بەیانیان چاوێکیان پێدا بخشێنین و بەدەم چاخواردنەوە دوو بابەتیان لێ بخوێنینەوە.

لەم رۆژانەدا هەواڵێکم خوێندەوە باس لە بڕیارێکی حکوومەتی فەرەنسا دەکات کە لەبەر رۆشنایی پێشنیازێکی نیکۆلا سارکۆزیی سەرۆکی فەرەنسا، بۆ ئەوەی گەنجان روو لە خوێندنەوەی رۆژنامەکان بکەن، لە سەرەتای ئەمساڵ (٢٠٠٩)ەوە هەر گەنجێکی تەمەن (١٨ تا ٢٤ ) ساڵ بۆی هەیە بەدڵی خۆی رۆژنامەیەک هەڵبژێرێت و بۆ ماوەی یەک ساڵ لەسەر خەرجیی حکوومەت رۆژانە رۆژنامەکەی بەخۆڕایی وەر دەگرێت. ئەم هەواڵە دوو شتی گرنگی لا دروست کردم، یەکەمیان ئەوەیە کە نەخوێندنەوەی رۆژنامە تەنیا پەتایەکی کوردستانی نییە، دووەمیش ئەوەیە کە دەکرێ حکوومەت لەم حاڵەتانەشدا رۆڵ بگێڕێ.

## رای پێشوەخت

چەند ساڵێکە، بەشێک لە پەرلەمانتاران و رۆژنامەنووسان و رووناکبیران و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هاوار هاواریانە لەسەر ئەوەی کە بۆ پەرلەمان دەنگدانی بەدەستوری هەمیشەیی کوردستانی دواخستووە، بۆیە بەردەوام داوایاندەکرد پێویستە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان پەلەبکات لە راگەیاندنی دەستوور. ئێستاکەش هەمان پەرلەمانتار و رووناکبیر و سیاسی و رۆژنامەنووس، هاوار هاواریانە کە پەرلەمان نابێت پەلەبکات لە دەنگدان بەدەستوور. بەراستی کەوتووینەتەزەمانێکی زۆر خراپەوە، نوخبەی وڵاتەکەم هەر رۆژە و لە سەر ئاوازێک دەخوێنێت، دیارە ئەو بایەی ئێستاکەیان رووی لە ئیمتیازاتە و بەلای ئەمانەوە هەزارجار باشترە، بۆیە ئەمرۆ بوونەتە مەعارەزە و داوای چاکسازی دەکەن؟!!!. دەڵێن لەکاتی هەڵبژاردندا ریفراندۆمیش بۆ دەستوور دەکرێت، منیش دەڵێم واچاکە بەر لەوە بە تیراژی سەرەوەی ملیۆن لە شێوەی نامیلکەیەک دەستوور چاپبکرێت و بەسەر تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دابەشبکرێت، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان زانیارییان لەسەر مادده و برگەکانی ئەو دەستوورەدا هەبێت و ئێنجا ریفراندۆمی لەسەر بکرێت. پێمخۆش نییە هیچ سەرکردەیەک و سەرۆکێکی ئەم دنیایە بە هۆی کارەسات و رووداوی نهێنی و تیرۆرەوە گیان لەدەست بدەن، بەڵام وای بۆ دەچم ئۆبامای سەرۆکی ئێستای ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هۆی لێدوان و نزیکبوونەوەی لە وڵاتانی ئیسلامی و هەژارنشین و ئەو دەوڵەتانەی کە ناکۆکی ئایدۆلۆژی و بەرژەوەندییان لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکادا هەیە، بە تایبەتی لەسەر دۆستایەتی ئێران و فەنزوێلا و حەماسەوە روبەرووی لە ناوچوون ببێتەوە. هەرچەندە نازانم بە چ شێوەیەک لە ناو دەچێت، ژەهرخواردن، کارەساتی فرۆکە و سەیارە، تیرۆر هتد. بەس دەزانم لە نێوان ئیسرائیل و قاعیدەوە هەوڵێک بۆ لەناوبردنی هەیە؟!!!.


دڵزارحەسەن

لە ساڵی ئاییندەدا، پەکەکە واز لە خەباتی چەکداری دەهێنێت و تورکیاش دەچێتە نێو یەکێتی ئەوروپاوە. زۆرێک لەوانەی رەخنەدەگرن، یان بەشێوەکی تر بیڵێم توانج لە حکومەت و کارو پرۆژەکانی دەدەن. ئەوانە لە ئەشکەوت و ژێرەوەی زەوییەوە سەیری کوردستان دەکەن، هەشە لە ئاسمانەوە وێنەی شارەکانی هەرێم دەگرێت و لە جوانییەکانی رادەمێنێت. من هەردوو لایەنم پێ باش نییە، ئەوەی مەنتقییە بێگومان ئەو بینین و سەیرکردنانەن، کە لە ناو یەکە یەکەی شار و گەرەک و کۆڵان و دەروازەکانەوە دەنوارێتە سیمای کوردستان، چونکە ئەم روانینە دیدێکی واقیع بینانەیە. لێتان ناشێرمەوە چەند ژمارەیەک لەمەوبەر پێشبینیی ئەوەمکرد کە ئەحمەدی نەژدا دەبێتەوە بە سەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێران، واشدەرچوو. چەند پێشبینییەکی دیکەشمکرد، بێگومان هەروا دەرچوو. ئەمجارەش، راموایە مەسعود بارزانی بەزۆرینەی دەنگەکان دەبێتەوە بەسەرۆکی هەرێم و ئەوانی دیکەش لە ژێرەوەی سفری دەنگەکان دەهێنن. هەندێ رۆژنامە و گۆڤار هەیە لەبەر بێبابەتی نووسین لە سایت و ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت دەردەهێنن. جارێکیان سەرنووسەرێک لەبەر ئەو هۆیەی کە باسمکرد، نووسینێکی دەرهێنابوو، دوای بڵاوبوونەوەی ئینجا زانی ئەو نووسینە لەسەرخۆیەتی!!؟. دەک ماڵت بەقوڕگیرێ جەهالەتە. موسەوی سەرۆکی لیستی رۆفۆرمخوازەکان، داوای دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئێران دەکاتەوە. پێموایە دەشێ ئەژمارکردنەوەی دەنگەکان رووبدات، بەڵام دووبارەکردنەوە هەڵبژارنەکان قەت روونادات.


ریکلامی بازرگانی

**باڵەخانەیەک بۆ کرێ بێ سەرقفلانە**

باڵەخانەیەکی فرەنهۆمی روکن دەکەوێتەوە گەرەکی تەیراوە لە بازاڕی نوسینگەکانی عەقارات پشت قوتابخانەی خەنسای کچان و نزیک ژووری بازرگانی، بەرامبەر مزگەوتی ئەوقاف، پێکهاتووە لە ژێرزەمینێک و پێنج دوکان و قاعەیەک و چوار شوقە، بۆ نوسینگەی پارێزەران و دوکتۆران و کۆگای دەرمان و کۆمپانیاکان بەکاردێت، بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بە نووسینگەی پارێزەر حوسامەدین سەرداری بەژمارەی مۆبایل (٠٧٥٠٤٥٦٠١٧٦) بکەن.


# عەبدوڵڵا پشدەری: ٢٨ئازاری ساڵی ١٩٧٩ سەرۆک بارزانی کۆچی دوایکرد


عەبدوڵڵا پشدەری

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کەوا سەرۆک بارزانی ماوەی سێ ساڵ بوو لە ئەمریکا مایەوە چارەسەری نەخۆشییەکەی خۆی دەکردو دکتۆرەکانی ئەمریکا پێوەی خەریک بوون، تا ئەوەبوو زۆر بەداخەوە کەوا شەوی ٦/٥ی نیسانی ساڵی ١٩٧٩ تەرمی پاکی گەیشتەوە"تاران"، ئەوەی راستی بێت کۆچی دوایی ئەو مرۆڤە مەزنە بە زیانێکی زۆری گەلەکەمان گەلی کورد تەواو بوو و بۆشاییەکی هەرە گەورەی خستە ناو ریزەکانی گەلی کورد، بە رادەیەک کەوا زۆربەی زۆری شۆڕشگێران و هەڤاڵ و هاوسەنگەری خۆی کەوتنە حاڵەتی نائومێدی لە کێشەی کورد، چونکە ئەوکاتەی کەوا سەرۆک بارزانی کۆچی دوایی کرد بارو دۆخەکە نارێک وپێک بوو لە هەموو روویەکەوە چ سیاسی چ عەسکەری و هەروەها ئابووری، ئەوە بوو کەوا لەدوای رێکەوتنەکەی بەدناوی جەزائیر هیچ دەورێک و یان هیوایەک بۆ کوردی عێراق نەمابوو، تەنها هیوایەکەی کە هەبوو هەر وجودی مەلا مستەفا بوو و بەس،ئینجا، بۆیە نەمانی ئەو مرۆڤە ئەوەندە هیوایەشی لەناو برد، کەس هیچ بیری ئەوەی نەدەکردەوە، کەوا هیچ کەس جێگای سەرۆک بارزانی بگرێتەوە، یاخود کیشەی کورد جارێکی تر سەرهەڵداتەوە، بەهەر حاڵ سەرۆک بارزانی لە وڵاتی غەریبی دوور لە ماڵ و منداڵەکانی خۆی گیانی بە یەزدانی مەزن سپارد، تاکە کەسێک لە بنەماڵەی خۆیان هەر کاکە ئیدریسی کوڕی خوا لێ خۆش بووی لەگەڵ دابوو، ئەویش لەو کاتەدا کە گیانی دەرچوو ئامادە نەبوو لای، تەنیا هەر کاک موحسین دزەیی لەتەکی دابوو، خۆی لە پێشدا کاک مەسعودی کوڕی لەگەڵدا بوو، بەڵام ئەویان ماوەیەک دەبوو هاتبۆوە"ئەوروپا" و پاشان بۆ ماوەی سێ چوار رۆژ هاتەوە تاران، بە مەبەستی سەردانی ماڵ ومنداڵ و بەنیازی ئەوە بوو، کەوا بگەڕێتەوە ئەمریکا بۆلای باوکی، ئینجا لە پڕێک، هەواڵی کۆچی دوایی باوکی ئازیزی بە بروسکە پێ گەیشت و تەرمەکەیان پاش سێ چوار رۆژ بە مۆمیای"تحنیط"کراوی گەیاندەوەتاران، ئێمەهەمووکوردەکانی دانیشتووی شاری کەرەج لەگەڵ کاک مەسعودی کوریدا رۆیشتن بەرەو پیری لە فرۆکە خانەی"مهرئاباد"ی تاران وەرمان گرت، کاک ئیدریسی خوالێخۆش بوو و کاک موحسین دزەیی لەگەلیدا بوون، راستی هەموومان غەمناک و پەژارەداربووین، هەر ئەو کاتە تەرمەکەیان هێنایەوە"کەرەج" بۆ ماڵی خۆی، دەربارەی شوێنی بە خاک سپاردنی زۆر قسە کرا، ئەو لە کاتی سەرەمەرگدا رای سپاردبوو و وتبووی ئەگەر بشێت، ئەوا تەرمەکەی بنێرێتەوە"بارزان" ئەگەر ئەوەش نەکرا لە شارۆچکەی"شنۆ"ی کوردستانی ئێران بنێژرێت، ئینجا ناردنەوەی بۆ گوندی بارزان ئەوە بوو سابر بارزانی کوڕی خوالێخۆشبوو پەیوندی تەلەفونی لەگەڵ برای خۆی"عوبەیدوڵڵا" دا کرد بۆ بەغدا، وبۆئاگاداری‌خوێنەر"عوبەیدوڵڵا "ئەوکاتە"وەزیر الدولە بوو"لە کابینەی حکومەتی سەدام دا، ئینجا"عوبەیدوڵڵا" پاش قسە کردن لەگەڵ"سەدام" وەڵامی دایەوە وتی حکومەتی عێراق لاری نییە لەوەی، کەوا تەرمەکەی"بارزانی" بهێننەوە"بارزان" بەڵام بەمەرجێ کەوا خەڵک و قەرەباڵغی لەگەڵدا نەبێت، و ئەوە بوو کورەکانی بارزانیش حەزیان دەکرد خۆیان و قەڵەباڵغییەکی زۆر و بەشکۆ لەگەڵ تەرمەکەیدا بڕوات، نەک هەروا بەکرێ و سادەیی، ئیتر ئەوە بوو کە بریاری هەموو لایەک هاتە سەر ئەوەی، کە تەرمەکەی هەر لەگوندی شنۆی خاکی کوردستانی ئێران بشارێتەوە، بۆ ئەوەش کەوا پێویستی دەکرد کەوا چەند ئۆتۆمبێلی گەورە لە هەموو جۆرێک بۆ سواری خەڵک لەو کوردانەی پەناهەندەکە هاتبوون بۆ کەرەج پەیدا بکرێت، چونکە هەر ئەو شەوە خەڵکێکی یەکجار زۆر کۆبووبۆوە، دەیان ویست کەوا لەگەڵ"تەرمەکە"دا بڕۆنە"شنۆ"ئینجا بۆ ئەو مەبەستەش واتا مەبەستی پەیداکردنی‌ئۆتۆمبیلەکان‌ئەوەبوومنیان دانا پەیوەندی بکەم بەکاربەدەستانی حکومەتی ئیسلامییەوە، ئینجا پێشەکی تەلەفونم بۆ دکتۆر کەریمی سنجابی وەزیری دەرەوە"خارجیە"کرد بۆ ماڵەوە، چونکە کاتی شەو بوو هیچ کام لە کاربەدەستانی حکومەت لە دەوامی خۆیان نەبوون، دکتۆر سنجابیش لەهەموویان زیاتر بە دەنگی ئێمەوە دەهات، ئەویش لەوەڵامدا زۆر پەرۆشی بوونی خۆی پیشانداو وتی هەر ئێستا تەلەفۆن دەکەم بۆ معاونی سەرۆک وەزیر، کە ئەو کاتە دکتۆر"بازرگان" و معاونەکەشی"ئەمیر ئینتزام" بوو، بۆ ئەوەی هەرچی پێویست بێت بۆتان ئەنجام بدات، بەڵام دکتۆر سنجابی هەر لەتەلەفۆنەکەدا ئەوەشی درکاند و وتی ئێوە ئاگاداریتان هەیە لەوەی کەوا"عەبدولرەحمان قاسملۆ" سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەمووچەکدارەکانی خۆی کۆکردۆتەوەو نیازی ئەوەی هەیە کەوا رێگا بە ئێوە نەدات"تەرمی مەلا مستەفا" لە خاکی کوردستاندا بشارنەوە، منیش بە دکتۆر کەریمم وت ئەگەر ئێوە یارمەتیمان بدەن بۆ ئۆتۆمبێل و شت ئێمە هیچ ترسمان لە قاسملۆ نییە و ئەو ناتوانێت رێگە بە ئێمە بگرێت، ئەوە بوو"قاسملۆ" نێوانی لە گەڵ سەرۆک بارزانی و کورەکانیدا زۆر ناخۆش بوو و پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی خومەینیدا هەبوو ئەوکاتە، دواتر زۆر باسی لێوە دەکەم، بەهەر حاڵ دکتۆر کەریمی سنجابی زۆر مەردانەو کوردانە هاتە دەست، کارێکی وای کرد، کەوا"ئەمیر ئینتیزام"معاونی سەرۆک وەزیر لەجیاتی ئۆتۆمبێلی گەورەی نەفەرات، دوو هیلکۆپتەری گەورەی هەریەک "٣٥" نەفەری بۆ ئێمە رەوانە بکات، مەبەستی دکتۆر کەریم ئەوە بوو نەوەکو شەڕو ئاژاوە لەنێوان دوو لایەنی کوردی دروست بێت، کە ئەوەش کارێکی زۆر ناشیرنەو نا خۆشە، ئەوە بوو رۆژی"٦" ی نیسان تەرمی پیرۆزی بارزانیمان لە"کەرەجەوە"بەرەو"شنۆ" هەڵگرت و نزیکەی "٨٠" کەس دەبووین، جگە لەوەش خەڵکێکی یەکجار زۆر بە"پاسەی گەورە" رەوانە کران بۆ"شنۆ"، ئەوە بوو ئێمە بەسواری هیلکۆپتەرکانی گەیشتینە سەر شارۆچکەی"شنۆ" تەماشای ئەو دەشتە پان و بەرینەی "شنۆ"مان دەکرد زۆر لامان سەیر بوو، کەوا چۆن ئەو هەموو خەڵک و حەشیمەتە زۆرە لەو دەشتەدا کۆبۆتەوە، راستی وەکو گەڵای داران خەڵک کۆببۆوە بگرە لە سەر"پلی زەهاوە" وە هەتاکو"خۆ" و"سلْماس" واتا لە باشوور و باکوورەوە"کورد و فارس" هاتبوون بۆ بە شداربوون لە بە خاکسپاردنی تەرمی پیرۆزی بارزانی، ئەو هەموو حەشیمەتە بگرە تەخمینی بەملیۆن کەس‌دەکرا، ئێمە کاتێ لە فرۆکە هاتینە خوارەوە ویستمان بە"بەشان" هەڵیبگرین بۆ سەر گۆرستانەکە، ئیتر هێرشی خەڵک بە جارێ سەری لێ شێواندین و هەرکەس هەوڵی دەدا کەوا تەرمەکەی بۆخۆی هەڵبگرێت، لە هەموو لایەکەوە بوو بەتێک نوسان و پچر پچر کردنی ئەو پارچە قوماشە سەوزەی کەوا لە تەرمەکەوە پێچرابوو ئینجا ئێمە زۆر ترساین لەوەی کەوا نەکوو هێندەی پیاو خراپانی قاسملۆ لەناو ئەو خەڵکە دابن و تەرمەکەمان لێ برفێنن و شەرمەزار بین، هەر بۆیە ناچاربووین، کەوا تەرمەکە هەرچی زووتر بخەینە ناو ئۆتۆمبێلەوەو بیگەیەنینە گۆڕستانەکە ئیتر هەر چۆنێک بوو" تەرمەکەمان" لە هێرشی خەڵک رزگار کرد، راستی ئەو رۆژە من و مەلا محەمەد قادر زۆر ماندوو بووین، چونکە ئەگەر ئێمە نەبوونایە لەوانە بوو "کفنە" کەیان دەدری و لاشەکەیان بە تەواوەتی دەردەخست، ئەوەش هەمووی لەمەر سۆزو خۆشەویستی بوو لەرووی زاهیرییەوە، بەڵام ئێمە لە پیاوە خراپەکانی ناو کۆمەڵەکە دەترساین، چونکە دیار بوو هیچ کەسێک لە تاقمەکانی"قاسملۆ"بەشداریان نەکرد لە شاردنەوە و مەراسیمی"پرسە"کەدا، ئەو رۆژە لەکاتی ئێوارەدا بەخاک سپێردرا و هەموو ئاواتی چەند ساڵەی نزیک بەنیو سەدە کەوا خەباتی بۆ دەکرد هەمووی لەگەڵ خۆیدا بردە ژێر خاک و غەم و پەژارەی زۆریشی بۆ گەلەکەی بەجێ هێشت ئینجا من خۆم هەر لەسەر گۆرەکەی بارزانی دەستم بەرز کردەوە و وتم وا من هەر لەئێستاوە هەتاکو لەژیاندا مابم بریارم دا کەوا لەدوای مەلا مستەفا هیچ جۆرە لێپرسراوێتییەک وەرنەگرمەوە و لەماڵی خۆم دابنیشم و جارێکی تر بەلای سیاسەتدا نەچمەوە، چونکە من دەمزانی و لێم روون بوو کەوا پاشی سەرۆک بارزانی هیچ کەس وا نییە کە من بتوانم لەگەڵیدا بگونجێم و ئیشی لە گەڵدا بکەم.

بەشی حەڤدەهەم

تێبینی: سەبارەت بەمردنی خوالێخۆشبوو "بارزانی"، بە رەسمی لەلایەن بنەماڵەی بارزانی و پارتی ١٩٧٩/٣/١یە، بەڵام لە زۆر شوێنی دیکە باس لەوە دەکەن کە مردنەکەی ١٩٧٩/٢/٢٩یە، وادیارە مامۆستا عەبدوڵڵا پشدەری بەهەڵە ١٩٧٩/٣/٢٨ی نووسیوە.

بەدرخان

# عەلی حەسەن مستەفا: بارزانی چۆنی ویست کۆنگرەکە هەروا مایەوە بەبێ گۆڕانکاری


عەلی حەسەن مستەفا

کاک عەزیز گووتی بابچینە خێمەکەی خۆم ئیتر چووینە خێمەکەی خاڵە (عەزیز)و باسی رووداو و کێشەکانمان بۆکردو بانگی (ساڵح) بارزانی کرد، کە خێمەیەک لە تەنیشت خێمەکەی خۆیەوە بۆ ئێمە هەڵبدات و گوتی هەرچیان ویست بۆیان جێبەجێ بکە. ئێمەش زۆر دڵخۆش بووین و سوپاسمان کرد، لەوێش گوێمان لێ بوو، کە ملازم تاهیر خۆی تەسلیم بە (م.س) کردووە، بەوەش یەکجار ترسەکەمان بەتەواوی رەوییەوە، کاک (فارس باوە)یش تازە لەئێران گەڕابووەوە، بۆ ئێوارە هاتە لای ئێمەو سێ برای لە هەولێر کوژرا بوون (مەلا مستەفا) مقەدەم (عەزیز)ی ناردە لای بۆسەرخۆشی کردنی براکانی و تەراشیان پێکردو حەوت رۆژ مایەنەوە، دواجار چووینە گەڵاڵەو چۆمان بۆ بەستنی کۆنگرەی حەوت، هەر لقەو لە گوندێک جێی بۆکرایەوە لقی دوومان لە گوندی (رێزانۆک)بوو لای ئێمە ئەم چوار هەڤاڵە دەستنیشان کراین بۆ کۆنگرە

من وەک لێپرسراوی ناوچە
مەلا عومەر چلهەوێزەیی جێگر
د.مشیر حەمە غەریب قوتابیان
سەید عومەر شێخ مستەفا رێکخراوی حاجی قادر

کۆنگرەی حەوت دەستی پێ کرد، لە ١٩٦٦/١١/١٥ لە ناحیەی گەڵاڵە و چەند رۆژێک درێژەی هەبوو (شەوکەت عەقراوی) کە سەرۆکی هەموو ئەندازیارانی عێراق بوو عەریفی کۆنگرەکە بوو (مەلا مستەفا)ی پێشکەش بە ئەندامان کرد بۆ خوێندنەوەی وتارێک لە مەڕ دیاری کردنی ئەندامانی کۆنگرەکە گووتی:

چوار کەسم دیاری کردووە بەبێ هەڵبژاردن و ناویان ناهێنم. لەناو ئەندامانی کۆنگرەکەدا نارەزایی و بۆڵە دروست بوو، داوایان کرد، کەوا ناوەکان دەست نیشان بکرێت و نامەیەکیان دایە دەست (شەوکەت عەقراوی)و خوێندییەوە، کەوا ئەندامانی کۆنگرە دەیانەوێ ناوی ئەو چوار هەڵبژێراوە بزانن (مەلا مستەفا)ش ئەوەی زۆر پێ ناخۆش بوو، بەڵام لەئەنجامدا گووتی:

١- نوعمان عیسا بارزانی
٢- حەمەد ئەمین بەگی پشدەری
٣- سامی عەبدولڕەحمان
٤- دارا تۆفیق

لە ئەنجامدا نارەزایی زۆر پەیدا بوو، چونکە (سامی عەبدولڕەحمان) شیوعی بوو تازە پەیوەندی کرد بوو، چۆن خێرا هەڵبژێرا؟!. خوالێخۆش بوو (ساڵح شێرە) بە نوکتەیەکی خۆش وەڵامی خەڵکە نارازییەکەی دایەوە و گووتی: خۆتان بۆ ماندوو دەکەن، حزب حزبی خۆیەتی چی لێدەکات دەیکات.

ئەندامانی کۆنگرە بەم شێوەیە دەرچوون

حەبیب محەمەد کریم سکرتێری پارتی
دکتۆر محمود عوسمان م . س
ساڵح یوسفی م . س
نوری شاوەیس م .س
عەلی عەبدوڵڵا م.س
محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان ناسراو بە سامی م.س
مقدم عەزیز عەقراوی م.س
شەوکەت عەقراوی ک.ن
ئەحمەد جەرجیس
یەدوڵڵا کەریم فەیلی
مەجید ئەتروشی
ئیسماعیل مەلا عەزیز هیرانی
عەلی سنجاری
هاشم عەقراوی
حەمەدئەمین بەگ
نەعمان عیسا بارزانی
شەمسەدین موفتی
سەدیق ئەمین ئەفەندی
فاتح کەرکووکی
عەبدولوەهاب ئەتروشی
شێخ محەمەد هەرسنی
رەشید سندی
دارا تۆفیق

پاشی سێ رۆژ کۆتایی بە کۆنگرەکە هات و هەرکەس گەڕایەوە جێ و رێی خۆی و بارزانی چۆنی ویست کۆنگرەکە هەروا مایەوە بەبێ گۆڕانکاری، د.مشیر و ئیبراهیم واحید تووڕە بوون چونکە من و مەلا عومەر فیڵمان لێکرا لە هەڵبژاردن. من و (مەلا عومەر)یش بەبێکار ماینەوەو لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی خزمی خۆماندا گەڕاینەوە شوێنی خۆمان لەدەشتی کۆیە، بەهۆی بێ ئیشی ماڵمان گواستەوە بۆ گوندی سۆفی برایم، پاش ماوەیەک من کرامە یاریدەرەری بەتالیۆنی یەکی دەشتی هەولێر، ئەو دەمە هێز لە دەشتی هەولێر نەبوو، فارس باوە لێپرسراویەتی دەکرد سەر بە هێزی سەفین بوو . هەروەها من بەبڕیارێکی مەکتەبی تەنفیزی و بەشی دادوەری کرام بە حاکم، دادگای شۆڕشم لەناوچەکە پێکهێناو سەرپەرشتی زۆربەی زۆری ناوچەکانی تری وەکو ناو شاری هەولێر و کەرکووک و پردێمان دەکرد تا رادەیەکی زۆر باش توانیمان بەشێوەیەکی راست و دروست دادگاییەکانمان بەڕێوەبەرین، رەزامەندی تەواوی خەڵک بەدەست بهێنین و جێگای خۆمان بکەینەوە لە ناوخەڵک، بەڵام ئەوە هەندێک لە برادەرانی دڵتەنگ و هەراسان کردبوو . رۆژێک مقەدەم عەزیز و عەلی عەبدوڵڵا هاتن بۆ ناوچەکە و پێشووتر پێمان گوترابوو ئەوانە هاتینە بۆ گواستنەوەی ئێوە . ئەوانیش لەبەر دوو هۆ هاتبوون یەکێکیان بۆ ئەوەی رێ بگرن لە هەموو بەرهەڵستییەکی ئێمە یان دۆستانمان دووهەمیش بۆ ئەوەی وا پێشان بدەن، کە ئەوە بڕیاری سەرکردایەتییە، لێپرسراوەکانی ناوچەکەی ئێمە لێی خەبەردار نین و دەستیان تێدا نییە. کە بانگیان کردین فەرمانی گواستنەوەکەیان پێ ڕاگەیاندین، ئێمەش گوتمان جا چ پێویستی دەکرد ئێوە لەوێ ڕا بێن، هەر دەتانتوانی نامەیەک بنێرن، ئێمەش بڕیاری حزب جێبەجێدەکەین.

بەشی بیست و یەک

# ئەگەر دهۆک و سلێمانی بڕابێتەوە ...
# ئەوە هەولێر بەتەنێ هی پارتی نییە


مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان


مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق

**نازم دڵبەند**

بانگەشەی هەڵبژاردن لەم هەرێمە دەستپێدەکات. جیاواز زۆریش جیاواز لە ئەوانەی رابردوو، چەند لیستێک بەتایبەتی هەردوو لیستی"کاک نەوشیروان" و هەموویانەوە هاتنەخوارەوەی لیستی"کاک نەوشیروان"و لیستی"بارزانی"ییەکان، کە لەدواجاردا بوو بە ئەمری واقیع، چونکە بەلای"پارتی"یەوە تا ئێستاکە"نەوشیروان مستەفا"بە یەکێ لە سەرکردەکانی"ی.

کەسی"مەسعود بارزانی"و کەسایەتی خۆشەویستی نێو هۆزی بارزانییەکان و تا سنوورێکیش هی بنەماڵەو زۆر بەزەحمەتیش کەسانێکی ئەم بنەماڵەیە دژی ئەم بنەماڵەیە دەوەستنەوەو ئەوەی لەمێژووی بەرەو رووبەڕووبوونەوەشیان روویدابێ تەنها"عوبەیدوڵلای بارزانی"بوو، کە لەسەردەمی بەهێزی حوکمی"مەلا مستەفا" لە"گەلاڵە" ئەو"سەدام حوسێن"ی کردە پەناگەی خۆی، بەڵام رەنگە ئەگەر عومری درێژ بوایەو ئەو بارودۆخەش لەئارادابووایە ئەوە بێشک دەگەڕایەوە"سەری رەش" نەک"قەڵا چوالان". یان"ئەدهەم بارزانی"لەکات و سەردەمی خۆیدا لە ئێرانەوە حزبێکی دروستکرد بەناوی "حزب الله" بەپێی زانیارییەکانیش لەسەرەتای سەرهەڵدان لەسەر سنوورەکان بەتایبەت لە"حاجی ئۆمەران" خۆی بە بەدیلی "پارتی" دەزانی و زۆرجاریش دژایەتی سەرکردایەتی"پارتی"کردووە، بەڵام لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخەکان ئەویش گەڕایەوە بۆ نێو"ئەسڵ"کە بنەماڵەکەی خۆیانە، بۆ سەرکردایەتی"یەکێتی" هەمان بۆچوونی"پارتی"لەمەڕ "کاک نەوشیروان"ەوەو لەوە دەترسێ پێیانوایە"پارتی" لە"31"ی ئابەوە تا ئێستاش وازی لە بەربەرەکانی"یەکێتی"یەکان لە هەولێر نەهێناوەو لەهیچ فەرمانگەو کاری سەربەخۆ و هەموو بیرکردنەوەیەک رێگایان پێنادرێ وەکو شەریک مامەڵەیان لەگەڵ ناکات و تا بۆیانکرابێت ئاستەنگیان بۆ دروستکردوون. بۆیە بەپێی ئەم لێدوانە لاوەکیانەی ئەم خەڵکە "یەکێتی"یانە رەنگە دەنگ بۆ لیستەکەش ئەوەندە گەرموگوڕ نەبێت. لەناو هەوادارانی"پارتی"یش من بۆخۆم گوێم لێ بووە کابرایەک دەیگوت: من چۆن دەنگ دەدەمە لیستێک "جەلالییەکان"ی تێدابێت، چونکە تا ئێستاکە لەناو رێکخستنەکانی "پارتی"هەر زاراوەی"جەلالی "بەکاردەهێنن. کەواتە ئەمە ترسێکی گەورەیە بۆ ئەم هەڵبژاردنە و هەڵبژاردنەکانی ئایندەو "هەولێر"یش لەم هاوکێشانەدا"سەنگی مەحەکە"، بۆیە دەبوایە لەو ماوەی مۆرکردنی پەیماننامەی "ستراتیژی" کە من خۆم نە دیومەو نە لەهیچ رۆژنامەیەکیش خوێندوومەتەوە، بەزوویی بۆ خوارەوە شۆڕبکرابایەوەو لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەم"نەرم و نیانییەو بەدەنگ هاتنەی مام جەلال بۆ پێکەوە ژیانێکی ئەبەدی لەگەڵ پارتی بەتایبەت لەهەولێر حیسابێکی زۆر گرنگی بۆ بکرابایەو دەرگاکانیان بەڕووی یەکێتییەکان والاکردبایە، نەک زیاتر قفل بکرابایە"، چونکە دەبوایە ئەم راستییە بزانن هەولێر قەت بەتەنها نابێتە هی"پارتی". دەبوایە ئەوەندە دەرگاکان والا بکرابانایە ئەمڕۆ هەوادارانی"یەکێتی" بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەک و دوودڵییەک دەنگیان بە کاندیدو لیستەکەی خۆیان بدابایە. بەگوێرەی"یەکێتی"یش لە سنووری خۆی هەمان کاری بۆ هەوادارانی"پارتی"بکردایە ، هەرچەندە ئەوان رێژەیان کەمترە بەگوێرەی"هەولێر".

## تا ئێستاکە زاراوەی "جەلالی" لەناو رێکخستنەکانی "پارتی" بەکاردەهێنرێت

## دەبووایە "پارتی" بۆ نەرمونیانییەکانی "مام جەلال" حسابێکی گرنگی بکردایە، بەتایبەت بۆ "یەکێتییەکان"ی هەولێر

"ئیسلامییەکان"رکابەری بەهێزی لیستی"پارتی و یەکێتی"ن، کە لە هەڵبژاردنەکانی رابردوو ئەوەندە خەڵک بە"تەرەقوبە"وە چاوەڕێی ئەنجامەکانی نەدەکرد، چونکە دەیزانی تاکە لیستی مونافیسی ئەم دوو حیزبە ئیسلامییەکانن و ئەمەشیان لەلای هەوادارانی هەردوولا رەفزی بۆ هاتبوو و ئامادەنەبوون "پێ" لە حزبەکانیان بنێن بەهیچ جۆرێک، بەڵام ئەمجارەیان موعادەلەکان ئاڵۆزن، بەتایبەت لەلای هەردوو سەرکردایەتی ئەم دوو حزبەو ئەم ئاڵۆزییەش چۆتە ناو ناخی هەوادارانیانەوە، وا پێدەچێ ئەمەش بۆ چەند فاکتەرێک بگەڕێتەوە، لەسەرووی ن.ک"هەژمار دەکرێ و هیچ دیکۆمێنتێک ئەوە ناسەلمێنێ، کە ئەم پیاوە لەم حزبە دەرکرابێ، یا هەر هیچ نەبێ دوورخرابێتەوە، ئەمەشیان هەرچەندە ئێمەمان نەمانتوانیوە بچینە ناو ژوورە داخراوەکانی دیدار و کۆبوونەکانی ئەم دوو حزبە، بەڵام دڵنیاین لەوەی ئەم کێشەیە زۆر بەچڕی باسی لێوەکراوەو تا ئەو سەعاتەش باسی لێوەدەکرێ، کە رەنگە بەلای"پارتی"یەوە ئەم هاوکێشەیە گران بێت ئەویش هۆکاری زۆرەو زۆریش باسی لێوەکراوە.

هی دووەمیان: لیستی"بارزانی"یەکانەو ناوە سەرەکییەکانیش نزیکترین لەناو پەرلەمان ئەگەر ئەوان کورسی بهێنن، ئەوانیش وەکو"ئەدهەم"جارێکی تر بگەڕێنەوە باوەشی"ئەسڵ". کەواتە هەردوولا بۆچوونی خۆیان بۆ دوو لیست هەیە بەدەر لە هی ئیسلامییەکان.

بەڵام لەهەمووی ئاڵۆزتر لەو هاوپەیمانییەتییەی "یەکێتی و پارتی"کە بە ئاڵۆزییەکی زۆر گرنگ بەلای ئەوان و بەلای چاودێران و بەلای خەڵکی ئاساییەوە سەیر دەکرێ و حسێبی بۆ دەکرێ، ئەویش"چۆنیەتی دەنگدانی هەوادارانی ئەم دوو حزبەیە" بۆ لیستەکەی خۆیان و کاندیدی سەرۆکی هەرێم هی ئەوان"مەسعود بارزانی"یە، کە دەنگۆی شەقام و چاودێران وای دەبینن کە هەوادارانی هەردوولا هێشتا"تەڕەسوباتی" شەڕی ناوەخۆ لەلایان وشک نەبۆتەوەو هەر ماوە، تەنها لەنێوانی دوو سەرکردەکەو هەندێ لە سەرکردایەتییەکانی ئەم دوو حزبە دروستبووە، بۆیە زانیارییەکان وا دەگەیەنن کە زۆرینەی هەوادارانی دەنگدەر لە ریزەکانی"یەکێتی" ئامادەنین بەتایبەتی لەسنووری هەولێر دەنگ بە"مەسعود بارزانی"بدەن، بۆ زۆرکردنی دەنگەکانی لە بوونی بە سەرۆکی هەرێم، ئەمەش دوای فەرزکردنی دەنگەکان بەدەردەکەوێ و"پارتی"یش بەم مەسەلەی زانیوەو ئەم حەقیقەتەی درک پێکردووە، هەوادارانی دەنگدەر لە ریزەکانی"پارتی"یش بەتایبەت لەهەولێر و سلێمانی هەمان بۆچوونیان سەبارەت بە دەنگدان بە"لیستی کوردستانی"هەیە، چونکە بەپێی لێدوانە لاوەکییەکانی هەوادارانی یەکێتی کە نیوەی"هەولێر"پێکدەهێنێ،


نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان


کۆسرەت رەسول جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان

---

بیروبۆچوونی ئازاد

### مرۆ (١١١)

## پاراستنی زانیاری و زانیاری پێدان

به هەڵە تێمانمەگەن و مەبەستیشمان کارێک نییە کە دووربێ لە کاری رۆژنامەنووسی و خەمی شەقام و هاووڵاتیان، بۆیە دیسان دەیڵێمەوە مەبەست شتی بڤە نییە، نەخوازەڵڵا بیرتان بۆ ئەوە بچێ کە باسی دەزگای هەواڵگری و قەڵەمی قورمساغەکان دەکەین. نەخێر نەمەبەستمانەو نە دەشمانەوێ لەو چەند دێرەی کە بەنیازین بینووسین تەنیا مەسەلەکە پاراستنی زانیاری و زانیاری پێدان بۆ کێیەو چۆنیش لای خوێنەران دەکەوێتەوە. چونکە هەر تاکێک مافی خۆیەتی زانیاری لەسەر رەوشی کۆمەڵگا و کایەکانی"سیاسی و ئابووری و سەربازی و ئاسایشی نەتەوەیی و کۆمەڵگای مەدەنی...هەبێ" هەڵبەتە ئەوەش زۆر گرنگە کە قسە لەسەر شتێک بکەیت دەبێ بە زانیاری پوختەوە بۆی دەربچیت و لە ئەنجامدا مایە پووچ دەرنەچێ، چونکە چۆنیەتی وەدەستهێنانی زانیاری و ئەوانەش کە زانیاری دەدەن دەبێ بەپێی پرنسیپی رۆژنامەنووسی ناوەکە لای سەرنووسەر بپارێزرێ. خۆ پێویستە ئەو شوێنەو ناو و ئەو سەرچاوەی کە زانیارییەکان دەدەن ئینجا قەڵەمەکان سەر بە هەر دەزگایەکەیەکەوە بن هەندێجار لەوانەیە قەڵەمەکان قورمساغبن، هەردەبێ ناوەکان بپارێزێ و پاراستنیشیان دەبێ لە دەستێکی ئەمنیدابێ..

ئەگەر زانیاری بریتی بێ لەو هەواڵە یا لەو داتایانەی باسی گەندەڵی و ناعەداڵەتی و غەدرو خیانەت لە ژیانی هاوسەرێتی و تێکچوونی شیرازەی خێزان و هەرشتێکی دیکە، کە پەیوەندی بە چارەنووسی میللەتەکەتەوە هەیە یان بە زانست و هەموو ئەو نهێنیانە هەیە، خۆ دەشبێ پاراستنیان بەقەد ئەوەی زانیاری وەرگرتووە بپارێزێ..


حەمید ئەبوبەکر بەدرخان

ماوەیەکە گۆڤارە بڤەکان و ئەوانەی هیچ پیاوێکی شۆرشگێڕوخەباتکار و پێشمەرگەی دێرین نادوێنن و تەنیا مرۆڤە ناشیرین و پاشەڵ پیس و ئەوانەی دەستیان بەخوێنی گەلی کورد سوورەو یا پیاوە نەخۆشەکانی دەزگا سیخورییەکانی نێودەوڵەتی هان دەدرێن دژ بە سەرکردایەتی سیاسی کورد بنووسن. ئەو نووسەر و رۆژنامەنووسانە دێن و داوای وێنەو دیکۆمێنت و بابەتی ئەرشیفی و سەرچاوەکانی دیکە وەکو کتێب و ناونیشان و تەلەفۆن دەکەن. کە ئەو کتێبانەی ئەوان داوای دەکەن سوواون و هیچ سوودێکیان نییە بۆ کورد، ئەوانەش دوو مەبەستیان هەیە:

یەکەمیان: کە بابەتەکەیان بڵاو کردەوە لەگەڵ وێنەکە ئەگەر بەدڵی هەوادارانیان نەبوو، دەڵێن بەخوا ئەو وێنانەمان لەفڵان کەس وەرگرتووە، ئەوکاتە گومانەکە زیاتر لای ئەوان نامێنێ و دەکەوێتە سەر ئەوکەسەی کە سەرچاوە یا وێنەکەی پێداون.

دووەمیان: رۆژنامەنووسە ئازاد و ئەهلییە پرۆفیشناڵەکانیش هەردەم هەواڵەکانیان یا ئەمڕۆ بەناوی راپۆرتی شیکاری ئاوا دەنووسن" لە مەکتەبی سیاسی"ی. ن.ک" یا"پ.د.ک" کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ یا کۆمپانیای فڵان یا لەناو کۆبوونەوەکان بە هەفتەنامەی فڵانی رایگەیاند"، کە من دڵنیام زۆربەی زۆری ئەو شتانە درۆن و راستی تێدا نییە بۆیە برادەرێک بەم دواییە زیرەێ لێ هەڵساوەو لە نووسینێکیدا باسی کردووە، کەواتە هیچێکی راست نین و کاوێژکردنن و بۆتە مۆدە. ئەی بەوە دەڵێی چی راپۆرتێک برادەرێک بە ٣ جۆر و لەسێ بڵاوکراوە کە ناوەکانیان گۆڕیبوو بڵاوکردەوە..

ئەگەر بە ووردی سەیری هەندێ گۆڤاری دیکە بکەین دەبینین هەرشتێک دەنووسن لە ژمارەی داهاتوو روونکردنەوەیەک بڵاودەکەنەوە. خۆ هەموو خوێنەرێک باش دەزانێ مەبەست لەمە چییە، چونکە ئەو هەر لەسەرەتادا کە دەستیان پێکردووە بەبێ زانیاری و تەنیا زانیارییە سەقەتەکان وەردەگرن و قەڵەمە قورمساخەکانیشیان هەموو جار تووشی شەرمەزاری دەکەن، ئەتو بەمن ناڵێی کەی زانیارییەکانتان رووی مەجلیسی دەبێ! خۆزگە کۆمەڵگای کوردەواری لەئاست ئەو پاشاگەردانییە هەڵوێستی جددی وەردەگرێت.

# ئەنفلەوەنزای وشە

**جەوهەر مەولود پیرداود**

لەسایەی ئازادی و رەخساندنی بارودۆخی زۆر لەبار و گونجاو بۆ گەشەکردنی رۆژنامەو گۆڤار و پەیدابوونی نووسەر و رۆژنامەوانی بەتواناو لێهاتوو لە هەموو بوارەکانی رۆشنبیری گشتی بەڕاستی جێگای شانازی هەموو تاکێکی کوردن.

بەڵام ئەوەی سەرنجی ئێمەی راکێشاوە بەکارهێنانی وشەی بێگانەو سەرسوڕهێنەرە کە وشەی لەبار هەیەو کوردییەکی زۆر رەسەنەو هەموو تاکێک تێی دەگا. بەڵام زۆر لە نووسەرانی بەڕێز پەلاماری وشەی بێگانە دەدەن و بەکاری دەهێنن، بەڕای من ئەوەش دوو هۆکاری ناپەسەندن، یەکەم: شانازی بەزۆر زانی خۆی دەکات گوایە ئەم وشانە زۆر زۆر زانست ئامێزن و بەکارهێنانیان سەنگێکی تایبەت بە نووسەر دەدات. دووەم: یان ئەوەتا شارەزایی لە زمان و وێژەی کوردی و جوگرافیای وشە زۆر کەم لەتوانایدا نییە وشەی رەسەنی کوردی بدۆزێتەوەو بەکاری بێنێت. ئەوە بۆ هەموو رۆژنامەنووس و خوێنەری کوردی ئاماژە پێدەکەم، بەتایبەتی هەفتەنامەی"بەدرخان" کە لە ژمارە ١١٨ی ٢٠٠٩/٥/٢٢، لە لاپەڕە"٦" لە یەکەم ستوون بەناونیشانی"وەقایعی کوردستانی داماو" کە تەنها لەم نووسینە کەمە، وا وشە بێگانەکتان یەک بەدوای یەک بۆ دەنووسم. ئەگەر گونجا خوێنەرانی بەڕێز خۆتان سەیرێکی بکەن:

"١- **وەقایعی کوردستان. ٢- واقیعەتی.٣- مەعریفی. ٤- فاکتەر. ٥- نائەکتیف. ٦- زەمەن. ٧- غیابی هەیە. ٨- غیابی ئەفراندن. ٩- غیابی ئەکتیفی. ١٠- غیابی ئەدا. ١١- غیابی مەهام. ١٢- رەگەزی حەقیقەت. ١٣- زەینی و مەعریفی. ١٤- مەهامی رۆژنامە. ١٥- زمانحاڵ. ١٦- لایەنی نەگەتیف. ١٧- نا ئەکتیف. ١٨- چ عەقل و مەنتق. ١٩- قەبول. ٢٠- سیماو ئەدا. ٢١- پۆزەتیفی گشتی. ٢٢- زەلیلبوون. ٢٣- ستراتیژی. ٢٤- واقیعی رۆژنامە. ٢٥- رۆژنامەی وەقایعی کوردستان. ٢٦- پۆزەتیفی مەهام. ٢٧- مەهامی رۆژنامەکە. ٢٨- پێناسەی مەهامەکان. ٢٩- مادام ئەو رۆژنامە بە. ٣٠- بە مقابل. ٣١-پۆزەتیفی مەهامەکە. ٣٢- چەند زەرەرە. ٣٣- پۆزەتیفی فرۆشتن**".

بەڕاستی واقیعی رۆژنامەی کوردی ئەگەر نووسەری وامان خوا تەمەنیان درێژبکات، گەشە بکەن و زۆربن ئەنفلەوەنزایەکی سەخت و کاریگەرە بۆ وشەی کوردی جگەلە زۆر ناونیشانی تر وەک "نازەمۆڵ- مێگامۆڵ- نیوستی"و گەلێکی تریش. تەنها وشەیەکی تر هەیە لەم رۆژنامە لەبارەی گوندی نازەنین نووسراوە"لەبناری سەفین" گوندی نازەنین لەناو دڵی سەفینە نەک بنار، بۆیە دەڵێم نووسەر دەبێ شارەزایی جوگرافی هەبێ زۆر باشە.

# مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ دەتوانێت لایەنە ناکۆکەکان لە تورکیا کۆبکاتەوە بۆ گفتوگۆ !



مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق و باراک ئۆباما سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

**کازم دەباغ**

کورد وەک میللەتێکی کۆن لەمێژوو هەمیشە لەململانێی بەردەوام دابووە لەگەڵ نەیاران لەپێناو مانەوەی خۆی لەزێدی باوک و باپیرانی، لەم پێناوەشدا قوربانییەکی یەکجار زۆری بەخشیوە، ئەم ململانێیە زیاتر هەستی پێدەکرێت دوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی یەکەم لە (١٩١٨) و رووخانی دەوڵەتی عوسمانی دەوڵەتە زل هێزە سەرکەوتووەکان ئەم بەشە کوردستانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوو وەک میرات بەشیان کرد بەسەر عێراق و سوریا، کە لەژێر فەرمانڕەوایی خۆیان دابوو چەندین رێکەوتننامەی وەک سیڤەرو سایکس بیکۆو کۆنگرەی سان ریمۆو رێکەوتننامەی لۆزانیان بۆ بەشکردنی کوردستان ئیمزاکرد .

بەشێک لە خاکی کوردستانی تورکیا لە تورکیا مایەوە ئەمرۆ کورد لەم بەشە سێیەکی دانیشتوانی ئەم وڵاتە پێک دێنێت، کەچی لەسادەترین ماف، کە بەکارهێنانی زمانی زگماکی کوردییە بێ بەشن .

ئەم رەفتارانەی تورکیا بەرانبەر کپکردن و سەرکوتکردنی میللەتی کورد لەم بەشەی کوردستان وایکرد لەساڵی (١٩٨٣) (p. k. k) بڵێسەی شۆڕش و خەبات بەرزبکاتەوە و خەباتی چەکداری راگەیاند . وایکرد پێگەی تورکیا لەناوچەکە لاوازبکات و ژێرخانی ئابووری ئەم وڵاتە دابڕمێنێت ساڵانە (هەشت ملیار دۆلار) خەسارەتی تورکیایە لەم شەڕو ململانێیە، نزیکەی (٧٠ هەزار کەسیش ) بووە سووتەمەنی سیاسەتی توندوتیژی دەسەڵاتدارانی تورکیا .

دەسەڵاتدارانی تورکیا هیچ رێگایەکی توندوتیژی نەماوە، کە بەکاری نەهێنێت بۆ قەڵاچۆکردن و لەناوبردنی شۆڕشە ئازادیخوازەکەی، دوا ئۆپەراسیۆن هێرشە سەربازییە بەربڵاوەکەی ساڵی (٢٠٠٨) بوو، کە لەناوچەی زاب ئەنجامدرا لەگەڵ هێرشە ئاسمانییەکان بە بۆمبابارانکردنی بارەگاکانی (p.k.k) لەشاخی قەندیل و ناوچەی ئامێدی و برادۆست، تارادەیەک هێرشەکان بەربڵاوبوون بەفەرمانی پەرلەمانی تورکیا دووجار سوپای ئەم وڵاتە سنووری هەرێمی کوردستانی بەزاندووە و چەندین گوندی سنووری بۆمبابارانکردووە .

بەم دواییە سیاسەتمەدارانی تورکیا بۆیان ئاشکرابوو بەکارهێنانی هێزی سوپا رێگاچارە نییە بۆ چارەسەرکردن، بۆیە دەبێت بە ئاشتیانە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە بکرێت، خوالێخۆشبوو بەڕێز (تۆرگۆت ئۆزال) وەک سەرکردەیەکی تورکیا هەر زوو هەستی بەمەکرد، بۆیە یارمەتی بەڕێز سەرۆک کۆماری عێراقی فیدرال (مام جەلال تالەبانی) ئامادەیی خۆی خستە روو بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە بە ئاشتیانە، بەڵام مەرگ رێگای پێنەدا هەوڵەکانی پەکی کەوت . ئەم هەنگاوە فاکتەری ئومێد بەخشە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لەم وڵاتە .

ئەمرۆ لێپرسراوانی باڵای ئەم وڵاتە گەیشتوونەتە ئەم راستییە، کە دەبێت دۆزی کورد وەک دۆزێکی سیاسی و یاسایی و دەستووری مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێت .

هۆکاری بایەخدانی لێپرسراوانی باڵا بە چارەسەرکردنی پرسی کورد بەم گەرم و گوڕییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم پاڵەپەستۆو فشارەی، کە لەسەر تورکیایە لەلایەن (یەکیەتی ئەوروپا)، بۆ ئەوەی بتوانێت لەم دەرگایە بچێتە ژوورەوە، کە دەمێکە خەونی پێوە دەبینێت، چوونە ناو ئەم یەکیەتییە پێگەی تورکیا بەرزدەکاتەوە لەناوچەکە و بیروڕای ئەم (٢٧) وڵاتەی ئەندام لەناو یەکیەتییە بۆ لای خۆی رادەکێشێت، ئەگەر چی تا ئەم ساتە سەرۆکی فەرەنسا (نیکۆلا سارکۆزی) و راوێژکاری ئەڵمانیا (ئەرگێر مێرکل) دژی بە ئەندامبوونی تورکیان لە یەکیەتی ئەوروپا جگە لەمانە وەزیری دەرەوەی سوید (کارل بیڵدن) دوای مانگێکی دیکە دەست بەخولی سەرۆکایەتی یەکیەتی ئەوروپا دەکات رایگەیاندووە کێشەی بە ئەندامبوونی تورکیا کێشەی کوردە دەبێت چارەسەربکرێت . لەهەمان کات سەردانەکەی سەرۆکی ئەمریکا بەڕێز (ئۆباما) بۆ تورکیا راستییەکی دیکەی بارودۆخی سیاسی دا لەم وڵاتە هەرچۆنێ بێت باسکردنی پرسی کورد بەم گەرم و گوڕییە وەچەرخانێکی چاوەڕوان نەکراوبوو تادوێنێ نکۆلی لە بوونی میللەتێکی وەک کورد دەکرا، ئەمرۆ بوویتە باس لەسەر مێزی دیوانی سەرۆکایەتی تورکیا !!

راستییەک هەیە دەبێت ئاماژەی پێ بکرێت، پرسی کورد لە تورکیا کێشەیەکە ماوەی (٢٥) ساڵە ئەم وڵاتە پێوەی دەناڵێنێت، چارەسەرکردنی ئەم دۆزە تەنها بەسەرۆک کۆمارو سەرۆکی وەزیران ناکرێت، لێپرسراوانی سوپاو میدیاو راگەیاندنەکانی تورکیاش دەبێت هاوکارو پشتیوان بن، دەبێت هەنگاوەکان بەگەرم و گوڕی بهاوێژرێت، چونکە تورکیا لەبەردەم هەڵبژاردنێکی گشتی دایە بۆ گەڕانەوەی متمانەی کورد بەدادپەروەری (پارتی دادو گەشەپێدان).

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە (٢٠٠٩/٣/٢٩) بوو بە دەرسێک بۆ ئەم پارتە بۆ ئەوەی بەخۆیدا بچێتەوە دەسەڵاتدارانی باڵای تورکیا هاتنە ئەم قەناعەتە، کە کوردەکان دەنگیان بەناسنامەی خۆیاندا، وێرای پێشکەشکردنی ئەم هەموو خزمەتگوزارییە، ئەمە خۆی لەخۆیدا نارەزایی جەماوەر لە کوردستان دەردەخات .

پرسی کورد وەک پرسێکی سیاسی دوور لەناو و ناتۆرەی (تیرۆرو کێشەی باشووری رۆژهەلات ....هتد) دەبێت چارەسەربکرێت ئەمەی گرنگە تورکیا لەبەردەم بیرکردنەوە دایە بۆ دیتنەوەی ئەم رێگا و کەناڵانەی گفتوگۆ سازبکرێت، چونکە ناتوانرێت ئەم کێشەیە بنبڕ بکرێت بێ ئامادەبوونی (p.k.k) ئەمەی دڵخۆشکەرە ئەم گرفتەش تارادەیەک رێخۆشکەری بۆ کراوە، بەتایبەتی ماوەیەک لەمەوبەر رۆژنامەنووس (حەسەن جەمال) دیمانەیەکی لەگەڵ (موراد قەرەیلان) سازکرد، کە بەرپرسی دووەمە لەناو (p.k.k) ئەم بەرپرسە هەموو کەناڵ و دەروازانەی گفتوگۆو نزیک بوونەوەی خستبووە روو بۆ دەسەڵاتدارانی تورکیا وەک (زیندانی ئیمرالی) و (لە رێگای پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک) یا هەر رێگایەکی دیکەی خۆیان دەتوانن پلان و میکانیزمی بۆ دابنێن .

چەند مانگێک لەمەوبەر سەرۆکی تورکیا بەڕێز عەبدوڵلا گۆل بانگهێشتی سەرۆکی عێراقی فیدرال بەڕێز (مام جەلال تاڵەبانی) کرد بۆ دانانی پلانی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لەم وڵاتە هەر لەگەڵ بانگهێشتکردنی ئەم زاتە لێهاتووە شارەزایە بۆ کردنەوەی گرێ ئاڵۆزەکان لەلایەن سیاسەتمەداران ئاسۆیەکی روون بەدی کرا بۆ دانانی چارەسەری گونجاو بۆ کێشەیەک، کە هەشتا ساڵ زیاترە تورکیا دووچاری بووە جگە لە رووبەرووبوونەوەی (٢٥ ساڵ) چەکداری بۆ کورد شانازییە سەرکردەی لێهاتووی کارامای ئەوهای هەبێت ئەمرۆ تورکیا داوای ناوبژیوانی لێ بکات تەنها سەرۆکی کۆماری عێراقی فیدراڵ لە توانای دایە لایەنە نەیارو ناکۆکەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆبکاتەوە، ئەمەش بەهرەیەکە خودا پێی بەخشیوەو بۆتە فاکتەرێکی چالاک لە نێو کۆڕو کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان بە شاهێدی دۆست و دوژمن.

دەبێت گەورەو بچووکی ئەم میللەتە شانازی بە بەڕێز مام جەلال بکەن، چونکە ناسنامەی راستەقینەو ناسراوی میللەتی کوردە لە جیهان و دڵسۆزێکی راستەقینەی دۆزی کوردە لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان، ئەمەی پێویستە ئاماژەی پێ بکەین بۆ گەڕانەوەی متمانە دەسەڵاتدارانی باڵای تورکیا پێویستە لێبوردنێکی گشتی دەرکەن بۆ ئەوەی زەمینەیەکی لەبار بێتە پێشەوە بۆ گفتوگۆ لەهەمان کاتدا دەبێت (p.k.k) هەروەک چۆن چەندین جار یەکلایەنی ئاگر بەستی راگەیاند بەم شێوەیە رەفتار بکات چالاکی سەربازی رابگرێت، چونکە هیچ کێشەیەک بەتوندوتیژی چارەسەرناکرێت .

دەبێت لە دانیشتنەکان سوود لە گفتوگۆیەکانی سەرکردایەتی کورد وەربگیرێت، کە لەگەڵ حکومەتە یەک لە دواییەکانی عێراق کردوویەتی، ئەویش وەرگرتنی زەماناتە بۆ هەر کارێک، کە بڕیاری لەسەر دەدرێت باشترین زەماناتیش چەسپاندنی داواکارییەکانە لە ناو دەستووری ئەم وڵاتە .

# کۆمەڵگای یاسایی

کۆمەڵگای یاسایی خاوەنی ئەم ناسنامەیە، کە بەکۆمەڵگای دەستە جەمعی و جەماوەری دەناسرێتەوە، کۆی چەمکەکانی سەردەمیانەی تیادا خولقاوە و رێکخراوە، دیارە بەپێی پرینسیپی ئەم چەمکانەهەمووکات رێکخستنێکی گشتگری بوونی هەیە تا ئەو ئاستەی کردەو چالاکییەکانی سەرجەم تاکەکان دەخاتە بەر پرسەوە. دەشێ بڵێین کۆمەڵگای یاسایی گەلێک رەهەند لە خۆ دەگرێ، سەرجەم ئەم رەهەندانەش پەیوەندی بەژیانی کۆمەڵگاوە هەیە، بۆیە ئەولەیەت دەدرێت بەخودی یاسا بۆ رێکخستنی ژیانی هەر کۆمەڵگایەک، ئەگەر بیەوێت ژیانێکی ئاسودە و تەندروست بۆ ئەو کۆمەڵگایە فەراهەم بکات، بۆیە مێژووی رێکخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو بەرچاو روونییەمان پێی دەبەخشن، کە شێوەی رێکخستنی خودی ئەم چەمکانە لەرێگەی یاساوە دەبێت بۆ دروستکردنی کۆ مە ڵگا یە کی یاسایی، ئەویش بە بەشداریکردنی تاکەکانی لە د ر و ستکر د ن و دارشتنی بڕ یا ر ە کا ن ، دواتر جێ بەجێ کردنی، بێگومان هەر بریارێکیش بەم شێوازو فۆرمە دروستبوو لەسەر بنەمای سیادەی جەماوەری دەبێت، واتە سیادەی تاکەکان، مەدلوولی ئەم واقیعە پۆزەتیڤە ئەوەیە تاکی یاسایی بەرهەم بێت و مومارەسەی سیادەی یاسایی خۆی بکات، ئەوساش کۆمەڵگا لە سیادەی یاسای بەرونی حاڵی دەبێت. ئەم کارە قورس و هەستیارە بۆ بنیادنانی کۆمەڵگایەکی یاسایی ئەزموونێکی جدی دەوێت، بەتایبەتی بۆ کۆمەڵگای ئێمەمانان، چونکە تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێت تاکی نەک هەردەستبەرداری مافەیاساییەکانی خۆی بووە، بەڵکو لەناخی ئەودا ئەو هەستە وەکو پێویست بوونی نییە، ئەمەش گەورەترین خەلەلە لەمافی کەسی و سیادەی کەسی، ئەمەش پێی دەڵێن لەدەستدانی ئیرادە، رەنگە ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە سایکۆلۆژیەتی تاکی ئێمەوە هەبێ کە پرۆسەی چەسپاندن تاسەرئێسقان بەسەریدا زاڵە، بەپێچەوانەوە دارشتنی بڕیارەکانی ئێمە درێژپێدەری هەمان حاڵەتە، کە بەردەوام چەند کەسان و دەستەبژێرێک، زمانحاڵی سەرجەم تاکەکانە، کەواتە خواستی تاک نائامادەیە، میزانی تاک نائامادەیە، عەقلی دەستەجەمعی نائامادەیە، لەبەرامبەریشیدا عەقلی دەستە بژێرێک و میزاجی چەند کەسێک بەسەر کۆی بڕیارەکان فەرزدەکرێت، نموونەیەکی زیندوو و خواستی دەسەڵات و سەرمایەداری زیاتر لەهەر یاسایەک لە یاسای بازرگانی و وەبەر هێنانە، کەچی سێ لەسەرچواری تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمەیە سوودمەند نییە لەو هەموو جولە بازرگانییەو کەمالیاتەی، کە بازاڕی ئێمە کۆنترۆڵ کردووە، ئایا ئەمە تەنها دەرچوونی یاسا نییە بۆ کۆمەڵە کەسێک لەناوەڕۆکدا.



تارق مستەفا ئەحمەد

# حاجی مەمۆ: بۆ یەکەم جار لە مێژووی شاری هەولێر تابلۆکان بەکوردی هەڵواسران



حاجی مەمۆ

ساڵی چوارەمی گشتیم لە ئامادەیی هەولێر تەواوکرد، بەڵام چ تەواوکردنێک، تازە خەریک دەبوو لەگەڵ ڕۆشنایی ژیان ئاشنا دەبووم، هەر کتێب و سیپارەیەکی کوردیم بەرچاوبکەوتایە، بە هەزار و یەک هەوڵی خراپ و باش، پارەم پەیدا دەکرد و دەمکڕی، لەو ڕۆژانەدا باری گوزەرانی ژیانمان زۆر خراپ بوو، دوکانەکەی باوکم بەهۆی دەست بڵاوی من لەلایەک و کۆمەکی باوکم بە ماڵە کادیر و پێشمەرگەی پەرپووت ببووە وێرانە، بۆیە بەناچاری باوکم بۆ شەوانەش کاری دەکرد، بۆ ماوەی چەندان ساڵ وەک حەس حەسی شەوان دەست بەکاربوو، منیش لەگەڵ خوێندنی ڕۆژێ و کاری حزبی و قوتابیان، شەوان لەسەعات یەکی شەوەوە دەچووم لە فڕنی سەموونی ناسیاوێک لەلای مەرقەدی (شێخەڵڵا) هەتا شەشی بەیانی کارم دەکرد و زۆرجاران لە ڕۆژانی هەینی و وچانەکاندا لەسەر جادە سەموونم دەفرۆشت، کە یەکجار پێی قەلس دەبووم و زۆرجاران سەبەتە سەموونم لەسەر جادە بەجێدەهێشت، دەبوایە دایکە کلۆڵەکەم لەگەڵ خوشکەکانم بچن سەرپەرشتی بکەن، لەوێ ڕۆژگاردا بەبێ ئەوەی من و باوکم بەیەکتری بزانین، هەر یەکەمان لەگەڵ لایەنێکی پارتی بووین، سەرەتا باوکم لە ژێرەوە لەگەڵ ڕێکخستنەکانی پارتی و سەرکردایەتی بارزانی کاری دەکرد، زۆرجاران پرێسکەو ئەدەبیاتی قاچاغی بە من دابەشدەکرد، تاکو جارێکیان لێی کەوتمە گومان نامەیەکی پێچراوم کردەوە بە مەسەلەکەم زانی و لەماڵەوە بووە دەمە دەم و هەرامان و زۆرم لێدان خوارد، بەڵام لەو سەرو بەندەدا، دیاربوو لە ڕێگای چەند ناحەزێکەوە، ڕۆژێکیان من دوکانم کردەوە، نامەیەکی هەڕەشاویان فڕێدابووە دووکانەکەمان، بەو بیانووەی من کوڕە گەورەی (شێخ محەمەد) جەلالیم و دەبێ واز بهێنم، دەنا دەکوژرێم، ئیدی باوکم، کە نامەکەی دیت، زۆر پێ تێکچوو، یەکسەر لە ڕێگای ڕێکخستنەکانی خۆیەوە، چووە بیستانە و بە یەکجاری وازی لە پارتی و حزبایەتی هێنا، جارێکی دیکە ناوی ڕێکخستنی پارتی بەسەر زمانیدا نەهات و تەرەبوو، چیتریش شەڕی لەگەڵ من نەدەکرد و زۆرتر دەستم واڵابوو، کە درێژە بە خەباتی سیاسی ڕێکخراوەیی خۆم بدەم.

لەوێ ڕۆژاندا بە هۆی چالاکی و زیادکردنی ئەندام و هەوادار لە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بە تایبەتی، ئەوجا ڕێکخستنەکانی حزبی، تاڕادەیەکی دیار بەرەو پێشەوە چوو بووم، لەناو قوتابیان وەک ئەندامی لێژنەی شار دەست بەکاربووم، بەرپرسی ئامادەیی هەولێر و دواتر ئامادەیی ئازادی و ناوەندی برایەتی بووم، لەو برادەرانەی لەبیرم ماون بۆ لێژنەکانی ئامادەیی هەولێر بریتیبوون لە: (هۆشیار فەتاح و جەلال تاهیر و سدقی ئامێدی و مەهدی کاوانی)، ئەو دەم قوتابیانی ئامادەیی هەولێر وەک توێژێکی گەنجانی شاری هەولێر هەوێنی خەباتی کوردایەتی بوون، سەرباری هەندێک بینەو بەردەی نادروستی حزبایەتی، کە تازە بە تازە خەریکی فەریک دەرکردنی سەرەتاکانی پاشاگەردانی و یەکتر نەخوێندنەوەو دیاردە دزێوەکانی نێو کۆمەڵی کوردی بوو لە هەولێر، قوتابییەکان بە گشتی لە پەیوەندییەکی قوتابیانەی دروست دەژیان، یەکێتی قوتابیانی کوردستان بە هەردوو باڵە ئاشکرا (پارتی باڵی م.س) و باڵی نهێنی و شاراوەکەی (باڵی پارتی و بارزانی) شان بەشانی یەکێتی گشتی قوتابیان سەر بە (حزبی شیوعی) و چەند قوتابییەکی تاک و سەر بە بەعسییەکان لە ئامادەیی هەولێر وجوودی هەبوو، یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە هەولێر لقی هەبوو، کە (جەمیل ڕەنجبەر) بەرپرسیاری بوو، ئەوەی لەبیرم مابێت ئەندامانی لقی قوتابیان بریتی بوون لە (سەعدوڵڵا پەرۆش، هیوا سەرهەنگ، نوێنەری قەزاو ناحیەکان، دواتر هۆشیار عەزیز هەرکی بۆ زیاد بوو، هەروەها کۆمیتەی لێژنەی شاری هەولێر بێجگە لە: (سەعدوڵڵا پەرۆش، هیوا سەرهەنگ، هۆشیار عەزیز، بەندە و هۆشیار فەتاح و جەوهەر مستەفا"کرمانج" و موحسین حەمەدەمین مورتکەیی) پێکهاتبوو، کە دیسانەوە جەمیل ڕەنجبەربەرپرسیکۆمیتەکەبوو، دیارە ئەو ڕێکخراوەی ئێمە لە سێبەری چەکداربوونی ئاشکرای پێشمەرگەکانی باڵی (م.س) لە هەولێر و هەبوونی بارەگای ئاشکرا، باردۆخی کارکردنمان باشتر بۆ ڕەخسابوو، لە خەباتی ژێر زەمینەوە کەوتبووینە خەباتی ئاشکرای بەرچاوی خەڵک، لەبیرمە یەکێک لەو کارە باشانەی ئەوێ ڕۆژێ، بە پشتیوانی ڕێکخستنەکانی پارتی، خۆمان ئەنجامماندا، هەڵمەتی بە کوردی کردنی ئەو تابلۆ و ناونیشانانە بوو، کە دوکاندار و کۆگا و کۆمپانیاکان بە عەرەبی هەڵیان واسیبوو، بە ماوەی مانگێک لەسەرتاسەری ناو شاری هەولێر، بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەم شارە، زۆربەی هەرە زۆری ئەو ناونیشانانە بە زمانی کوردی بەسەر شوێنەکان هەڵواسران.

من کە بوومە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، دەبوو بەشی وێژەیی یاخود زانستی هەڵبژێرم، بەبێ ئەوەی بەماڵەوەشمان بڵێم، هەر بە نیازی ئەوەی، کە ئامادەیی تەواو بکەم، بچم لە کۆلێژی یاساو ماف بخوێنم بەشی وێژەییم هەڵبژارد، دەربارەی ئەوەی لە تاقیکردنەوەکانی ساڵی چواری گشتی نمرەکانم لە هەموو وانە زانستییەکان باشتر بوو لەوانە وێژەییەکان، کە دواجار ئەو لێژنەیەی مامۆستایان لە ژووری مامۆستای هێژا فاروق خەلیفە دیدەنیان لەگەڵ کردم، زۆریان هەوڵ لەگەڵدام، کە پەشیمان ببمەوە و بچمە بەشی زانستی، کەچی هەر ئەوەی خۆم هەڵبژارد.

لەساڵی شەشەمی ئامادەیی بووم، مەسەلەی هەڵبژاردنی ناو خۆمان لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان هاتە گۆڕێ، نوێنەرانی سکرتاریەتی قوتابیان بۆ سەرپەرشتی کردنی کۆنفرانسی ناوخۆیی هەولێر هاتبوون، کە بریتی بوون لە: (فازل مەلا مەحمود و دارا شێخ نوری و شاسوار جەلال)، کۆنفرانسەکە لە هۆڵی گەڵ بەسترا، ئەو دەمە نێوان بەندەو کاک جەمیل ڕەنجبەر تا ڕادەیەک سارد بوو، بەهۆی ئەوەی جەمیل ڕەنجبەر بە فەرمانی لقی پارتی هۆشیار عەزیز و هیوا سەرهەنگی کردبووە ئەندامی لقی هەولێر، بەبێ ڕەزامەندە کۆمیتەی شاری هەولێر، من و موحسین حەمەدەمین بە پلەی یەکەم ڕەخنەی توندمان گرت، بە نارەوامان لە قەڵەم دا، (جەمیل ڕەنجبەر و سەعدوڵڵا پەرۆش، کە لەژیان ماوە بە دڵەوە ئەو سەرنجانەی ئێمەیان پێ دروست بوو، بەڵام بەبێ ئەوەی ڕاشکاوانە ئەوە بە ئێمە بڵێن، کە لە شوێنێکی حزبی ئەو بڕیارە دراوە، بەتایبەت کاک جەمیل لە گەڵ من کەوتبووە ناتەبایی، چونکە من ئامادە نەبووم بەشداری کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی شار بکەم، ئەوەبوو لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکە هەموومان لەگەڵ ئەندامە هەڵبژاردراوەکانی کۆنفراس ئامادە بووم، کاک جەمیل بەپێی ڕێنمایی و لقی پارتی هەولێر، گەرەکی بوو بۆ دیاریکردنی نوێنەرەکانی قوتابییەکانی هەولێر بۆ کۆنگرەی یەکێتی نیشتیمانی قوتابیانی عێراق، ئێمە پەراوێز بکات و هەروا بۆخۆی لیستێکی ئامادەکراوی پێشینەی پێشنیازکرد، کە بەبێ هەڵبژاردن لە کۆنفرانس دەنگی لەسەر بدرێ، کە ناوی (بەندەو موحسین حەمەدەمین)ی تێدانەبوو، ئێمە ئەوەندەمان بەلاوە گرنگ نەبوو، بەڵام لێرەدا (شاسوار جەلال و فازڵ مەلا مەحمود) بەریان لە هەنگاوەکە گرت و لەو دوو ڕۆژەی کۆنفرانسەکەدا و خوێندنەوەی ڕاپۆرتی نوێنەران و دەرکەوتنی چالاکییەکانی ئێمە، تا ڕادەیەک باش شارەزابوون و لە پێشەوە ئەو پێشنیازەی (جەمیل ڕەنجبەر) و پێشنیازی ئەوەی ئایا لەناو نوێنەران بە هەڵبژاردن نوێنەر دیاری بکرێت خرایە دەنگدان، پاش هەندێ ناڕەزایی لەلایەن جەمیل و چەند کەسێکی دیکەوە، دەنگدان بە ئاشکرا کرا و ئەوان دۆڕاندیان، بێجگە لە (جەمیل و هیوا سەرهەنگ و هۆشیار عەزیز) دەنگێکی دیکەیان نەهێنا، زۆربەی زۆری نوێنەران دەنگیان بەو پێشنیازە دا، کە بە هەڵبژاردن نوێنەرەکان دیاری بکرێن، بۆ یەکەمجاربوو لە هەولێر چەند قوتابییەکی کچ، کە ناوی یەکێکیانم بیرماوە ناوی (خوناو تەها) و کچە برایەکی کاک (تەها فەقێ یوسف) بوون، لەپاڵ بەندە و موحسین کەریم و هۆشیار فەتاح، وەک پێنج نوێنەری ناو شاری هەولێر. ئیتر ئەو هەڵوێستەی کاک (شاسوار جەلال) بەتایبەت بووە مایەی ئەوەی لە ساڵی (١٩٦٩)ـەوە پەیوەندییەکی هاوڕێیانەمان لە نێوان هەڵبقوڵێ و بۆ دواتر ڕۆژ بەدوای ڕۆژ زۆرتر و گەرمتر بەرەو پێشەوە چوو.

**بەشی بیست و حەوت**

# باهۆز - کۆمەلا تێکۆشەرێن کوردستان

**فەخرەدین تاهیر**

بەگوێرەی لاپەڕەی یەکەم و تەواوی ناوەڕۆکی بڵاوکراوەی (باهۆز) و ئەم ژمارەیەی لە بن دەستی مندایە، کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لەنێو ئەرشیفە پەرتوبڵاوەکەی خۆم دۆزیمەوە. ئەم ژمارەیەش دەمێک دەبێ لە شاری ستۆکهۆڵم لە ئەرشیفی برادەرێک دۆزیومەتەوە، مخابن ناوی ئەو بەڕێزەی ئەم بڵاوکراوەیەم لەلای دۆزیوەتەوە، لەبیرم چووە، ناوی لەلای خۆم تۆماربکەم، کە لەئەرشیفی ئەودا پەیدام کردووە.

ئەوی شایەنی گوتنە لە دەرەوەی کوردستان هیچ دەزگایەکی ئەرشیف کردنمان پێشتر و ئێستاکەشی لەگەڵدا بێ نییە، ئەگەر هەشبووبێ لەسوید نەبووە، بەڵام لەوانەیە لە وڵاتی دیکەدا هەبووبێ کە ئەمن نەمدیون. من بەشبەحاڵی خۆم تەواوی ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاڤۆکەکانم لە ئەرشیفی شەخسی ڕۆشنبیرانی کورد لە دەرەوە بەدەستخستووە و هەندێکی کەمیشیان نەبێ، لە ڕێکخراوە کوردی حیزبی و ناحیزبی و زێدەتریش لەنێو ڕێکخراوەکانی کولتووریی کوردی باکوورم پەیدا کردوون. بەشێکیشیان لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا خۆم ئابوونم لەگەڵیاندا هەبووە.

ئەز پێشتر لەسەر باهۆز و چەند گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی تر بە دوو وتار لە گۆڤاری ڕامان و وتارێک لە ڕۆژنامەڤانیدا بڵاوکردۆتەوە و دواتریش هەموو ئەو بابەتانەی پێشتر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاومکردونەتەوە لە کتێبی خۆم بەسەرناوی (ڕۆژنامەی سۆڤیەت کوردستان بیبلۆگرافیا و شرۆڤە) کە لەلایەن دەزگای خەندان بۆ پەخش و وەشاندن لەساڵی ٢٠٠٦ لە هەولێر دا، چاپ و بڵاوکرایەوە.

بێگومان پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر دوای ڕاپرسی لەگەڵ هەندێک لە نووسەر و ڕۆشنبیرانی کوردی باکوور کردومە و لەدەرئەنجامدا بۆم ڕوونبۆتەوە کە باهۆز گۆڤارێ بووبێ، بەڵام ئێستاکە دوای دۆزینەوەی دانەیەک لە بڵاوکراوەی باهۆز لە ئەرشیفی خۆم بۆم دەرکەوت کە ئەو دانەیە لەسەر لاپەڕەی یەکەمیدا بەم شێوەیەی لەسەر نووسراوە:

• باهۆز لەنێوەڕاستدا بەخەتێکی درشت نووسراوە و لەلای ڕاستی پووشپەڕ ١٩٧٠ و لەلای چەپی JULY١٩٧٠ نووسراوە.

لە ژێریشەوە نووسراوە: کۆمەلا تێکۆشەرێن کوردستان

بەزمانی ئینگلیزیش ناوی کۆمەڵەکەیان بەم شێوەیە نووسیوە:

ORGANIZATION OF KURDISTAN STRUGGLERS

• باهۆز زێدەتر لە بڵاوکراوە دەچێ نەک لە گۆڤار، هەموو لاپەڕەکانی بەسەر یەکەوە ١٤ لاپەڕەی 4A یەو واپێدەچێت چەند لاپەڕەیەکی پێوە نەمابێ. ١٢ لاپەڕەی هەر لەلاپەڕە یەکەوە بەزمانی ئینگلیزی دەربارەی زوڵم و زۆرداری لەشکری تورک دژ بە کوردانی باکوور و ڕەوشی سیاسی بەهاری ساڵی ١٩٧٠ی باکووری کوردستانی وەک شرۆڤەکارییەک بۆ ڕای گشتی سوید و وڵاتانی دیکەی ئەوروپایی خستۆتە ڕوو. دوو لاپەڕەکەی دیکەش پەیڕەوی نێوخۆی کۆمەڵەی تێکۆشەرێن کوردستان بەزمانی کوردی شێوەزاری کرمانجی ژوورو و بەئەلفوبێی لاتینی بڵاوکردۆتەوە. بەگوێرەی بڕگەی یەکەمی پەیڕەوی نێوخۆیی ئارمانج لە دامەزراندنی کۆمەڵەکەیان بۆ کۆکردنەوە و یەکتری ناسین و لەیەک نزیکردنەوەی خوێندکاران و کارکەرانی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان هاتۆتە کایەوە.

• زمانی بڵاوکراوەی باهۆز ئەو دانەیەی لەلای منە، بەزمانی کوردیشێوەزاریکرمانجیژوورو و بە ئەلفوبێی لاتینی و زمانی ئینگلیزی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. بەڵام بە گوێرەی نووسینێکی مەحموود لەوەندی کە لە گۆڤاری ئارارات لە ژمارە (٣–٤)ی ساڵی ١٩٩٨دا، بڵاویکردۆتەوە، تەنێ نووسیویەتی: (باهۆز، سوید، گۆڤار١٩٧٠، تورکی–کوردی). بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لاوەندی واپێدەچێت بە ڕاپرسی و بەدواداچوون بەدەستی کەوتوون، ئەگەرنا لەمێژبوو ئەو دانەیەی لاوەندی باسیلێوەکردوە، بڵاویدەکردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەو بۆمان دەردەکەوێت، کە بڵاوکراوەی باهۆز چەند ژمارەیەکی دیکەشی لێ دەرچووبێت.

• ئەگەر سەرنج لە ئەو ژمارە بڵاوکراوەیەی باهۆز بدەین بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە هیچ نەخشەسازیکی ڕۆژنامەوانی تێدا ئەنجام نەدراوە، تەنێ وەک بڵاڤۆکێکی سادە و ساکار لە مانگی تەموزی ساڵی ١٩٧٠ دا، بڵاوکراوەتەوە.

• شوێنی دەرچوونی بڵاوکراوەی باهۆز ئەدرێسی شاری ئۆپسالای سویدی لەسەر نووسراوە.

• بڵاوکراوەی باهۆز ناوی سەرنووسەر و دەستەی نووسەران و هیچ نووسەرێکی بەسەرەوە نییە.

ئەوی جێگەی گوتنە دوای ٣٩ ساڵ لە دەرچوونی بڵاوکراوەی باهۆز لە سویددا، ئێستاکە بەندە بۆ یەکەمین جار نموونەیەک لەم ژمارەیە وەک خۆی بڵاودەکاتەوە.

سوید ٢٠٠٩

**سەرنج و بەدواداچوون:**

لەڕۆژنامەی بەدرخانی ژمارە(١١٩)ی حوزەیرانی ٨ / ٦ /٢٠٠٩ و لەلاپەڕە (٧)دا، بابەتیکم بەسەرناوی (ستێرکا سۆر) بڵاوکردۆتەوە، لەدوا دێرەکانیدا نووسیومە: دوای بەدواداچوونێکی زۆر بۆم ڕووننەبۆتەوە چەند ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە، بەڵام لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو و گەڕان بەنێو ئەرشیف و نووسراوەکانی خۆمدا بۆم ڕوونبۆوە، کەگۆڤاری ستێرکا سۆر لە نێوان ساڵانی (١٩٧٧–١٩٧٩)دا ، (٩)ی ژمارەی بەزمانی کوردی بەشێوەزاری کرمانجی ژوورو بە ئەلفوبێی لاتینی و زمانی تورکی و سویدی لێدەرچووە.



بەرگی بڵاوکراوەی باهۆز

# نسکۆی گەلی تامیل هاوشێوەی نسکۆی ١٩٧٥/٣/٦ی گەلی کوردە!!

**کازم عومەر**

ڕۆژی (٢٠٠٩/٥/١٨) لە کەناڵی فەرمی حکومەتی سریلانکا و میدیاکانی جیهان هەواڵی خامۆش کردنی شۆڕشی (پڵنگەکانی تامیل) ڕاگەیەندرا.

ئەم شۆڕشە ئازادیخوازە ماوەی زیاتر لە سی دووساڵ وڵاتی سریلانکای گرتەوە لە پێناوی دابینکردنی مافە ڕەواکانی گەلی (تامیل)، کە لەلایەن (سینهال)ـە کانەوە لێیان زەوت کرابوو، ئەوەی جێگای داخە ئەم شۆڕشە لەگەلێک ڕوو لێک چوونی هەیە لەگەڵ شۆڕشی ئازادی خوازی گەلەکەمان بۆیە کارەساتی نسکۆی ئەم شۆڕشە جارێکی دیکە نسکۆی شۆڕشی کوردمان دەخاتەوە بیر لە (٦/ ٣ / ١٩٧٥) وەک کارەساتێکی تراژیدیا لە دوای مۆرکردنی ڕێکەوتننامە شوومەکەی جەزائیر لە نێوان سەدام حوسێنی لەناو چوو و شای ئێرانی گۆڕ بە گۆڕ بە یارمەتی سەرۆکی جەزائیر (هەواریبوو مدیەن) بەسەر گەلەکەمان دا هات، (تامیل) ە کانیش بەهەمان شێوە چەند ڕۆژێک لەمەو بەر ڕوو بەڕووی هەمان کارەسات بوونەوە، دوای شەڕێکی خوێناوی، کە هەزارەها کەسی بێ تاوان بوونە قوربانی.

شۆڕشەکەیان سەرکوت کراو چەکدارەکانیان بەهەمان شێوەی پێشمەرگەکانی کوردستان پەرتەوازە بوون و ڕەنجی چەندین ساڵەی خەباتیان بەرباکەوت، کاتێک شۆڕشی کورد ڕووبەڕووی نسکۆ بۆوە لە (١٩٧٥/٣/٦) من وەک شاهێد حاڵێک ئەم ڕووداوەم هەمیشە لەدڵ و دەروونـدا دەخولێتەوە باوەڕناکەم ئەم دیمەنە تراژیدیانەی، کە لە دوای نسکۆ لە ئوردوگا کانی ئاوارەکانی کورد لە ئێران دەبینرا هیچ خاوەن ویژدانێک خۆی پێ ڕانەدەگیراو بە ناچاری و سەر لێ شێواوی هەزارەها کەس لە ژن و منداڵ وپیرو گەنج ڕێگای سنوورەکانی نێوان عێراق و ئێرانیان گرتە بەرو بەزەلیلی و داماوییەوە خۆیان دەدا بەدەست سەربازەکانی بەعس، چونکە هیچ تروسکەیەک لە ئومێد بەدی نەدەکرا، بۆئەوەی ئەم ڕێگایە نەگرنە بەر ئەمەی گرنگە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە لەم کات و ساتە دژوارەدا کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو ئەم ڕێکخراوانەی، کە داکۆکیان لە مافی مرۆڤ دەکرد لە ئاست ئەم ڕووداوە کارەساتبارە کپ و بێ دەنگ بوون دەوڵەتە زل هێزەکان بۆ مەرامی گڵاوی خۆیان هەمیشە گەلانی ژێر دەست دەکەنە قوربانی جێبەجێکردنی بەرژەوەندییەکانیان.

ئیمزا کردنی ڕێکەوتننامەی جەزائیر لە (١٩٧٥/٣/٦) تەنها نسکۆی بە شۆڕشی (١٤ ساڵەی) کورد نەهێنا، بەڵکو لە هەمان سات و کاتدا شۆڕشێکی عەرەبی بە ناوی (شۆڕشی پێشمەرگەکانی زەفار) یشی لە عومان خامۆش کرد، کە داوای گەڕانەوەی سێ دوورگەکەی (توبی بچووک، توبی گەورە، أبو موسا) یان دەکرد لە ژێر دەسەڵاتی شای ئێرانی ئەو کات.

لەدوا ساڵانی حەفتا بە دواوە ئەمە سێیەم شۆڕشە نسکۆی پێ دەهێنرێت لەلایەن وڵاتە زل هێزەکان هەر کاتێک بەرژەوەندییەکانیان کەوتە مەترسی گەلانی بێ پشتیوانی وەک کوردو تامیل و عەرەبەکانی زەفار دەکەنە قوربانی مەرامەکانیان، ئێمەی کورد وەک گەلێکی زۆر لێکراو پێویستە پەندو وانە لە ڕابردوو وەربگرین یەک ڕیزی خۆمان بپارێزین بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کارەساتی تراژیدیایی بەم شێوەیە دووبارە نەبێتەوە.

# دکتۆرانامەیەک لە زمانی کوردی لە زانکۆی کۆیە

**تایبەت بە بەدرخان**

رۆژی شەممە، رێکەوتی ٢٠٠٩/٥/٢٣ کاتژمێر"٩"ی بەیانی، نامەی دکتۆرای خوێندکار"عومەر مەحمود کەریم"بەناونیشانی"سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکیی گریمانە پێشەکییەکان" لەهۆڵی"تاهیر بەکر" لەکۆلێژی زمانی زانکۆی کۆیە، تاوتوێ کرا، هەڵبەتە نامەکە لەبواری خزمەت گەیاندن بەزمانی کوردی و لایەنێکی دەگمەن و شایانی ئاوڕلێدانەوەی بەخۆوە گرتبوو.

لیژنەی هەڵسەنگاندن لەم بەڕێزانە پێکهاتبوو: ١- پ.د. یوسف شەریف سەعید، سەرۆکی لیژنە، زانکۆی سەلاحەددین. ٢- پ.ی.د. محەمەد مەحوی، ئەندام، زانکۆی سلێمانی. ٣- پ.ی.د. تالیب حوسێن عەلی، ئەندام، زانکۆی سەلاحەددین. ٤-پ.ی.د. عەبدوڵلا حوسێن رەسول، ئەندام، زانکۆی سەلاحەددین. ٥- پ.ی.د. بەکر عومەر عەلی، ئەندام، زانکۆی سلێمانی. ٦- پ.د. محەمەد مەعوف فەتاح، ئەندام و سەرپەرشت، زانکۆی سەلاحەددین.

سەرەنجام نامەکە بەپلەی "نایاب" وەک خۆی وەرگیرا.

ئێمەش بەناوی هەفتەنامەو دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان پیرۆزبایی لە" دکتۆر عومەر مەحمود کەریم"دەکەین.



# مەحمود سەعید: بارزانی لە بەغدا دادەنیشت و جارجار بەسەردان دەگەڕایەوە کوردستان



مەحموود سەعید

**ناوچەی سەڵاحەددین ١٩٥٩/٦/٨**

ئەم ناوچەیە کە پێی دەوترا هاوینەهەواری سەڵاحەددین، بەراستی شوێنێکی دڵگیر و هەوا سازبوو، زۆرکەس لەهاویندا روویان دەکردە ئەم ناوچەیە، لەتاو گەرمای باشوور و بەغدا، منیش زۆر بەتەنگ ئەوەوەبووم کە ئەمن و ئاسایش لەم ناوچەیەدا هەبێت. ئەو خانووانەی کە دروستکرابوو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاوینەهەوار و گەشتوگوزارەوە بەشی ئەو هەموو خەڵک و خێزانانەی نەدەکرد، کە دەهاتن زۆریان روویان دەکردە قەزای شەقڵاوە، کە ٢٠کیلۆمەتر لە پیرمامەوەدووربوو، لەهاویندا لەژێر دارەکانی مەسیفدا خێزانی بەغدادی و بەسراوی و شارەکانی دیکە، کە دەخەوتن و هیچ جۆرە خراپەیەک رووی نەدەدا لەو ماوەیەی کە من بەرپرسیاربووم، من نزیکەی ساڵێک و دوو مانگ لەوێ بووم.

لەو ماوەیەدا کە بارزانییەکانی لە روسیا هاتنەوە بۆ عێراق و حکومەت هاوینەهەواری سەڵاحەددینی پەسەند کردبوو کە لێی جێنشین بن. هەموویان لەوێ بوون تەنها سەرۆک بارزانی لە بەغدا دادەنیشت و جار جار بەسەردان دەگەڕایەوە بۆ کوردستان.

ئەوەی شایەنی باسە ئەم کۆمەڵە بارزانییە کە جێنشین بوون خۆیان و خێزانیان حکومەتی ئەوسا کە"عەبدولکەریمقاسم"سەرۆک کۆماری عێراق بوو، زۆر رێزیان لێ گیرابوو و زۆربەیان دامەزران لە کشتوکاڵ و غابات و هەندێ شوێنی دیکە مووچەیان وەردەگرت.

من یەکێک بووم لەو کارمەندانەی کە خۆم بە بەختیار دەزانی بەدڵ و بەگیان خزمەتیان بکەم، لەپێناو کوردایەتی و ئەرک و وەزیفە، و سەرۆک بارزانی جەنابی خوالێخۆشبوو"مەلا مستەفای بارزانی" هەموو کاتێک دەیگوت: ئێمە زۆر سوپاسی زەعیم عەبدولکەریم قاسم دەکەین، کە ئێمەی رزگارکرد لە تەنگ و چەڵەمەی روسیاو گەڕاینەوە بۆ وڵاتی خۆمان و لەناو میللەتی خۆماندا دەژین.

ئەم کوردە پاکانە کە هاتبوونەوە بۆ وڵات، لەزۆر لاوە هەر ناحەز و پیاوی خراپ و گێرەشێوێن بەخاڵەتیان پێی دەبردن، لەجیاتی کۆمەکیان لەگەڵ بکەن دەستیان دایە فتنەو درۆ و دەلەسە بۆ سەر ئەم کوردانەو نەیانهێشت ئیسراحەت بکەن، چوونە بن کلێشەیانەوە تیژیان دەکردن لە حکومەت، لەلایەکی دیکە حکومەتیان تیژ دەکرد لە بارزانییەکان، ئەمە ئەو عەشیرەتانەی کە سەر بە میری بوون لەبەر بەرژەوەندی خۆیان و سوودی خۆیان دەستیان کرد کە بە ئاژاوەنانەوە بەرامبەر بارزانییەکان.

هەتا وای لێهات حکومەتی عەبدولکەریم قاسمیان هەڵگێڕییەوە لەجیاتی چاکە، حکومەت دەستی کرد بە خراپەکردن لەگەڵیاندا، ئەوەندەی من ئاگاداربم یەکێک هەبوو خەڵکی شاری هەولێر بوو لە هاوینەهەواری سەڵاحەددین دامەزرابوو لە دائیرەی فەرمانگەی ئەندازەی هاوینەهەوار ئەمە پەیتا پەیتا هەواڵی بارزانییەکانی دەبرد بۆ عەبدولکەریم قاسم و درۆو دەلەسەی عەشیرەتەکانی دژی بارزانی دەبرا بۆ بەغدا بۆ حاکمی سەربازی گشتی ئەحمەد ساڵح عەبدی، کە مەلا مستەفا خەریکی شۆڕشێکە لەدژی عەبدولکەریم قاسم، هەتا وای لێهات ئەمری گرتنی مەلا مستەفا دەرچوو، هاتەوە بۆ هەولێر لەوێشەوە گەڕایەوە بۆ بارزان، عەبدولکەریم قاسم فڕۆکەیان نارده سەر بارزان و ئەو ناوچەیەیەی بۆردومان کرد.

ئەو کارمەندەی لە ئەندازەی هاوینەهەوار بوو کە ئەوجۆرە هەواڵانەی دەبرد بۆ بەغدا کابرایەکی نەخوێندەوار و بێ شەهادە بوو بە"١٠٠"دیناری ئیسمی دامەزرابوو، من توانیم لەگەڵ ئەندازیاری هاوینەهەواردا کە بەڕێوەبەری "نجم عبدالبیاتی"ئەم موزەفەمان فەسڵ کرد بۆئەوەی ئەم بارزانیانە لە بەڵای ئەم پیاوە رزگاریان بێت.

ئەم کارمەندە فەسڵ بوو بەڕێوەبەری ئەندازیاری هاوینەهەوار دەسەڵاتی خۆی بەکارهێنا چونکە هیچ جۆرە کارێکی نەبوو لەوە بەولاوە، کە دەنگوباس بگەیەنێت بە کاربەدەستان.

بەمجۆرە رزگاریان بوو لەدەست ئەم کارمەندە. بەڵام بەڕێوەبەری گشتی هاوینە هەوار"رەشید موتلەگ" بە فەرمانی"ئەحمەد ساڵح عەبدی و زەعیم عەبدولکەریم قاسم"بردیان بۆ بەغداو بوو بە بەڕێوەبەری کاروباری هەرچی ئەو پیاوە نەیکردبایەو نەی گوتبا نەدەبوو بەشت، ئەمە یەکەم هۆی ئەم کارە نارەواییە بوو کە کرا لەدژی بارزانییەکان.

ناتوانم لێرە نکۆڵی رۆڵی حیزبی پارتی بکەم، کە نزیک بوونەوە لە خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا ئاگاداری هەموو شتێک بوون بەتایبەتی، جەبانی مام جەلال، کە ئیعتبار دەکرا بە سکرتێری مەلا مستەفا لە بەغدا بوون لە قەسری نوری سەعیددا مەلا مستەفا دادەنیشت و خۆم چوومەتە بەغدا لەگەڵ رەحمەتی شێخ سادق شێخ بابۆی برازای مەلا مستەفاو مام جەلال ئەوسا گەنج بوو، ئیشوکاری ئەوێی بەڕێوە دەبرد بەرێگاوە. ئەم دارهەڵگرتنەو دوژمنایەتییە لەدژی بارزانییەکان بوو بەهۆی ئەوەی کە لەهەموو کوردستاندا بڵاوبۆوەو بە رای گشتی خەڵکی کوردستان پەرەی سەند، لەدژی حکومەت و کاربەدەستان کە حکومەت دژی میللەتی کوردە، بەتایبەتی بارزانییەکان. هەتا ئەو کارەساتەی روویدا لە شەقڵاوە لە نێوانی شەقڵاوەو مەسیفداو کوشتنی"سەدیق میران"بەجارێک حکومەت شڵەژا، ئەو کارەیان خستە پاڵ گروپەکەی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا.

ئیتر ئەگەر عەبدولکەریم قاسم بەقسەی پیاوی خراپ و گێرە شێوێنی نەکردایە، دنیا وا تێک نەدەچوو و کارەکانی بە عەدالەتی بگرتایەو حوکمی بدابووایە دەست پیاوی سیاسی و ئیداری و یاسایی و رەوشی عێراق بەگشتی تێک نەدەچوو، زەعیم خۆشی و وەزارەتی بەرگری و سوپای بگرتایە دەست خۆی کۆنترۆڵی بکردبوایە سەر سەرباز و سوپا لام وایە کارەکان زۆر بەرێک و پێکی دەڕۆیشت و عێراقێکی دیموکراتی، فرە حزبی، پەرلەمانی دروستبکردبایە، شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ تووشی سەرەونگوم نەدەبوو. بەرە بەرە عێراق بەرەو پێشکەوتن دەڕۆیشت، رزگارمان دەبوو لەو هەموو کودەتا و چاوچنۆکی کورسی و گەیشتن بە دەسەڵات، هاتنە سەر حوکم.

بەڵام بەداخەوە دەستکرا بە پیلانگێڕان دژی دەسەڵات، بۆئەوەی تاقمی بەعسییەکان بێنە سەر حوکم، هەتا کودەتای کوشتنی عەبدولکەریم قاسم دەستی پێکرد، کە دەستڕێژیا لەسەر شەقامی رەشید لە بەغدا لێکردو برینداربوو.

بەڵام بەمەشەوە نەوەستان و کودەتاکانی سەربازی دەستی پێکرد، یەک لەدوای یەک سەردەمی عارف عەبدولرەزاق، هەتا گەیشتە سەر ئەحمەد حەسەن بەکر و جیگرەکەی کە سەدام حوسێن بوو.

عێراق لەکاتی پاشایەتیدا، ئەوانیش کە سیستەمی پاشایەتی بوون دەلاقەیان کەوتبووە نیزامەکە بۆچی؟ بەڵێ ئەگەر بهاتایە حکومەتی نوری سەعید و گروپەکەی ئازادییان بدایە بە هەموو حزبەکان و چینەکانی میللەت و حیسابی دواڕۆژیان بکردایە بۆ میللەتی کورد و عەرەب، کە دوو میللەتە شەریکی هاوبەشن لە حوکمی وڵاتدا و حزبەکان بەگوێرەی یاسا ئیشوکاریان ببردایە بەرێگاوە، ئەم قۆناغە تێک نەدەچوو.

بەڵام نوری سەعید کە سەرۆک وەزیران بوو چەندجارێک ئەم پیاوە سەرۆکی وەزارەتی دەکرد ئەویش دەستی کرد بە پەیمانی حلفی بەغداو دەیویست ئیتیحادی هاشمی دروست بکات، داری هەڵگرتبوو لەدژی شیوعی و حزبەکان هەتا میللەت بوو بەدژی.

جارێک لە نوری سەعیدیان پرسی کەی کاتی ئەوە دێت"حۆماڵی کردنی نەوت"دەست پێبکەیت، لەوەڵامدا وتی: نەوتی عێراق دەمێکە خۆماڵی کراوە، گاڵتەی بە قسەکە دەهات، کە وابوو دێینە سەر باسی ئەوەی کە هەموو حاکمی وڵاتێک و هەموو سەرۆکی وڵاتێک پێویستە چاوی لەدوارۆژی میللەتەکەی بێت.

وڵاتەکەی بەرز لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەیی بکاتەوە و ئەمن و ئاسایش بڵاوبکاتەوە، هەموو خەیراتی وڵات هەیە بە یەکسانی دابەشبکات بەسەر هەموو ناوچەو شارۆچکەکاندا بە دروستکردنی پرۆژە، پیاوی کارامەو لێزان و خاوەن بروانامە بهێنێتە سەرکاروباری وڵات، نەخوێندەواری و نەخۆشی نەهێڵێت، کشتوکاڵ بەرزبکاتەوە، پیشەسازی دابمەزرێنێت لەهەموو سوچێکی وڵاتدا. یاسا جێبەجێ بکات، هەموو مرۆڤێک هەست بکات کە مافی بەپێی یاسا وەردەگیرێت، جیاوازی نەبێ لەنێوان هیچ کەسدا.

بەمجۆرە حوکمی بۆ دەچێتە سەرو بناغەیەکی حوکمەکە رۆژ بەرۆژ پتەو دەبێت، نەک ئەو حاکمە، ئەو سەرۆکە تێڵا هەڵگرێت لە میللە هەرکەسێ قسەیەکی کرد زمانی ببڕێت و کەس نەوێرێت بنووسێت ئازادییەتی رۆژنامەو گۆڤار و نووسین نەبێت.

بەڵێ ئەم جۆرە حوکمە رۆژێک دێ هەرەس بهێنێت و بەئاسانی دەڕوخێت، چونکە لەدنیادا هیچ جۆرە حوکمێکی هەتا هەتایی دیکتاتۆری سەری نەگرتووە تاوەکو لەعێراقدا سەربگرێت. تەنها کردەوەی باش سەرۆکی وڵات بە دیموکراتییەت و ئازادییەتی حزب، گەشە دەسێنێت و پتەو دەبێت.

بەڵێ ئەمانە تەنها قسە نییە دەبێ کردەوەی لەگەڵدا بێت. ئێمەی دانیشتوانی عێراق چاوەڕوانی ئەورۆژە رووناکە دەکەین کە وڵاتەکەمان ببێتە بەهەشتی سەر زەمین، گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو بخۆنەوە، بە مانای ئەمن و ئاسایش هەبێت، خێراتی وڵات بۆ دانیشتوانی وڵات بێت، رەش و رووت و مەحسوبیەت نەمێنێ، هەموو کەس وا هەست بکات کە ئەم وڵاتە وڵاتی خۆیەتی بە خزمەتی هەمووان دەبێت بە وڵات، بە زانست و خوێندەواری دەبێت بەوڵات.

**بەشی هەشتەم**

# مامۆستا پاکیزە محەمەد فەخری حەوێزی ژیانئاوایی لێکردین

**کازم عومەر دەباغ**

مامۆستا ئەم وشە پڕ مانایەیە دەدرێتە پاڵ کەسێک وەک مۆم بسوتێت و بتوێتەوە لە پێناو روناککردنەوەی رێگای تاریکی و جەهالەت و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری.

دڵسۆزی مامۆستازیاتر هەستی پێدەکرێت کاتێک قوتابییەکانی دەگەنە دوا قۆناغی خوێندن و دەبن بەکادیری لێهاتوو بۆ خزمەتکردنی گەل و نیشتمانەکەیان.

مامۆستا (پاکیزە محەمەد فەخری حەوێزی) لەدایکبووی ساڵی (١٩٤٤) شاری کۆیە یە یەکێکە لەم مامۆستایە دڵسۆزانەی هەمیشە بۆ تاکە چرکەیەک چاوەکانی لێک نەناوەو دەست و گیرفانەکانی لە تەباشیر خاڵی نەبووە تارادەیەک ئەم مامۆستایە دڵسۆزی پێوە دیار بووە لە ماڵەکەی خۆی لە شاری گڕو گلپەی (کەرکوک) ژوورێکی کردبوو بە خوێندنگاو هەموو جۆرە پێداویستییەکانی خوێندنی تێدا دەستەبەرکردبوو لە مێزو کورسی و تەختە رەش و تەباشیر وانەی بە خوێندکارانی ئەم شارە ستەمدیدەیە دەگوت.

ئەم مامۆستایە شەوی چوارشەممە (٢٠٠٩/٦/١٠) چاوەکانی بۆ هەتا هەتایە لێکناو خواحافیزی لێکردین، کۆچ و کۆچباری تێکناو بەرەو دوا مەزاری لە گۆرستانی (شێخ محیدین الدین لە کەرکووک) مامۆستای خوالێخۆشبوو یەکێک بوو لە شارەزایانی پسپۆری (بیرکاری)، هیچ خوێندکارێکی ئەم شارە زامدارە نییە نەزانێت مامۆستا (پاکیزەی بیرکاری) کێ یە ؟

لە کۆلێژی پەروەردەی بەغدا دەرچووە، یەکەم دامەزراندنی لە ساڵی (١٩٦٨) لە کفری بووە لەگەڵ ئەوەی ئەم مامۆستا بەڕێزە لە خانەوادەیەکی بەڕێز بوو، بەڵام لەبەر شارەزایی و زیرەکی لە بیرکاری ببووە بە پێناسە، ئەوەی شایانی باسە ئەم مامۆستایە بەڕێزە ئەم مووچەیەی کە وەری دەگرت مانگانە بەسەر کەم دەرامەت و هەتیوی شاری (کەرکوکی) دابەش دەکرد، هەربۆیە کەم دەرامەت و هەژارانی ئەم شارە وەک دەربرینی دڵسۆزی خۆیان لە پێشوازی میوانان راوەستابوون، بە لە دەستدانی ئەم کچە مامۆستایە دڵسۆزەی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کەرکوک زیانێکی گەورەی لێکەوت، لەکۆتاییدا هیوادارین خودای گەورە بە بەهەشتی شاد بکات و بەر رەحمەتی خۆی بخات.

# لە قسە خۆشەکانی مەلا محەممەدی عەلیاوەیی

# چەندی برسی بی لەتۆ برسی تر هەیە

گوندی قیرژە، گوندێکە لە نزیک کێوی سەفین، وڵاتی هەولێر، خۆشناوەتی نزیکەی 50 ماڵێک دەبێ، هەروا گوندی (بیرێژی) لە نزیکەویە، ئەویش هەندە دەبێ.

جارێک کابرایەکی زەبەلاح، خەرکی یەک لەم دوو گوندە دەبێ، دێتە هەولێر ئەس قەزا پارەو شتی پێ نابێ، ئوتێل و شت رایناگرن، لە مزگەوتانیش هەروا، ئەدی برسی بی چی بکات، شەویش داهات، بڕوا ناگاتە چ گوندێک، جا بەناو کۆڵانان داچوو دەستی بەم قسانە کرد لەبەر خۆیەوە!

ماشاڵڵا خوایە ئەمەی کیری گەورەبێ لە هەموو شت بێ بەختە، کەس دایناکات و نانی ناداتێ، باوکیشم هەر دەیگۆت: من لەبەر ئەم شتە بەدبەخت بووم.

داییزەکیش گێی لێ بوو، تێگەیشت، بێ مێردە، تێروپڕە، مەغرورە، لەمێژە بێ مێردە، حەزی لێیە، تاقە کوڕێکی هەیە، جحێڵۆکەیە، جا لەگەڵ قسەی کابرا ئاوی لە دەوم و دامێنی فڕیدا، گاسی (بانگی) کابرای کرد و وتی: کرمانج، کرمانج، وەرە باوکم، ئێمە خێر کەرین، لە ماڵمان بخۆ، بنوو، خزمەت، عێزەت دەکەین، سوبیانێ بەخێرچی.

کابرا بایداوە ماری داییزە، ماندو نەبوونی لێکردوو بە خێر ها تنی لێکرد، پێیوت: هەمان قسەکەت دۆغریە، چشتەکەت گەورەیە، ئەوشۆ بت بینم.



مەلا محەممەدی عەلیاوەیی

کابراش وتی: سەیرمکەو خۆت راگرە، هێوارێ کوڕۆکە هاتەوە.

پرسی: نەنە بۆ ئادەمی کم دە، دایە ئەو پیاوە کێیە؟

دایکە وتی: ئۆغلم بو ئادەمی قادرداشی بەباس، ئەو پیاوە برادەر و خزمی باوکتە، خەرکی گوندی قرێژ بیرێژە.

کوڕە زۆری حورمەت گرت، ئەس قەزا ئەو هێوارە شیوی سرقیان (زلق) هەبوو.

جا پاش تێر خواردن چرا کوژاوە، کوڕە کەوتە پرخەی خەوێ.

داییزە خشی بۆ لای کابرا و چشتەکەی بەیاد هێنایەوە، نەختێ لە کوڕە دوور کەوتن، داییزە پاڵکەوت لەسەر پشت، کۆشی هەڵداوە، بالیفەکەی لەبن سەری دانا، کابرا مەترەقی رەق کرد و نەختێکی لە جەمەدانییەکەی پچڕی و تێی ئاڵاند و ئەستووری کرد.

بەهەرحاڵ بوو تێی پەستا، داییزە زانی کەوا زۆر ئەستوورە، بەڵام بەداخەوە پاش داکەوتنی ئارەزووی مەترەقەکەی شل بۆوە.

پەڕۆکە داماڵاو لە جۆگەی داییزە بەجێما، داییزە کفت بوو کەوتە خەو، کابرا دەیزانی چی کردووە بەیانی زوو هەستاو دەرگای کردەوەو رۆیی، داییزە کێشتان هەڵساو دەبینێ ناو قەڵشی پڕی پەڕۆکە.

جا قیژاندی و وتی: وای شێرە، ئای هاوارە، کوڕەکە راپەڕی و ...

وتی: ها نەنە بونە یۆخ: دایە ئەمە چییە؟

داییزە دەستی درێژکرد بۆ قەڵەشی وتی: ئۆغلم باخ باخ بوناد: کوڕم بنۆڕە ئەمە چییە؟ کوڕە چاوی پێکەوت و رایکردە دەرێ.

کەوتە دوای تاقیبی کابرا، هاتە سەر رێگا و هەر پیادەیەک، هەر کاروانێک دەهات و لێی دەپرسی: خاڵە نەدیتت کابرایەک خەڵکی گوندی قرێژ بیرێژە.

سەگباب، مەگباب، کڵاشی پێی تۆزی نۆ مێگەلە مەڕ دەکات، هیوارێ لە ماڵمان مێوان بوو...

وتی مانم قارداش باوکتم، خزمەت عێزەت بکە، شیوی زڵق بدێ، نان بدێ لە رۆخ نەنەم بخەوە، سەگباب شەو هەستایە چشتەکەی نەمی پڕ کردوە لە پەڕۆک و مەڕۆک.

بە شێخەڵڵا ئەگەر بیبینم دەبی دوو تف بکەم لە چارەی.

**ئا: د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی**



ژمارە (١٢٠)ی حوزەیرانی ٢٠٠٩/٦/٢٢
پووشپەڕی ٢٧٠٩ی کوردی



ئیبراهیم تاتلیساس

# هونەرو باج لەسەر هەڵوێستی سیاسی

**هونەری بەدرخان**

پڕفرۆشترین ئەلبومی ئیمساڵی هونەری لە تورکیا "ژووانی لەگەڵ باراندا هەبوو" کە "تاتلیساس" بە بۆنەی ئەم بەرهەمەیەوە چاوەڕوانی خەڵاتی"قەوارەی زێرین" دەکات ئەم ئەلبومە بە گۆرانییەکی کوردی ڕازاوەتەوە، کە چوارەم تراکە لە کۆی ١٢ تراکی ئەم ئەلبوومەی.

پتر لە "١٣٥،٠٠٠" کاسێت و سی دی لێ فرۆشراوە پێویستە بەیاد بهێنرێتەوە، کە ئەمە یەکەم جار نییە کە"ئیبراهیم تاتلیساس" بە کوردی گۆرانی بچرێت. تا وەکو ئێستا پتر لە ٣ گۆرانی بە کوردی بەرهەم هێناوە. "ئیبراهیم" کە خەڵکی شاری "ئورفە" یەو کەش و هەوای هونەری لە تورکیای ئەمڕۆ جۆرێک لە بووژانەوە بەخۆوە دەبینێت وەک لە سەرچاوە هونەرییەکان و میدیاکان بەرچاو دەکەوێت و گوێبستی دەبین نەک هەر لە باکووری کوردستان. بەڵکو لە خودی ئەستەنبوڵیش لە زۆربەی نایت کڵەپەکانی"ئیستانبوڵ" ئەم گۆرانییە کوردییەی"تاتڵیساس" بەرگوێ دەکەوێت.

## لە تاراوگەوە

### (.......)

لە وەسفکردنی دیموکراسی شارەزان، هەر یەکە و بەجۆرێک شیدەکاتەوە و پێناسەی دەکات، پێناسی جۆراو جۆرو پر بەباقوبریق

ڕازاوە و ڕەنگدارو بەرستەی بالۆن ئاساو پڕ لەزاراوەی خوازراوی بیانی بێ فەرهەنگۆک، کاتێکیش دەلێت بەروخسەتت

با هەلبژاردنێکی پاک دوور لە دەستێوەردان و مۆڕە لەیەکتری و تەزویروناوزڕاندنی یەکتری بکەین، بێ شک چەندین تاوانت دەدرێتە پال، یا ئەوەتا دەڵێن دەستی دەرەکیت لە پشتە یا بۆ پارەو کورسی وادەکات، یا شتێکی وات بۆ دەدۆززنەوە، کە لەلایەن گەلەوە ریسوابکرێیت بە چاوێکی سووک لێت بڕوانن، وەکو پێویست سەرمایەی پارت و لێپرسراوان دەبێ بۆ خەڵک رابگەیەنرێ، بەڵام ئەوە تا ئێستا بڤەیە و خۆی لێ لەگێلی دەدرێ کەس باسی ناکات، لەوانەیە وەعد بدرێ، بەڵام وەک زۆر شتی تر ئاسا دێ و دەڕوا بۆ نموونە: داهاتی کوردستان، بودجەی حکومەت، بەرمالەی لێپرسراوان، ئەوا نەوتەکەش رۆیشت نرخەکەی نازانیین.....، ئەگەر بلێیت زەحمەت نەبێ کورسیەکانتان بۆ جیلێکی تر جێ بێلن، مۆدیلێکی نوێ دەهێنرێتە پێشەوە، گەنجان کەسو کاری شەهیدان، خاوەن کەفائەت، پسپۆرو شارەزا، کوڕە ئاغا، پەرلەمانتاری دووبارەی نەخوێندەوار، کە لەچوار سالی رابردوودا قسەیەکی نەکردبێت، نەخوێندەوار، هەموو ئەوانە دادەنرێن بێ ئەوەی دەزگاکانی



یوسف مەنتک - ئەڵمانیا

رێکخستنی خوارەوە پێی بزانن مەکتەبی سیاسی بریاردەداو هەر کەسەو پشکی خۆی دادەنێ، بۆ رازیکردنی کەسانێکیش ناوەکانیان لە ریزی دواوە لە پەراوێز دادەنرێت، بۆتە کلتوورێکی باو، حەڤدە سالە لەنێو حکومەتدا کۆمەلێک سیمای نەگۆر دەبینین، بەڵکو خوا بکاتە قسمەت هەندێ گوڕو تینی نوێ بێنە پێشەوەو گەندەلی بەخاک بسپێرن، هیوایەک بگەرێننەوە دلی خەڵک!.

وەکو پێویست تا ئێستا ژیاننامەو بڕوانامەی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و لێپرسراوانی تر نازانین،

لێرەوە دەکرێ بلێین بەروخسەتتان جەنابی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی کوردستان و بڕوانامەو ژیاننامەکەی خۆتان بۆ گەل رابگەیەنن، تا ببێتە یاساو نەرێتێکی هەمیشەیی بۆ هەموو ئەوانەی لەدوای ئێوەوە دێن لەهەر ئاستێکی لێپرسراوەتی دابن وەک پێویست خۆیان رابگەیەنن، با دەسەلاتی حکومەت لە سەر ئاوازی عەرشی پاشایەتی کۆن نەبێت، کەس نەوێرێ بە شا بلێ جەناب کورتانی کەرەکەت خوارە، لەبەرامبەر ئەوەدا دەم کوتبکرێ؛ باخەڵک نان و ئازادی بەیەکەوە هەبێ.

ئەوە دەزانین لەرووی بیناسازییەوە جوانکاری لەشارەکان کراوە، رۆژ بەرۆژ بالەخانەکانی نێو شار بەرزدەبنەوە، سەیارەی جوان و مۆدیلی نوێ دەکەونەبازارەوە، بەدەیان تەندەر مۆر دەکرێ، حکومەت داهاتێکی باشی هەیە، بەڵام تائێستا کەس نازانێ چەندە!، ئەو هەموو دەولەمەندو سەرمایەدارە زەبەلاحانە چۆن دروست بوون و پارەکانیان لەکوێ بووەو چۆن دەستیان کەوتووە؟، ئەوە پرسیارێکی ئالۆزەو وەڵامی تەنها ئەگەر کابینەی حکومەتی داهاتوو وەک پێویست بمان داتەوە.

لەبەرامبەر ئەوانەدا، ئایا ئاستی ژیان و دەرامەتی سەرجەم مرۆڤەکانیش لەدابەزینە یا لەبەرزبوو نەوەدایە؟ئایا ئاستی هۆشیاری و خوێندەواری مرۆڤەکانیش بە هەمان مقیاس لەبەرزبوونە وەدایە؟ڕەوشی خوێندگاو پەیمانگاو زانکۆکان چۆنە؟ئاستی تەندروستی خەڵکەکە بەرەو خراپی دەڕوا، چارەسەری پێویست نییە، ئەگەر هەشبێت ئەوە هەژارێک ناتوانێ بیکرێت، بەڵام لەسایەی ئەم داهاتەو فرۆشتنی نەوتدا ئەرکی حکومەتە زەمانەتی پاراستنی تەندروستی ژیانی هاووڵاتیان بکات، هەژاری رۆژ بەرۆژ لەزیادبووندایە، ڕێژەی سوالکەر رۆژانە زیاد دەکەن، لەبەر سیمای نوێی مرۆڤە شێتەکان کۆنەکانمان بیرچۆتەوە، لەکۆمەڵگایەکدا دەژین بێ ئۆقرەیی و بێ هیوایی مرۆڤەکان بەژیان وای لێهاتووە دەست بۆ مەرگی خۆیان ببەن لەخۆسوتاندنی ژنان و خۆ هەڵواسینی گەنجەکانمان جۆرەها کارەساتی تر، ژنکوژی بۆتە مۆدیلک لەمۆدیلە باوەکان، ئامارەکان مانگانە زیاد دەکەن، لەبەرامبەر بانگەشەی دیموکراسیدا زۆرترین توندوتیژی بەرامبەر رۆژنامەنووسان دەکرێ، لەهەر کەسێک دەپرسی بە هیوای چونەدەرەوەی وڵاتە، لەشکری بێکاری دەرچوانی زانکۆ ساڵانە زیاد دەکات، حزبایەتی تەوای ژیانی مرۆڤەکانی داگیرکردووە، ژیان بەندە بە حزبی بوونەوە تاچەند حزبی بیت ئاسودە تر دەژیت، خەتی سوور بپەڕێنی ژیانت دەکەوێتە مەترسییەوە!، منالەکان واز لەخوێندن دەهێنن و دەکەونە سەر شەقام و بازارەکان بۆ کاسبی کردن، تاوانەکان زیاترن لەچاکسازی، ئەم هەموومەینەتییە بۆ؟.

پێناسی دروستی دیموکراسی:سەروەری یاسا ،هەڵبژاردنێکی بێگەردو پاک، دەستاودەستکردنی دەسەڵات، زەمانەتی کۆمەڵایەتی، دادوەری، یەکسانی، نان و کار و ئازادی تاک، ئازادی چاپەمەنی و ڕادەربڕین بەعەمەلی.

# ژن چاوەڕوانی چی لە هەڵبژاردنەکان دەکات؟



تامان شاکر

**مەهەستی**

وەکو زۆربەمان ئەزانین ئەمڕۆ پڕوپاگەندەیەکی زۆر لە ئارادایە دەربارەی ئەو هەڵبژاردنە سەرتاسەرییەی کە بڕیارە بەم زووانە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان ئەنجام بدرێت و بە گشتی پێشبینی ئەوە دەکرێت گۆڕانکاری بنەڕەتی و ڕیشەیی لە پرنسیپی حزبەکان و بەرنامەی حکومەتدا بکرێت، هەرچەندە لە پێشوودا دەسکەوتی جۆراوجۆر لە گۆڕێدا بوون، ئاشکراشە کە ئەو هەوڵانە وەکو پێویست داخوازی و پێداویستییەکانی چینەکانی خەڵکی پڕ نەکردۆتەوە بەرامبەر ئەمانەش هیچ بەرزبوونەوەیەکی گەشەیی و پێشکەوتن لە بوارە جیاوازەکاندا بەرچاو نەکەوتووە، کە بڕوایەکی تۆکمەمان لا بنیات بنێت، ئێمەش هاوشێوەی وڵاتانی دیکەی دنیا دەتوانین بەشداری سەردێرە زەبەلاحەکان بکەین، بەتایبەت لە ژێرخانی ئابووری و قەوارەی سەرمایەدا هەمیشە لەو لایەنانە بووین، کە دەبێت چاوەڕوانی زۆرترین کاڵای دەرەکی بکەین زۆرجار کە بیردەکەمەوە بۆچی ئێمە پاش ڕووداوە پۆلەتیکالییەکان نەمانتوانیوە میکانیزمێک بەرجەستە بکەین، کە چارەسەری کێشە هەمووەکییەکانمان بکات و وەکو زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشت بە توانای خۆمان ببەستین و لە بەرهەمهێنانی هێزە سروشتییەکاندا بەتاڵیان بکەینەوە، بۆیە وای بۆ دەچم کە دەردی بنەڕەتی ئێمە هەڵبژاردنی یەک لە دوای یەک چارەسەریان ناکات لەگەڵ ئەوەشدا بەڕادەیەک گەشبینم، کە ناوەندی وڵات هێندە دیموکراسی و لیبرالیەتی تێدایە هێزی ئۆپۆزسیۆنیش لە چوارچێوەدا جێکردۆتەوە، چونکە ئەگەر هەموو بۆچونێک هەمان ئەنجامی هەبێت، ئەوا خۆ ماندووکردنی نەگەرەکە، پێم باشبوو ئەم دۆخەی کە هەیە و قسەمان لەسەرکرد، بەتایبەت ڕۆڵی ژنان و بەشداریکردنەکانی بکەین بە پرسێکی گشتی و ڕای جیاوازی لەسەر وەرگرین:

لە وەڵامی ئەو پرسیارەماندا کە ئایا ژن چاوەڕوانی چی لە هەڵبژاردنەکان ئەکات؟

**- تامان شاکر نوسەرو ڕۆژنامەنووس وتی:**

بێگومان ئێمەی ژنانی کوردستان ناتوانین وەکو ئەوەی کە هەیە بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەین لەسەرەتاشەوە ناوی زۆربەی لیستەکانمان بینی، بە داخەوە دەڵێم کە لیستێکی سەربەخۆی ژنم بەرچاو نەکەوت بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی کوردستان دیاریکرابێت، من لەگەڵ دیاریکردنی ڕێژەی ژن نیم، چونکە ئەمە لە قاڵبدانی بەشداریکردنەکەیەتی لە پەرلەماندا، بە ئەزموونی ئەو چەند ساڵەی دواتر ژنی چالاک و کارا هەبوون، کە لە بوارەکەیاندا دەورێکی باڵایان هەبووە، بەڵام وەکو پێویست نەبووە، بەتایبەت دەربارەی یاساکانی باری کەسێتی، لەوانە کەموو کوڕییەکانی جیابوونەوە دەستنیشان نەکراوە لە نێوان ژن و یاودا لەگەڵ ئەوەشدا دادگایەکی تایبەت لەو بوارەدا دانەنراوە بۆ دەستخستنی مافەکانی ژنان . سەبارەت بەوەی کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان تا چەند هاوسەنگی لەنێوان ژن و مافەکانیدا دەستەبەر دەکات؟ تامان شاکر ئاماژەی بەوەدا منی ژن و زۆربەی ژنانی کوردستانیش پێمان وایە ئەم ژنانەی ئەمجارە دەچنە پەرلەمانەوە حیزبین و حیزب دەستنیشانی کردوون، نوێنەری گشتی نین و بایەخێکی تەواو بە مەسەلەکانی ژنان نادەن وەکو خۆی. پێشم سەیرە هەردەم ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی ژن دەکرێتەوە سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە لە کۆتاییدا ئەمە مەسەلەیەکی دوو بابییە و هاوبەشە لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ناتوانین ڕەشبین بین لە ڕوانگەی ئەو ژنانەی کە بە ڕوویەکی جیاوازو کەشێکی تازەدا دەچنە پەرلەمانەوە، چونکە لەوانەیە کەسانێک بن درک بە ڕاستییەکان بکەن و خۆیان بە نوێنەری خەڵکی بزان "

لە پرسیارێکی دیکەدا کە ڕووبەڕوومان کردەوە گوایا کار لە کار نەترازاوە کاتێک ئەو ژنانە دەبینین لە شاشەی تیڤییەکانەوە پاش هەڵبژاردنەکان و پێشتریش بەو ڕادەیە نەماندیون شایەنی ئەوەبن دەنگی بدەینێ ؟

**تامان وتی:** چاوەڕێ دەکەم ئەمجارە لە هەڵبژاردنەکاندا گۆڕانکاری زۆر بێتەکایەوە ئێمە کەسی سەربەخۆمان پێویستە، کە هەست بە شتەکان بکات بۆ لایەنێک هەوڵ نەدات حزبەکانیش نەیانتوانیوە وەکو پێویست کادرەکان پەروەردە بکەن . ئەوانەی کە کاندید کراون ناسراو نین:

لە قسەکانیدا ئەوەشی ڕوون کردەوە کە ئەوانەی کاندیدی پۆستەکان کراون نەناسراون، بەڵام بە هیوام کەسانی پراکتیکی بن لەو مەجالەدا نوێنەرایەتی ڕاستەقینە بسەلمێنن.

**لە وەڵامی هەمان پرسیارماندا ئەلماس خان ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک وتی:**

کە بە بۆچوونی من ئەم هەڵبژاردنەی ئێستا هەیە هەلێکی زێڕینە بۆ هەموومان، چونکە بیروڕاو ئایدیای جودا لە گۆڕێدایە ئەمەش دەنگی جیاواز دروست ئەکات بۆ پراکتیزەکردنی هەوڵی تازە، بۆیە گەشبینم. ئەو پرسیارەی کە ئایا ژنانی گەنج پۆستەکان بە دەستبهێنن هیچ گۆڕانکارییەک دروست ئەبێت ؟ وتی گەنجی ئێستا بەڕێژەیەکی زۆر وشیارن بەتایبەت دوای ئەوەی پێشکەوتنەکانی دەرەوە کاریگەرییەکی گەورەی لا دروست کردوون هەروەها بە باشی دەتوانن سوود لە بیرکردنەوە مۆدێرنەکانی خۆیان وەرگرن و ئاڕاستەی هاوکێشە سیاسییەکان بگۆڕن.

**سەبارەت بەهەمان تەوەر شلێر ڕەشید لێپرسراوی ناوەندی کەرکووکی مەکتەبی بیرو هوشیاری وتی:**

سەبارەت بەبرسیاری ژن چاوەڕوانی چی لە هەڵبژاردن دەکات ؟

سەرەتا سوپاستان دەکەم بۆ ئەم سەر کردنەوەیە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەمەوێ بڵێم من وەک هاووڵاتی پلە یەک سەیری ژن دەکەم هیچ جیاوازییەک نابینم لە نیوان ژن و پیاودا بە تایبەتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا، چونکە ژن و پیاو یەکسان لە ڕووی یاساییەوە، بەڵام ئەو ڕێژەیی کە بۆ ژن دانراوە بە ڕەوای نازانم، چونکە هەمیشە لە سەر زاری لێپرسراوی حزبەکان و ڕووناکبیرانەوە دەوترێت ژن نیوەی کۆمەڵە، پەرلەمانیش نوێنەری گەلە. لەم ڕوانگەیەوە نایەکسانی و نادادپەروەریی بەرامبەر بە ژن ئەنجامدەدرێت.

هەروەک بۆ پرسیاری وەکو ژنێک تا چەند بڕوات بە دەنگدان هەیە و ماوە ؟

تا ئێستا هەڵبژاردن و دەنگدان تاکە پرۆسە و ئامرازی دیموکراتییە. من ناڵێم وەک ژنێک، بەڵکو ئەڵێم وەک هاووڵاتییەک بڕوام بە بەشداری سیاسی هەموو تاکێکی کۆمەڵ هەیە، هەڵبژاردن و مافی دەنگدان ئەو بەشدارییە فەراهەم ئەکات، باش لە چەند ڕوویەکەوە سەیری هەڵبژاردن دەکرێت ئەگەر هەڵبژاردن و دەنگدان ماف بێت، ئەوا مافی هەموو تاکێکە بە پێی یاساوە دیاری کردنی تەمەنی دەنگدان ئەگەر وەک ئەرک سەیری هەڵبژاردن بکەین وەک هاووڵاتییەک ئەرکی سەر شانمە بە ئازادنە دەنگ بدەم ئەو کەسانە دیاری بکەم، کە سبەینێ دەسەڵات دەگرنە دەست و حوکمان دەکەن.

بە دڵنیاییەوە بڕوام بە هەڵبژاردن و دەنگدان هەیە ئەمجارە وەک ژنێک، چونکە لە هەندێ لە وڵاتان ژنان خەبات ئەکەن بۆ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت، لە پرۆسەی سیاسی بەشداری بکەن.

بۆ دواپرسیاریشتان ئایا هەڵبژاردن هاوسەنگییەک دروست ئەکات بۆ ژن و مافەکانی؟

ئەگەر مەبەستت لە مافی دەنگدان بێت بەڵی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو لە هەڵبژاردن دروست دەکات، بەڵام ئەگەر مەبەست لە ژمارەی کاندیدکراوی ژن بێت، ئەڵێم نەخێر مافی ژن تەنیا لە هەڵبژاردن نییە، چونکە گەلێک مافی تر هەن پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە نییە.

**سەبارەت بەتەوەرەکەمان لە وەڵامی پرسیارەکانمادا سوعاد خان ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی وتی :**

بۆ پرسیاری ژن چاوەڕوانی چی لە هەڵبژاردن دەکات؟

ئەوەی جێی ئاماژە پێ کردنە دانانی ڕێژەی ژنان لە هەڵبژاردنەکاندا کردنەوەی دەروازەیەکی نوێ بوو بە ڕووی ژناندا بۆ خستنەڕووی تواناو بەهرەکانیان.

هەڵبژاردنەکانی سنووری هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی گونجاو ڕۆڵی ژنانی بەرچاو خستووە بۆ دەرخستنی تواناکانیان لە بوارەکانی هەڵبژاردندا، چ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان یاخود هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەڵام بریا ئەم بەرچاوخستنە سەرجەم بوارەکانی تری ئیداری و سیاسی لە بەڕێوەبردنی سەرجەم پۆستە سیاسییەکان تا ئەندامێتی لە مەکتەبی سیاسی و هەروەها بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕییەکان و ئیداراتی فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم بگرێتەوە هەر بوارە و بە پێی لێهاتووی و توانای ژن لەو بوارانەدا. هیوادارم ئەم ڕێژەیە بە پێی ڕێژەی ژمارەی ژنان لە سنوری هەرێمدا بەرەو زیادبوون بڕوات.

تا چەند بڕوام بەدەنگ دان هەیە و ماوە .؟ هەڵبژاردن تاکە ڕێگەیە بۆ چەسپاندنی دیموکراسیەت .

بۆ پرسیاری تاچەند هەڵبژاردن هاوسەنگییەک دروست دەکات بۆژن ومافەکانی ؟

پێم وایە دروستکردنی هاوسەنگی بۆ ژن و مافەکانی پەیوەستە بەتوانا و لێهاتووی ئەو ژنانەی کە دادەنرێن لەو پۆست و بوارانەدا، ئایە ئەتوانێت ڕۆڵی کاریگەر ببینێت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی کە پێی سپێردراون .

**مامۆستا شکۆفە ئەندامی لێژنەی باڵای کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووک یەکێکی دی بوو لەو ژنانەی، کە بۆ وەڵامی پرسیارەکانمان و باسەکە دواندمان وتی :**

ژنان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئایندەی هەرێمی کوردستان و عێراق بواری زیاتریان پێدراوە، کە ڕۆڵی خۆیان ببینن لە پرۆسەی بەشداریکردن لەناو دەسەڵاتدا و بتوانن پێگەی خۆیان بچەسپێنن لەپەرلەمانی کوردستاندا ڕێژەی ٣٠ ٪ کورسییەکان بۆ خانمان دەست نیشان کراوە،. هەڵبژاردن ئەگەر وەکو پرۆسەیەکی دیموکراسی و مۆدێرن بەکار هات وەک سیستەمێکی یەکلاکەرەوە و بەپرۆسەیەکی ئەکادیمی ئەنجام درا زۆر گرنگی دەبێت بۆ سەرکەوتنی توانای هەموو ژنان و گەنجان و ئەوکەسایەتیانەی لە پرۆسەکەدا خۆیان کاندید کردوە، بەڵام ئەگەر لەسەر بنەمای تەندروست بەرێوە نەچوو لەهەموو ڕوویەکەوە، ئەوا ئەو پرۆسەی هەڵبژاردنە ڕەنگە ئەو کاریگەرییەی نەبێت و خەڵک بەرەو سندوقەکانی دەنگدان ناچێت . ئەمڕۆ ژنان دەتوانن ئەو پرۆسەیە پێش بخەن، کاندیدەکان لە خانمان زیاتر سەرنجی کەناڵکانی ڕاگەیاندن ڕادەکێشن بەلای خۆیاندا لەبەرئەوە ئەندام و توانای تازەن لە ناوپرۆسەی سیاسیدا، بۆیە دەتوانن دەنگی زیاتر کۆبکەنەوە بۆ حیزب و ڕێکخراوەکانیان، ئەو حیزبانەی بەرنامەی باشیان هەیە بۆ خزمەتکردنی خانمان و باوەڕیان بەتواناکانی ژنان هەیە دەتوانن لەرێگەی خانمانەوە دەنگەکان بەدەست بێنن و پێگەی جەماوەری باش بۆ خۆیان دروست بکەن . ئەگەر ژنیش زۆر بەپەرۆش بوو، دڵسۆز بوو بۆ جێ بەجێکردنی بەرنامەی حیزبەکەی و کاری بۆ کرد دەتوانێت کاریگەری هەبێت بەسەرپیاو و مێرد منالاندا، کە مافی دەنگدانیان هەیە، ئەمەش لەناو ماڵەکەی خۆیدا ئەبێت پێش شەقام. هەرحزبێک یان ڕێکخراوێک لە ٥٠٪ دەنگ و پێگەکانی بۆ ژنان دەستەبەرنەکات، ئەوا ئەو حیزبە بەرەو نەمان دەچێت و لاواز دەبێت . بەرای من هاوسەنگی کاتێک دروست دەبێت، کە ژن لەرێگەی پۆستەکەیەوە هەوڵی ئەوەبدات زیاتر مافەکانی ژنان دەستە بەر بکات بەکۆکردنەوەی دەنگی هەموو قەوارە سیاسییەکان لەناو پەرلەماندا و لەناو حکومەتدا لەگەڵ هاو پیشەکانیدا بۆ ئەوەی بتوانن گۆڕانکاری لەماوە یاساییەکان و دەستورییەکان بکات، کە پێشێلی مافەکانی ژنانە.

# فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لەبەریتانیا

لەپێناو بەرەوپێشبردنی هونەری فیلمسازی کوردی و نمایشکردنی تواناکان، ناوەندی داهێنانی فیلمی کوردی چوارەمین ڤێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە شاری مانچستەری وڵاتی بەریتانیا بەڕێوەدەبات، ڤێستیڤاڵەکە هەلێکی باش بۆ نمایشکردنی کلتووری کوردی به دنیای دەرەوە دەرەخسێنێت ئەمە جگە لەوەی هەلێکی گونجاویشە بۆ فیلمسازان، کە تیادا فیلمەکانیان نمایشبکەن. شایانی باسە ئەم ڤێستیڤاڵە جگە لە ناوەندی داهێنانی فیلمی کوردی، وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری دەکات.

ماوەی ڤێستیڤاڵەکە لە ١٣ – ١٦ / ٨ /٢٠٠٩ بەڕێوەدەچێت، دواپین ماوەش بۆ وەرگرتنی فیلمەکان ١٥ / ٦ /٢٠٠٩ یە و بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویست دەتوانرێت سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکرێت.

www.kurdishcreativefilm.com

# شـــەڕە گورگ

**زانا هەورامی**

هەفتەیەک بەر لە گەمەی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران، بۆ یەکەمجار بوو کە پاڵێوراوە دەستچینکراوەکان لە رووبەڕووبوونەوەیەکی تەلەفیزیۆنیدا دەردەکەون و بەمەش نەفرەت و بێزاریی خەڵکی سەرانسەری ئێران و بگرە جیهانیش لە بەرانبەر ئەم رژێمە دەگاتە لووتکە. چونکە ئەوەی نەکەوتە بەرباسی ئامادەبووانی ئەم رووبەڕووبوونەوەیەولەبەرچاویان نەگرت، خەڵک و مافەکانیان بوو. بە پێچەوانەوە ئەوەی بەدیکرا، شەڕی نێوان گورگەکان بوو. جا ئەم گورگانە، رەفسەنجانی و خاتەمی و ئەحمەدی نەژاد بێت یان مووسەوی و کەڕوبی و رەزایی و کێ و کێ. ئەوەندەی بگەڕێتەوە بۆ سەرکوتکردن و کوشتاری خەڵک، خستنە ژێرپێی مافەکانیان و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی خەڵک، هەناردەکردنی تیرۆر و توندڕەوی ئیسلامی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و . هتد، ئەوان هیچ شەڕ و کێشەیەکیان لە ناودا نییە و یەکگرتوون. مەگەر بۆنەیەکی وەک گەمەی هەڵبژاردان بێتە پێش ئەوان وەک گورگ دەکەونە گیانی یەکتر.

**کارنامەی رژێمی ئێران لە ماوەی ٣٠ ساڵ دەسەڵاتدا**

• دەرکردنی فتوای جیهاد لە لایەن خومەینییەوە دژ بە گەلی کورد، کە ئەحمەدی نژاد یەکێک بووە لە بەڕێوەبەرانی فتواکە.

• سەرکوتکردنی رێکخراوە خەباتکارەکان و کوشتنی ئازادیخوازان.

• ئیعدام و ئەشکەنجەی سەدان هەزار کەس لە رۆڵەکانی خەڵکی ئێران و بە تایبەتی ئیعدامی ٣٣ هەزار زیندانیی سیاسی لە ساڵی ١٣٦٧ هەتاوی (١٩٨٨) لە ماوەی دوو مانگدا، کە هەر دوو لایەنی ئەم دیدارە تەلەفیزیۆنییە رۆڵی راستەوخۆیان هەبووە تیایدا

• دەستگیرکردنی ژنان و لاوان و خەڵکانی دی بە ملیۆن لە سەرانسەری ئێران.

• بەردەبارانکردنی ژنان و ئیعدامی لاوان لە سەرشەقامەکان و سەرکوتی خۆپیشاندان و راپەڕینە جەماوەرییەکانی وەک راپەڕینی کوردستان (هەر ساڵە نزیکەی ٤٠٠ ئیعدام و سەرکوتی ٤٠٠٠ خۆپیشاندان و نارەزایەتی).

• درێژەدان بە شەڕی ئێران و عێراق دوای ساڵی ١٣٦١ هەتاوی کە حکومەتی عێراق پاشەکشەی بە هێزەکانی خۆی لە ناو خاکی ئێراندا کرد و بواری ئاشتی رەخسا. ئەم شەڕە بووە هۆی کوژرانی



ئەحمەدی نەژاد سەرۆکی کێشەلەسەربووی ئێران

ملیۆنێک و کەم ئەندامبوونی دوو ملیۆنی دی.

• گرانی و نەداری و بێکاری و برەودانی گەندەڵی و لەشفرۆشی و ئیعتیاد و پاشان ئیعدامکردنی تووشبووانی.

• قەتڵە زنجیرەییەکان، هەناردەکردنی تیرۆرو ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و کردەی تیرۆریستی بەڵگەدار.

• دەست تێوەردانی تیرۆریستی لە عێراق و بەرێخستنی شەڕی تایفی تیایدا، کە بۆتە هۆی کوژرانی سەدان هەزار کەس.

• هەڵایسانی شەڕی براکوژی لە هەرێمی کوردستانی عێراق..

• ٥٥ جار مەحکومکرانی رژێمی ئێران لە لایەن دام و دەزگا نێودەوڵەتییەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هۆی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی مەلاکاندا.

• پیلانگێران و دانوستاندن لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا بۆ بلۆککردنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و ناوزەدکردنیان لە لیستی تیرۆر، یان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بۆ گەڕاندنەوە یان دەرکردنیان لە عێراق.

• چالاکییە نهێنییەکانی ئەم رژێمە بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆم.

• دەیان نموونەی دیکە.

لە راستیدا هەر دوو لایەنی چاوپێکەوتنەکە نەیاندەوێرا لەم کارنامەیە نزیک ببنەوە. لەبەرئەوەی هەموو باڵەکانی ئەم رژێمە رۆڵی گرنگیان هەبووە لەم کردارنامە رەشەدا بە ئێستاشەوە.

ئەوەی لەم رووبەڕووبوونەوەیە بیسترا و بینرا، تەنیا بەشێکی بچووکە لە راستییەکانی ئەم رژێمە و کاربەدەستەکانی. بێگومان ئەوان لەمجۆرە کاتانەدا خاتری یەکتر دەگرن و باس لە زۆر شت ناکەن و لەوە دەترسن، کە خەڵک بە نهێنییەکانی ئەم رژێمە بزانن و زۆر لەوە وریان، کە رووبەڕووبوونەوەکان بە قازانجی خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنی جددی رژێم تەواو نەبێت.

میر حوسێنی موسەوی، ئیدارەی ئەحمەدی نەژادی ئاوا وەسف کرد: "بەڕێوەبەرایەتییەک کە بەردی بناغەی لەسەر ئاژاوەگێڕی و ناسەقامگیرکردن و مامەڵەکردنی نمایشی و خۆ بە قارەمان نواندن و دروشمییە. بە پێی خەیاڵ و خورافەگوتن و چەواشەکاری و نهێنیکارییە. بە پێی خۆباییبوون و پاوانخوازی و پێشێلکردنی یاسایە. رواڵەتی و سیاسەتی رۆژانە و توندڕەویە".

مەحمود ئەحمەدی نەژادیش گوتی: ئەمرۆ تەنیا موسەوی لە بەرانبەر خۆمدا نابینم. بەڵکو سێ دەوڵەتی یەک لە دوا یەک لە بەرانبەر خۆمدا دەبینم. هەم دەوڵەتی موسەوی، هەم دەوڵەتی هاشمی رەفسنجانی و هەم دەوڵەتی خاتەمی. ئەم سێ دەوڵەتە لە رابردوودا پێکەوە بوون. ئەمانە جەماعەتێکن هاشمی رەفسەنجانی مێحوەری سەرەکی و موسەوی و خاتەمی هاوکاری بوون».

**چەند راستییەکی گرنگ و زەق**

لەم رووبە ڕووبوونەوە تەلەفیزیۆنییەداگەرچی راستییەکی زۆر دەرکەوت دەربارەی ئەم رژێمە، بەڵام بە رای من ئەمانەی خوارەوە زەقترن:

یەکەم: هەڵبژاردن لەم رژێمەدا و پاڵێوراوەکان، هیچ پەیوەندییەکیان بە خەڵک و مافەکانی خەڵکەوە نەبووە و نییە. ئەوەی بووە بە ئێستاشەوە، شەڕ و کێبڕکێی نێوان باڵە تاڵانکەر و سەرکوتکەرەکانی ئەم رژێمەیە. گرنگ پێناسەی ئەم رژێمە کە بەردی بناغەی لەسەر ویلایەتی فەقیە و تیرۆر و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و سەرکوتکردنی خەڵکە.

دووهەم: لەم رژێمەدا ئەوە گرنگ نەبووە و نییە کە سەرکۆمار کێ بێت. رەفسەنجانی یان خاتەمی، ئەحمەدی نەژاد یان موسەوی یان هەر کەسێکی دی. رژێمەکە رژێمێکی دیکتاتۆری و سەرکوتکەرە و ئەو دروشمانەی باڵەکانی رژێم بەرزی دەکەنەوە، تەنیا و تەنیا بۆ فریودان و لەخشتەبردنی خەڵک و کۆمەڵە و ئەمەش کاتی بەسەرچووە و هەر هەموویان ئێکسپایەرن.

سێهەم: تەنیا چارەسەر بۆ رزگاربوونی خەڵک و کۆمەڵ، چ لە ئێران و چ لە دەرەوەی ئێران، ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکی و سەرسەختی ئەم رژێمەیە، کە پێویستە پشتگیری بکرێت و بە رەسمی بناسرێت.

چوارەم: ئێستا کە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و بە تایبەتی ئەوانەی لە کەمپی ئەشرەف لە سەر خاکی عێراقدا نیشتەجێن، خێراترین هەنگاو، بانگەواز بۆ لابردنی ئابلۆقەدانی کەمپەکەیە، کە لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە بە سەر دەوڵەتی عێراقدا سەپێنراوە و پێویستە پشتگیری بکرێن و عێراقێکی بەهێز، سەربەخۆ و دیموکراتیش وا دەخوازێت!

# حیکایەتی شار .. دوعا



**محەمەد کەریم نانەوا**

لە کوردەواریدا زۆر بڕوایان بە وێردو"دوعا"هەیە، جا چ لەبواری خێرخوازی بێ، یان لە ستەمکار و شەڕخوازان بێ، لەم بوارەدا پێشینان دەگێڕنەوەو دەڵێن: لەکۆنی کۆنەوە، ڕۆژێک لەڕۆژان پیرەمێردێکی بەناوساڵدا کەوتووی پیادەڕۆ، ڕێی دەکەوێتە چیاو چۆڵ و هەورازە ڕێ، هەورازەکە زۆر رک و سەخت و بەرزو دژوار دەبێ، پیرەمێرد لەنیوەی ڕێگا، لە قەدی چیا شنگ و تاقەتی لەبەر دەبڕێ و پەکی دەکەوێ، لەدڵی خۆیدا دوعا دەکات و دەڵێ: یارەبی خودایە بە میهرەبانی خۆت بەزەییت پێمدا بێتەوە، ڕێبوارێ، ئەسپ سوارێ، کاروانێ بنێری، بەڵکو بەفریام بکەوێ لەم هەورازەڕێیە رزگارم بێت، کاتێ ئاوڕ دەداتەوە دەبینێ سوارماینەک وادێ، ئیدی پیرەمێرد هەناسەیەکی شادومانی هەڵدەکێشێ، چونکە هەڵبەتە گومانی نەبوو، پێیوابوو کە سوارماین بەم حاڵەوە بیبینێ بەزەیی پێدا دێتەوە، دوو پشتەکی لەپشتی خۆی سواری دەکات، کەچی سوارماین دەگاتە لای بێ سەلام و گفتوگۆ پێی دەڵێ: کورە کابرا، ئەم پشدێنە لەپشتە خۆت بکەوە، ماینەکەم تازە زاوە"جوانی"یەکەی ناتوانێ ڕێ بکات، بەم پشدێنە جوانییەکە لە پشتەخۆت ببەستەوە، هەتا دەگەینە دۆڵایی چیا هەڵیگرە، ئیدی هەرچەند پیرەمێرد لێی دەپاڕێتەوە و دەڵێ: خوارزا، بۆ خاتری خودا وازم لێبێنە، من بۆ خۆم لە پەل و پۆ کەوتووم، چ جای جوانە مایینی تۆ لە کۆڵەخۆم هەڵدەم، کاکێ: گوریس بە یەکلایی پێناگا، دوولایی کەیتەوە چۆن، سوار مایین پێیدەڵێ: ئەم فلتە فلت و چەقە چەقە لای من پارەو پوول ناکات، ئەسڵەن دادت نادات، ئێستا دەڵێی چی هەڵیدەگری یان هەر لێرە لەجێوە ساردت بکەمەوە، بۆخۆت سەرپشک بە.

پیرەمێرد سەری بەرز دەکاتەوە بۆ ئاسمان و دەڵێ: ئەی خودای پەروەردگار، من داوای فریادڕەسم لێکردی، بێ بەفریام بکەوێ، نەک ئەم فریادڕەس و فریاکەوتنەو جوانی هەڵگرتن، ئێستا نازانم چ ناوێکی لێ بنێم.

ئێمەش گەلانی عێراق بەگشتی، دوعامان کرد، نەزرمان لەخۆمان گرت، قوربانیمان دا، فریادڕەسێک بەهانامانەوە بێ، لە حوکمی لاساری و ملهوڕی دیکتاتۆرییەتی بەغدا رزگارمان بێت، ئەگەرچی دوعا قبووڵ بوو دیکتاتۆرێک وەل بوو، بەڵام بەسەدان دیکتاتۆر شوێنی دیکتاتۆریان گرتۆتەوەو لێمان چوونەتە سەر کەلی دارێ، پێدادەگرن و نایەنە خوارەوە، دەڵێن: ئێمە حەمکۆینە، خاوەنی تفەنگی خۆینە. کەواتە پێشینان راستیان گوتووە، کە دەڵێن: ئەوەی لەمشک بێ هەنبانە دڕە.

## تەنــــز

هەموو سەرەتایەک بەترسە، هەرچەندە خاڵی وەرچەرخانە بەرەو ئەو ئاواتانەی مرۆڤ لەو ڕێیەوە هەنگاوی بۆ دەنێت. لەژیانمدا بۆ جارێک چییە نەچوومە سەر تەختی شانۆ، ئاوا بەرامبەر حەشاماتێکی زۆر بوەستم و قسەیان بۆ بکەم. وا هاتە پێشەوە ئاهەنگێکی گەورەو خنجیلانە ڕێکخراو روویان لێنان وەکو بەرپرسی ئەو کۆمەڵەیە وتارێک بنووسم و لەو ڕێوڕەسمە پێشکەشی بکەم، هەرچەندە لەنووسیندا هیچ عەیب و عارێکم نەبوو، دوو لاپەڕەی پان و پۆڕم نووسی و بە دەیەهاجار خوێندمەوە، بەجۆرێ کە چوومە سەر تەختی شانۆ، لێم تێک نەچێ.

ڕۆژی پاشتر لەسەر یەک لە کورسییەکانی پێشەوە دانیشتبووم، دڵەکوتێم بێ ئەندازە لێیدەدا. کاتێک بانگکرام وتاری بەخێرهاتن پێشکەش بکەم. راست بوومەوە، پێم هەڵێنا، بەری چاوم تاریکداهات و قاچم شەش و بێشی دەکرد. هەر چوومە سەر تەختی شانۆ، نازانم پێم لەچی گیربوو، هەڵخلیسکام، خوا رەحمی کرد بەدەمدا نەکەوتم و دەمم پڕخوێن نەبوو، زوو خۆم گرتەوە. لەبەردەمم لافیتەو لەبەرامبەر ئەو حەشاماتە زۆرە وەستام، هەناسە بڕکێکم پێکەوتبوو وامدەزانی ئەوە بە دەیەها کەس کەوتوونەتە دوام بمگرن و بمکوژن، بەدەستێکی زۆر لەرزۆکەوە کاغەزەکەم لەبەر باغەڵم دەرهێناو کردمەوە، لەلایەک قاچم دەلەرزی و دەترسام بەپشتا بکەوم و سەرم دەشکێ ئەگەر لەهۆش خۆم نەچم، پێیەکانم توونند کرد تا هاوسەنگی خۆم رابگرم. وەلێ ئەفسوس وشەکانی سەر ئەو دوو لاپەڕەیە لەپێش چاومدا وەها سەرچۆپیان گرتبوو، سەگ ساحێبی خۆی نەدەناسییەوە، هەرچەندی کردم و کۆشام بەهۆی ئەو دەست لەرزینەوە نەمتوانی وشەکان لەو شاییە رابگرم و بیانخوێنمەوە. کە وتم: بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، هەناسەم سواربوو، کەوتمە کۆخە کۆخێک ئەگەر زوو دەبە ئاوێکیان بۆ نەهێنابامایە، ڕێک دەخنکام و بەناچاری چل و دوو دێر نووسینم کورت کردەوەو لە دێرێکدا، کە کاغەزەکەم دەق و نوشت کردو کردمەوە باخەڵم وتم:"بەناوی خوای گەورەو میهرەبان. بۆ ئەم ئاهەنگە بەخێربێن و سەرسەر و سەرچاوان. زۆر سوپاس".

بوو بە فیکە فیک و چەپڵە ڕێزانێک ئەوسەری نەبێتەوە. پێکەنینی ئەو خەڵکەش لەولاوە بوەستی تەواو نیگەرانی کردم، چونکە دەمزانی بە من پێدەکەنن. ئەو ڕۆژە دوای تەوابوونی ئاهەنگەکە چوومە ماڵ و، چووم هەرچی جلوبەرگێکم لەناو بۆفییەکەدابوو هەموویم هێنایە ئەو گۆڕەو کردمە چەند کۆمەڵەیەک و خۆشم لەسەرەوە لەسەر کورسییەک دانیشتم، بەخەیاڵ وا ئەو جلوبەرگانەم دەهێنایە بەرچاو ئەوە خەڵکێکی زۆرەو گوێیان رادێراوە بزانن چ شەکرێکیان بۆ دەشکێنم. زۆرجار دایکم کە دەهاتە ژوورەوەو منی دەبینی ئەوە بەتەنیا لەژوورەوە دانیشتوومە دەنگ هەڵدەبڕم، دەستم دێنم و دەبەم قسەی زل زل دەکەم، دەیوت: کورەکەم ئەوە تێک نەچووی؟ یا ئەوەتا لەگەڵ شەیتان قسە دەکەی. بەم شێوەیە وام لێهات لەهەر کۆڕ و ئاهەنگ و بۆنەیەک بەبێ ترس و بەبێ دەست و قاچ لەرزین، بەبێ ئەوەی هەناسەم بگیرێ، قسە دەکەم.



شاخەوان عەلی حەمەد

ماڵێکی دە نەفەری بوونە دراوسێمان، تەواو نەیانمدەناسی، یەکێک لەو ئافرەتانەی ئەو ماڵە هەتا بڵێی نەشمیل و جوان بوو، جوانییەکەی سەرنجی راکێشام، بەغایەلەی ئەوەوە شەو بکەمەوە تا دەگەیشتمە ئەو بڕیارەی موسارەحەی بکەم و پێی بڵێم: خۆشم دەوێی.

لەشەوی یەکەمدا هەندێ شتم هۆنییەوە، کە بەیانی رووبەڕووی بوومەوە، بێ پەروا قسەی لەگەڵ بکەم و پێی بڵێم:"خۆشم دەوێی". بەیانی وا هاتە پێشەوە لەڕێی بازاڕ بەڕووی یەکدا تەقینەوە. دوای چاک و چۆنی، وتم:"روخسەت هەیە هەندێ قسەت لەگەڵدا بکەم؟" بەبزەیەکەوە وتی:"ئەی بۆ نا. فەرموو"چەندی کردم و کۆشام، قسە لەدەممدا وەکو تەلاشە دارێک گیربوو، هیچم بۆ نەوترا، بەناچاری وتم:"ئەرێ سەعات چەندە؟"بەپێکەنینەوە وتی:"ببوورە سەعاتم پێ نییە". "خواحافیز""خواحافیز".

لەشەوی دووەمدا هەندێ شتم هۆنییەوە کە بەیانی رووبەڕووی بوومەوە، بێ پەروا قسەی لەگەڵ بکەم و پێی بڵێم:"خۆشم دەوێی". بۆ بەیانی وا هاتە پێشەوە لەڕێی بازاڕ بەڕووی یەکدا تەقینەوە، دوای چاک و چۆنی، وتم: "روخسەت هەیە هەندێ قسەت لەگەڵدا بکەم؟" بەبزەیەکەوە وتی:"ئەی بۆ نا. فەرموو"چەندی کردم و کۆشام، قسە لەدەممدا وەکو تەلاشە دارێک گیربوو، هیچم بۆ نەوترا، بەناچاری دە دینارییەکم لەباخەڵم دەرهێناو وتم:"ئەرێ ئەو دە دینارەم بۆ ورد ناکەیتەوە؟!". بەپێکەنینەوە وتی:"ببوورە جانتای پارەم هەڵنەگرتووەو ئەوەی پێمبوو بەو شتانەم داوەو وا دەگەڕێمەوە""خواحافیز".

لە شەوی سێیەمدا هەندێ شتم هۆنییەوە کە بەیانی رووبەڕووی بوومەوە، بێ پەروا قسەی لەگەڵ بکەم و پێی بڵێم:"خۆشم دەوێی". بۆ بەیانی وا هاتە پێشەوە لەڕێی بازاڕ بەڕووی یەکدا تەقینەوە، دوای چاک و چۆنی، وتم: "روخسەت هەیە هەندێ قسەت لەگەڵدا بکەم؟" بەبزەیەکەوە وتی:"ئەی بۆ نا. فەرموو"چەندی کردم و کۆشام، قسە لەدەممدا وەکو تەلاشە دارێک گیربوو، هیچم بۆ نەوترا، زۆرم لەخۆ کرد و پێم بە جەرگمەوەنا، وتم:"دەزانی من تۆم خۆشدەوێ؟!".

بەپێکەنینەوە وتی:"ببوورە، من مارەکراوم و سبەی دەمگوازنەوە".

خەریکبوو لەجێوە بەرببمەوەو لەهۆش خۆم بچم، ناچاربووم درۆیەکی زل و شاخداری بەگوێدا بپچڕێنم، بە هەڵپەیەکەوە وتم:"مەبەست لەخۆشەویستی هیچ نییەتێک نییە، تەنها ئەوە نەبێ کە تۆ کچێکی ڕێکوپێک و بەڕێزی و دەزانم مارەکراوی، لێرەوە سەدجار هیوای ژیانێکی خۆش و بەختەوەرت بۆ دەخوازم"، "خواحافیز""خواحافیز".

لەورۆژەوە ترس وایلێکرم بەهیچ کچێک نەڵێم خۆشم دەوێی، کە ژنیشم هێنا بەخۆشەویستی نەبوو. دوای تەمەنێک بە دەیەها کتێبم لەسەر خۆشەویستی چاپ کردووەو لە چاوپێکەوتنێکدا وتیان:"چۆن دەروانییە خۆشەویستی؟" بەپێکەنینەوە وتم:"خۆشەویستی ئەو شتەیە کە لەژیانمدا تێینەگەیشتووم".

## دلشاد تۆفیق گوڵەی تۆمارکرد

**تایبەت بە هونەری بەدرخان**

هونەرمەندی گۆرانیبێژ دلشاد تۆفیق لەو ماوەیەدا گۆرانی گوڵەی تۆمارکرد لە ئاواز و هۆنراوەی هوشیار عەبدوڵڵا و سکوێنسەری ڕێباز زیرەک و ئەندازیاری دەنگ تاریق خانەقینی لە ستۆدیۆی هونەری شاری هەولێر.

لەم بارەیەوە دلشاد تۆفیق لە لێدوانێکی تایبەت بە بەدرخان گوتی: دوای بڵاوکردنەوەی سیدییە نوێکەم "ئیتر" لەو ماوەیەدا گۆرانی "گوڵە" لە ئاواز و هۆنراوەی هوشیار عەبدوڵڵا تۆمار کرد، بە نیازیشم لە ماوەیەکی نزیکدا کلیپ بۆ ئەو گۆرانییە ئەنجام بدەم و لە ڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاوی بکەمەوە".

سەبارەت بە کاستی ئیشکردن لە تۆمارکردنی ئەو گۆرانییە دلشاد گوتی: "ئەو گۆرانییە لە ستۆدیۆی هونەری شاری هەولێر تۆمارکراوە، کە تاریق خانەقینی وەک ئەندازیاری دەنگ و ڕێباز زیرەک وەک سکوێنسەر بەشداربوون، هەروەها هەریەک لە "هەڵبەست سەڵاح و ڕێباز زیرەک بە کەمان و هۆزان بە چەلۆ و چەند مۆسیقاژەنێکی دیکە لە تۆمارکردنی ئەو کارە بەشداربوون و بەرهەمەکەشم لەسەر ئەرکی خۆم تۆمار کردووە و ئاوازی گۆرانییەکەش شێوازی هەڵپەرکێی لەخۆ گرتووە.

جێی ئاماژەیە دلشاد تۆفیق ماوەیەکە لەدنیای هونەر کاردەکا و ماوە ماوە بەرهەمی سینگڵ دەخاتە بەر دیدەی خوێنەرانی و لەو دواییانەشدا سیدی نوێی خۆی بڵاوکردەوە، کە خۆی لە ١٢ تراک دەبینێتەوە.



دڵشاد تۆفیق


# هونەری بەدرخان

Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی هونەریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

بەسەرپەرشتی: مەسعودی مەلا هەمزە

masoud_ibrahim_ar@yahoo.com

ژمارە ٣١ - ١٢٠ - دووشەممە ٢٠٠٩/٦/٢٢ی زایینی


## پرۆفیشناڵ

## ڕۆژی جیهانی میوزیک

لەو سەردەمی جیهانبینی و عەولەمەیەدا زۆرن ئەو ڕۆژانەی تایبەت کراون بۆ بۆنە و یاد و پیشەکان، دوابەدوای ساڵی ٢٠٠٣ کوردستانیش بە شێوەیەکی بەرفراوان دەرگای واڵا کراوە بۆ یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە جیهانییانە وەکو: " ڕۆژی جیهانی شانۆ، ڤالانتاین، ڕۆژی جیهانی دایک، جەژنی کرێکارانی جیهان، ڕۆژی جیهانی منداڵان، ڕۆژی جیهانی ڕووبەڕووبوونەوەی توند و تیژی....هتد" ئەمانە و چەندین بۆنە و جەژنی دیکە لە کوردستان یادیان دەکرێتەوە و بەرز ڕادەگیرێ.

یەکێ لەو ڕۆژە جیهانییانەی بەمساڵەوە ماوەی دوو ساڵە لە کوردستان بە شێوەیەکی بەرفراوان یادی دەکرێتەوە ڕۆژی جیهانی میوزیکە، ئەویش "٦/٢١"ە، کە ڕۆژێکی جیهانییە و ساڵانە جگە لە کوردستان لە ٩١ وڵاتی دنیا یادی دەکرێتەوە، کوردستانیش "٩٢"وەمین وڵاتە کە یادی ئەم ڕۆژە دەکاتەوە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە باسی لێوە بکەم، تەنها یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە بەس نییە بۆ ئەوەی بڵێین ڕەوشی میوزیک لە کوردستان لە بارێکی زۆرباش و گونجاو دایە، چونکە هەمووومان دەزانین لەمڕۆی مۆسیقای کوردیدا ڕەوشێکی نالەبار و لێشاوێکی زۆری تەعریب و تەفریس و تەتریک کردن لە بەرامبەر مۆسیقای کوردی هەیە، ئەو لێشاوەش بەشێک لە هونەرمەندانی کورد و دەسەڵاتی کوردی لێی بەرپرسیارن، بەو مانایەی ئەوان لەڕێگای کەناڵەکانیان ئەوەندەی لە خەمی خزمەتکردنی مۆسیقای بیانین، نیو ئەوەندە لە خەمی مۆسیقای کوردیدا نین، ئەو قسانەشم بە مانای کۆنەپەرستی نایە، بەڵام سەیرە میللەتانی دیکەی دنیا لەمڕۆدا دێن سوود لە مۆسیقا و فۆلکلۆری کوردی وەردەگرن، کەچی تازە بە تازە هونەرمەندە بەناو نوێخوازەکانی کورد دێن بەرهەمی ساڵانی شەست و حەفتاکانی میسر و عەرەب دێنن و بەناوی ستایلی کوردی بە گوێگری کوردی دەفرۆشن، هەر ئەوەشە وایکردووە وا خەریکە ئەمڕۆ دیسان لێشاوی گوێگرتنەوە لە مۆسیقا و گۆرانی بیانی سەرهەڵدەداتەوە و گۆرانی کوردی باوی نامێنێ.



مەسعودی مەلا هەمزە

ئاخر سەیرە نازانم چۆن هونەرمەندانی کورد بیر لەوە ناکەنەوە بۆچی فۆلکلۆری کوردییان فەرامۆش کردووە، لە کاتێکدا ئۆرکسترای ژێداری کورد لە فێستیڤاڵی جیهانی میلۆدییەکی فۆلکلۆری کوردیان نمایش کرد و بووە جێی دڵخۆشی و سەرسامی ئامادەبووان.

لە لایەکی ترەوە چەند گەنجێکی گۆرانیبێژ بە پێچەوانەی ئاراستەی کارکردنی گەنجەکانی تر هەڵکەوتوون، ئەویش بەوەی دێن کار لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان دەکەن و بەشێوە و مۆسیقایەکی نوێ تۆماری دەکەنەوە و کلیپی بۆ دەکەن. ئەوەش جێگای دڵخۆشی و بایەخ پێدانە، لەبەرئەوەی هەر خزمەتکردنێک بە فۆلکلۆر و مۆسیقای کوردی خزمەتکردنە بە نەتەوەی کورد لە هەموو ڕوویێکەوە و گرنگترینیان مۆسیقایە.

ئەوەی ماوە بگوترێ لە کۆتاییدا هیواخوازم لەگەڵ یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە حکومەتی هەرێم بە گشتی و وەزارەتی ڕۆشنبیری و راوێژکاری هونەری سەرۆکی حکومەت بە تایبەت ئاوڕی جدی لە مۆسیقای کوردی بدەنەوە و خەمی لێ بخۆن و بە یەک چاو سەیری هەموو هونەرمەندەکان بکەن، وەک چۆن کارکردن بۆ هەندێک هونەرمەند زۆر ئاسان و بەخۆڕاییە بەبێ گوێدانە ئاست و هۆشیاری و ڕۆشنبیری هونەری ئەو هونەرمەندە، بە تایبەتیش ئەگەر هونەرمەندەکە کچ یان ژن بێت، ئەوەش کارێکی دوو لایەنەیە و باش و خراپی هەیە، باشییەکەی لەوەدایە کە هونەرمەندی ئافرەتمان ژمارەیان زۆردەبێ، خراپییەکەشی ئەوەیە گوناهە کوردی خاوەن ئایشەشان ئێستا گۆرانیبێژی ئافرەتی لێ هەڵکەوێ فری بە فۆلکلۆری کوردییەوە نەبێ، بەڵکو کارەکانی تەنها وشەکانیان کوردی بێ و بەس.

ئیتر ڕۆژی جیهانی میوزیک لە هەموو مۆسیقاژەنانی دنیا بە گشتی و مۆسیقاژەنانی کورد بە تایبەتی پیرۆز بێ. هیواداریشم ڕەوشی مۆسیقای کوردی بەرەو باشتر بچێ.

# درامای یوسف پێغەمبەر ... بینەری کورد و حەڵاڵ و حەرام



دیمەنێک لە درامای "یوسفی راستگۆ"

**شیکاری: هونەری بەدرخان**

زنجیرە درامای "یوسفی راستگۆ" لە دەرهێنانی هونەرمەندی کوردی ڕۆژهەڵاتی ئێران "فەرەجوڵڵای سەلەحشوور"، ئەو درامایەیە ئێستا لە کەناڵی هەولێری تەلەفزیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی بەژێرنووسکراوی کوردی پەخش دەکرێ و بینەرێکی زۆری کوردیش سەیری ئەو کارە دەکەن و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ چاوەڕوانی ئەڵقە و ڕووداو و گۆڕانکاری نوێن لە دراماکە، وەکو بەدرخان بەپێویستمانزانی لەم ڕاپۆرتە شیکارییەدا چەند خاڵێک بخەینەڕوو کە لەوانەیە هەموو کەسێک هەستی پێ نەکا یان بۆی ڕوون نەبێتەوە..

**کورتە باسێک لەسەر دراماکانی بۆ پێغەمبەران و لایەنە ئاینییەکان**

ئەگەر سەیری ڕابردوو و مێژووی هونەر بکەین لە جیهاندا، ئەوا دەبینین هاوشان لەگەڵ زنجیرە دراما و فیلمە کۆمیدی و واقیعی و ئەکشنەکان، ئەوا بەشێک لە دەرهێنەران کاری هونەری ئایینیان کردووە، جا چ بۆ کەسایەتییە ئاینییەکان بێ یان بۆ پێغەمبەران و نێردراوانی خودا، بۆ نموونە فیلمی "الرسالە" کە تێیدا باس لە جەنگەکانی نێوان موسڵمانان و بێباوەڕان دەکا و لەوێدا ڕوخساری پێغەمبەری ئیسلام نیشان نادرێ تەنها وەکو ڕووناکی نەبێ، جگە لەوە زنجیرە درامای "یارانی ئەشکەوت- اصحاب الکهف" و فیلمی "قلب الاسد"، کە بۆ سەرکردەی ئایینی ئیسلامی و ڕزگارکەری قودس "سەڵاحەدینی ئەیوبی" بەرهەم هات، ئەمە جگە لە چەندین کاری دیکەی ناوخۆیی، کە لەو کارانەدا پشت بەستراوە بە ئایەتی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر.

**یوسف لەنێوان حەڵاڵ و حەرامدا**

هەر لەگەڵ دەرکەوتن و نیشاندانی یەکەم ئەڵقە لە زنجیرە درامای "یوسفی راستگۆ" دەنگۆیەکی زۆر بڵاوبوویەوە و خەڵکێکی زۆر حەزیان دەکرد سەیری ئەو کارە بکەن، بەڵام لەترسی حەرام و حەرامکردنی سەیرکردنی ئەو کارانە لەلایەن هەندێ لە مەلاکانەوە نەیاندەوێرا سەیری ئەو کارە بکەن، لە بەرامبەر ئەوەشدا کۆمەڵێک لەزانا و مامۆستایانی ئایینی کوردستان کۆک بوون لەسەر ئەوەی نمایشکردنی ئەو جۆرە کارانە کارێکی ئاسایی و شەرعییە، هەر بۆ نموونە مەلا محەمەد سەرگەینەڵی لە وتارێکیدا لە ژمارە "٥" گۆڤاری ژواندا باس لەو دوودڵییە دەکا و بە هێنانەوەی بەڵگەی ئایەت و فەرموودەی پێغەمبەر "د-خ" قسەکانی پشتراست دەکاتەوە و دەیسەلمێنێ کە نمایشکردنی ئەو جۆرە کارانە حەڵاڵە نەک حەرام.

**یوسف و یارانی ئەشکەوت بۆ لە ئێران**

هەردوو زنجیرە درامای "یارانی ئەشکەوت و یوسفی راستگۆ" لە وڵاتی ئێران و بە ستافێکی ئێرانی بەرهەم هێنراون، کە دیاریشە ئامانج لە بەرهەمهێنانی ئەو درامایانە خستنەڕوو و نیشاندانی ڕووە ڕاستەقینە و جوانەکانی ئایینی ئیسلام و گەورەیی خودای گەورەیە، بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە لە بەرامبەر بوونی "٢٢" وڵاتی عەرەبی خاوەن کیان و هونەرمەندی لێهاتوو و ستافی چالاک، بۆچی ئێران ئەو کارانە بەرهەم دەهێنێ، خۆ ڕاستە ئێران وڵاتێکی ئیسلامییە، بەڵام بۆچی وڵاتانی عەرەبی ئەو کارە ناکەن، کە پێویستییەکی سەرەکی ئەوانە، لەبەرئەوەی ئەوان دەڵێن ئێمە وڵاتێکی ئیسلامین، کەچی تا ئێستا خۆیان لە قەرەی ئەو کارانە نەداوە، لە کاتێکدا بەدەیان فیلمی ڕۆمانسیان بەرهەمهێناوە.

**ژێرنووسێکی سەقەت**

ئاشکرایە نەوەی ئەمڕۆی کوردستان بەشێکی کەمی نەبێ، جگە لە زمانی دایک زمانانی دیکە نازانن، ئەوەش زۆرجار وایکردووە بینەری کورد بێ بەش بێ لە بینینی کارە عەرەبی و جیهانییەکان، بەڵام ئەوەی جێی دڵخۆشییە لەو ساڵانەی دواییدا لە کوردستانیش چەند کەناڵ و کۆمپانیایەک کاری وەرگێڕان و ژێرنووس کردن ئەنجام دەدەن، ئەوەی لێرەدا گرنگە باسی بکرێ ژێرنووسی زنجیرە درامای "یوسفی راستگۆ"یە، کە وێڕای دەستخۆشی لە ستافی ئەو کارە و کەناڵی هەولێری تەلەفزیۆنی یەکگرتوو، بەڵام زۆر بەداخەوە ژێرنووسی ئەو کارە بەشێوەیەکی سەقەت ئەنجامدراوە، جاری واهەیە لە دراماکەدا چەند حیوارێک دەگوترێ کەچی ژێرنووسەکەی بوونی نییە، ئەوە جگە لەو هەڵانەی لە نووسین و تایپکردنی ژێرنووسەکان کراوە، بۆیە پێویستە لەمەودوا کاری باشتر و جدیتر بۆ بەرهەمی ئاوا بکرێ.

**بینەری کورد و یوسف**

نکۆڵی لەوە ناکرێ بینەری کورد هەر ئەوەندەیە ڕووی لە سەیرکردنی کارێک کرد، ئەوا زۆر تامەزرۆیانە و بەشێوەیەکی جدی سەیری دەکا، ئەگەر ئێستا سەیری شەقامی کوردی بکەی لە هونەردا باس هەر باسی درامای یوسفە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ ئەو کارە بە شێوەیەکی زۆرجوان ڕووچۆتە ناو دڵی خەڵک، گومانیش لەوە ناکرێ لەو ماوەیەدا ڕێژەی ناولێنانی "یوسف و زولێخا" ڕوو لەزیاد بوون دەکا، ئەویش بەهۆی کاریگەری ئەو درامایەوەیە، هەروەکو پێشتر لە دراماکانی تورکی ناولێنان لە منداڵانی کورد بەنێوی"موهەنەد، نور، میرنا، خەلیل، نەرمین، عەمار، سەحەر، عەلی..."

**بۆ لەم کاتەدا یوسف پەخشکرا؟**

ئەوەی ئێستا کوردستان پێی سەرقاڵە و بۆتە جێ و باس و قسەی خەڵکی مەسەلەی هەڵبژاردنە، بۆیە بەشێک لە خەڵکی پێیانوایە لەو کاتەدا نیشاندانی زنجیرە درامای "یوسفی راستگۆ" جۆرێکە لە گەمە سیاسییەکان و نزیککردنەوەی تاکی کورد لە تەلەفزیۆنی یەکگرتوو، لەدوای ئەویش پەیامی یەکگرتووی ئیسلامی وەکو حزب، ئەگەرنا



کاهینەکانی پەرستگای "ئامون" لە درامای "یوسفی راستگۆ"

## دەستەی کارگێڕی نوێی تیپی شانۆی سالار هەڵبژێردرا

ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/١٨ بە ئامادەبوونی دادوەر و نوێنەری پارێزگای سلێمانی و ئەندامانی تیپ، لە بارەگای تیپی شانۆی سالار لە سلێمانی، لە کەشێکی دیموکراسیدا پرۆسەی هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی نوێی تیپی شانۆی سالار بەڕێوەچوو.

ئەم هونەرمەندانەش بوونە دەستەی کارگێڕی نوێی تیپی شانۆی سالار: (ئەحمەد سالار- سەرۆکی تیپ، ئەرسەلان دەرویش- سکرتێری تیپ، یونس حەمە کاکە- ژمێریار، یاسین قادر بەرزنجی- بەڕێوبەری هونەری، ئاشتی عوسمان دانش- ئەندامی دەستەی کارگێڕی، پێشەوا عومەر- ئەندامی دەستەی کارگێڕی، ئەنوەر قادر رەشید- ئەندامی دەستەی کارگێڕی).

تیپی شانۆی سالار یەکێکە لە تیپە شانۆییە پێشەنگ و دێرینەکانی نێو شانۆی کوردی و بەدرێژایی ساڵانی سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو و نەوەدەکانی ئەو سەدەیە و لەپاش راپەڕینی ئازاری کوردستان و تا ئێستاش لە چالاکییەکی شانۆیی و هونەریی بەردەوامدایە و لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا نمایشەکانی پێشکەش بە بینەران کراوە. وەک چۆن لە پۆلێنکردنی تیپە شانۆییەکانی کوردستانیشدا پلەی پێشەنگی تیپەکانی پێ بەخشراوە. جێی باسە هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی نوێی ئەم تیپەش هاوکاتە لەگەڵ یادی یۆبیلی زیوینی ئەم تیپەدا کە لە دەستپێکی دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٨٤ ەوە، توانیویەتی گوڕوتینێکی گەورە بە رەوتی هونەریی و شانۆی کوردی ببەخشێت و پێشەنگی بوارەکەی خۆی بێت و رووی گەش و پڕ ئەفراندنی شانۆ و دراما و رۆشنبیریی هونەریی بەرجەستە بکات، هەمیشەش بە بەهرەی جوان و بەرهەمی ناوازەو کاری داهێنەرانە ئومێدی بەجەماوەر و هونەردۆستانی کوردستان بەخشیوە.

هەورەها تیپی شانۆی سالار خاوەن گۆڤارێکی ئەکادیمییە بە ناوی (شانۆ) کە دوو مانگ جارێک بە هەردوو زمانی (کوردی و عەرەبی) بڵاودەکرێتەوە و هاوکات لەگەڵ گۆڤارەکەشدا زنجیرەی کتێبی شانۆیی چاپ و بڵاودەکاتەوە کە تا ئێستا (١٢) ژمارەی گۆڤاری (شانۆ) و (١٢) کتێبی شانۆیی بڵاوکردۆتەوە و لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێتیش خاوەن سایتێکە بەناونیشانی (www.shanoo.info) کە بەرهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی هەواڵ و زانیاری و بابەت و لێکۆڵینەوەی شانۆیی دەخاتە بەر دیدەی خوێنەران.

**راگەیاندنی تیپی شانۆی سالار**

# مستەفا زەمانی "حەزرەتی یوسف" لە دیدارێکی تایبەتی بەدرخاندا

**مستەفا زەمانی ئەو ئەکتەرە بە رەچەڵەک ئێرانییەیە، کە لە زنجیرە درامای "یوسفی راستگۆ"دا رۆڵی "یوسف- یوزارسیف"ی بەرجەستە کرد، ئەو رۆڵ بینینەش لە دنیای عەرەبی و ئیسلامیدا دەنگی دایەوە بەوەی کە نابێ مرۆڤەکان رۆڵی پێغەمبەران ببینن و روخساریان لەشوێنی ئەوان بەدەربکەوێ، بۆ ئەو مەبەستە و رۆڵبینینی مستەفا زەمانی لەو درامایەدا تیمی بەدرخان لە تاران بەپێویستیزانی ئەو دیدارەی لەگەڵ سازبکا...**


مستەفا زەمانی لە رۆڵی حەزرەتی یوسف لە درامای "یوسفی راستگۆ"

### تیمی بەدرخان- تاران

*** دەکرێ سەرەتا باسی خۆت بکەی، کەی و لەکوێ هاتوویتە دنیاوە؟**

– ناوم "مستەفا زەمانی"یە، لەدایکبووی ساڵی "١٩٨٢"ی تارانم، تازە هاتوومەتە ناو کاری دراما و سینەماوە، بۆیە یەکەمجاریشە دێمە بەردەم کامێراو رۆڵی حەزرەتی یوسف دەبینم.

*** پێشتر هیچ کارێکت ئەنجام نەداوە، چ وەک ئەکتەری شانۆ یان تەلەفزیۆن، چۆن بوو دەرهێنەری سینەماکار فەرەجوڵڵای سەلەحشۆر هەڵیبژاردی؟**

– بە تێست و تاقیکردنەوە، ساڵ و نیوێک لەمەوپێش بۆ ئەم کارە خرامە بەردەم تاقیکردنەوە و قبوڵ کرام بۆ ئەوەی رۆڵی یوسف ببینم.

*** ئایا دەرهێنەر رازییە لە رۆڵ بینینت؟**

– هەست دەکەم زۆر رازییە لە رۆڵەکەم، هەرچەندە کە ناکرێ من قسەبکەم لەمبارەیەوە، باشترە لەخۆی بپرسن.

*** پێتوانیە هەڵبژاردنی رۆڵی یوسف لە درامایەکی ٤٨ ئەڵقەییدا بۆ ئەکتەرێک کە یەکەم جاریەتی دێتە بەردەم کامێرا قورسە؟**

– راستە ئەمە خۆی بەجۆرێک قورسە، بەڵام رستەیەک هەیە دەڵێ تاوەکو کارێکی قورس نەکەی سەرکەوتن بوونی نییە، تۆ کاتێ دەتوانی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بێنی کە کارێکی قورس بکەیت، دیارە مەترسی شکستیش هەیە لەم کارەدا بۆ من، هەروەها دەکرێ سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بێنم تیایدا، بەڵام ئەو دەرهێنەرە دەتوانێ بە باشترین جۆر رێنمایی ئەکتەرەکەی بکات بۆ ئەوەی باشتر رۆڵەکەی ببینێ.

*** بۆ نزیکبوونەوە لە رۆڵی یوسف چەند لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و خوێندنەوەت هەبوو؟**

– دیارە مرۆڤ ناتوانێ بچێتە جێگای پێغەمبەر، بەڵام دەتوانی رۆڵی کەسێکی زۆر باش ببینێت کە رۆڵی کەسێکی وەک یوسفە، لەبەرئەوەی خۆشم موسڵمانم و بیروباوەڕی ئایینیم هەیە، زۆرباش دەتوانم لەو رۆڵە نزیک ببمەوە، چونکە ئەویش هەوڵی داوە بە پاکی و چاکەی خۆی لەخوا نزیک بێتەوە، بە چەندین بەرگ کتێبی ئایینیم خوێندۆتەوە، هەروەها تەفسیری سورەتی یوسف و چەندین لێکۆڵینەوەی تر کە تا ئێستا لەسەری نووسراوە خوێندوومەتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر بچینە ناو کەسایەتی یوسفەوە، کە کەسایەتییەکی زۆر باشە.

*** چی بووە هۆی ئەوەی رۆڵی یوسف قبوڵ بکەیت لەو درامایەدا، چ شتێکی ژیانی ئەو سەرنجی راکێشای و پێشتر تاچەند ئاشنای ژیانی بوویت؟**

– بەرادەیەکی ئاسایی ئاشنای ژیانی یوسف بووم، بەڵام حەساس بوونی رۆڵەکەو گرنگی و گەورەیی کەسایەتی یوسف سەرنجی منی بۆ لای خۆی راکێشا. ئەوەش بڵێم کە من لاوم و خۆویستم و خۆویست بۆ پێشکەوتنی زیاتر، تەمام هەیە بۆ ئەوەی زیاتر پێش بکەوم، وەک هەر گەنجێکی تر، بۆیە ئەمە شەخسییەتێکە بۆ من دەمەوێت ئەو شەخسیەتە لەدەست نەدەم و زۆرترین کەڵکی لێ وەربگرم.

*** سوپاس بۆ ئەم گفتوگۆیە...**

– سوپاس بۆ ئێوەش تیمی بەدرخان

تێبینی: ئەو دیدارە لە ساڵی ٢٠٠٦ لەکاتی وێنەگرتنی ئەو درامایە لەشاری سینەمای تاران ئەنجامدراوە و لە ژمارە ٦٦ی ٢٠٠٦/٢/٢٢ بەشێوەی راپۆرتێک بڵاوکراوەتەوە.


زولەیخا، ئەفسەری ناو کۆشک، کاری ماما

تەلەفزیۆنە کوردییەکان وا راهاتوون کە ئەو جۆرە کارانە زیاتر لە مانگی رەمەزان نمایش بکەن.

### بەر لەچەند ساڵێک یوسف لەبەدرخان

لە ساڵی "٢٠٠٦"دا و لە گەشتی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بۆ تاران، شاندی بەدرخان کە پێکهاتبوو لە :"حەمید بەدرخان، هەوراز محەمەد، هاورێ محەمەد زادە، شوان تاڤینگ" و بە هاوڕێیەتی "مەریوان هەڵەبجەیی" سەردانی شاری سینەمای تارانیان کردبوو، لەوکاتەدا ستافی درامای "یوسفی راستگۆ" خەریکی وێنەگرتنی ئەو درامایە بوونە، هەر لەوێشدا ستافی بەدرخان چەندین دیداریان لەگەڵ دەرهێنەر و ستافی ئەو کارە ئەنجامدابوو و لە ژمارە ٦٦ بڵاویان کردبۆوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا مەسەلەکە گەرم بۆتەوە وەکو بەدرخان بەپێویستی دەزانین هەر ژمارەیە و دیداری یەک لەو هونەرمەندانە وەکو خۆی بڵاوبکەینەوە.

### یوسف و زولێخا و خۆشەویستی

ئەگەر بە وردی سەیری ناوەرۆکی ئەو درامایە بکەین بە تایبەتی عەشق و خۆشەویستی یوسف و زولێخا ئەوا گەورەیی و پیرۆزی عەشق و خۆشەویستیمان بۆ دەردەکەوێ، بۆشمان روون دەبێتە خۆشەویستی لە هەموو سەردەمێکدا هەبووە و هەر دەشبێ، ئەوەتا هەر لەو درامایەدا دەرهێنەر زیرەکانە نیشانمان دەدا، کە زولێخا چ قوربانییەک دەدا لەپێناوی عەشقەکەی و گەیشتن بە یوسفی خۆشەویستی، هەر لە سەروەت و سامان و جەستە و عەقڵ و هەتا هاوسەری ژیانی خۆشی.

### ئایەتی قورئان دەکرێتە سیناریۆ

زۆرجار گفتوگۆ دەکەوێتە نێوان دەرهێنەران و سیناریستان لەسەر بە فیلمکردنی چیرۆک یا رۆمانێک، بەشێک لە هونەرمەندەکان پێیانوایە ئەو کارە نابێ و شیاو نییە، کەچی ئێمە دەبینین لە درامای یوسفی راستگۆدا دەرهێنەر زیرەکانە و بە پابەند بوون بە دەقی قورئان توانیویەتی ئایەتەکانی قورئان بکاتە چیرۆکێک و لە درامایەکی ٤٨ ئەڵقەییدا نیشانی بینەری بدا.

### یوسفی راستگۆ لە ئێران یا میسر بەرهەم هاتووە؟

هەر کە سەیری دیکۆر و شوێنی بەرهەمهێنانی زنجیرە درامای "یوسفی راستگۆ" دەکەی راستەوخۆ میسرت دێتە بەرچاو و وادەزانی ئەو درامایە لە میسر وێنەی گیراوە و بەرهەم هاتووە، کەچی لە راستیدا ئەو درامایە لە ئێران بەرهەمهاتووە و هەموو کارەکانیشی هەر لەو وڵاتە ئەنجامدراوە، هەروەکو دەرهێنەر خۆی دەڵێ تەنها سازکردن و ئامادەکردنی کاری دیکۆر ماوەی ساڵ و نیوێکی خایاندووە.

### وازهێنانی یەکجارەکی زولێخا لە هونەر

هونەرمەندی ناسراو و بە ئەزموونی سینەمای ئێرانی خاتوو "کەتایۆن ریاحی" کە لەو زنجیرە درامایەدا بە شێوەیەکی زۆرجوان توانی بەرجەستەی رۆڵی "زولێخا" بکا لەو ماوەیەدا وازهێنانی یەکجارەکی خۆی لە دنیای هونەر راگەیاند، بێگومان ئەوەش بەهۆی کاریگەری ئایین بەگشتی و زنجیرە درامای یوسف بەتایبەتی بووە، وەکو دەڵێن ئامانجی بەرهەمهێنانی ئەو کارانەش هەر ئەوەیە، کە بریتییە لە نزیککردنەوە و زیاتر ئاشنابوونی خەڵک بە ئیسلام، لە ئەنجامیشدا تۆبەکردنی کەسەکان، ئەوەنییە "کەتایۆن ریاحی-زولێخا" وازی لە هونەرەکەی هێنا و کردییە قوربانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

### دەرهێنەر کوردە و شانازی بە کوردبوونی خۆیەوە دەکا

هونەرمەندی دەرهێنەر فەرەجوڵڵای شەلاحشوور لەساڵی ١٩٥٦ لەشاری قەزوین لەدایک بووە و دوای ٩ ساڵ لە تەمەنی خۆی روویان کردۆتە تاران و لەدوای قۆناغی دواناوەندییەوە رووی لەکاری هونەری کردووە و لە ساڵی "١٩٩٢"وەوە تاکو ئێستا کاری دەرهێنان دەکا، وەکو خۆشی دەڵێ کوردم و شانازی بە کوردبوونی خۆمەوە دەکەم، کەوایە ئەوە هێز و بەهرە و داهێنانی کوردانە دەتوانێ هونەری وڵاتێکی وەکو ئێران پێشبخاو بە دنیای بناسێنێ.

### سێیەم کاری ئایینی تەواو کرد و چوارەم بەڕێوەیە

هەروەکو دەرهێنەر لەو دیدارەی بەدرخان، کە لە ژمارەی داهاتووی بەدرخان بڵاودەکرێتەوە باسی دەکا درامای "یوسفی راستگۆ" یەکەم کاری ئایینی ئەو نییە، بەڵکو بەر لەوە ئەو لە شانۆدا یەکەم کاری دەرهێنانی بریتی بووە لە شانۆگەری ئەیوب پێغەمبەر و دوای ئەوەش هەر ئەو کارەی بە پێنج ئەڵقەی ٤٠ دەقیقەیی بۆ تەلەفزیۆن تۆمارکردووە و دوای ئەویش زنجیرەی یارانی ئەشکەوتی بە "١٨" ئەڵقە بەرهەم هێناوە، سێیەم کاریشی درامای "یوسفی راستگۆ"یە کە بە ٤٨ ئەڵقەی ٥٠ دەقیقەیی بەرهەمی هێناوە، وەکو خۆشی دەڵێ ئەگەر تەمەن رێگای بدا حەزدەکا ژیانی حەزرەتی موسا بکاتە دراما.

### "نیولاین"یش خەریکی یوسفە

دوابەدوای ئەوەی کەناڵی هەولێری تەلەفزیۆنی یەکگرتوو درامای "یوسفی راستگۆ"ی بە شێوەی ژێرنووس پێشکەشی بینەرانی کرد و تا ئێستاش بەردەوامە، وەکو ئاگادارین کۆمپانیای "ئەی ڤی لاین" ئێستا خەریکە بەشێوەی دۆبلاژ ئەو کارە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی و تا ئەو ساتەش چەند ئەڵقەیەکیان لێ تەواوکردووە، دەکرێ بڵێین هیواداریین ئەو دۆبلاژەی ئەوان بەشێوەی پرۆفیشناڵ ئەنجامبدرێ وەکو زۆرێک لە کارەکانی دیکەیان.


ئاموون حەوتەبی چوارەم، ئاموون حەوتەبی سێیەم، پۆتیڤار

سەرپەرشتیاری کەلچەری بەدرخان:
عەبدولڕەحمان مەعروف: awrahman2000@yahoo.com
ستاف: سەعدوللا نووری، جەوهەر شێخانی
بە هاوکاری راوێژکاری رووناکبیریی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان: د.هیمداد حوسێن
ژمارە ٥٢ - ١٢٠، دووشەممە ٢٢/٦/٢٠٠٩ی زایینی

کەلچەری بەدرخان
Bedirxan
بڵاوکراوەیەکی رووناکبیریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

# داستانی ئاراس ... پاژێک لەژیانی بارزانی نەمر (١٩٠٣ - ١٩٦٣)

**خالید جوتیار**
**کۆیە/١٩٩٧-١٩٩٩**

سەرێ زۆزانان بابۆ–
بەفری خودێنە
هەرجێیەک چۆمێ بابۆ
موریدێ بارزانی لێنە
***
دەپێدا پێدا
بەدەڤەرێ مێرخاسان بە بارزانی
رەنگین
داکەتم. چەند لەبەرزێ دا
نورەک دیار بوو لەئاسمانان
بارانی رەحمەتان بوو
دەباریە مەملەکەتێ جوان و
کە لەس و زورگ و بەربەنان
دونیا تژی دەبوون لە چریکەی
شالوران
لەغەیبێرا
دەنگەک گازی دەکر
بەختی نوستووی کۆنە ساڵان
واگا هاتن
"مزگێن مزگێن گەلی کوردان
رۆژا کوردستانێ هەلات"
سلێمانی بە بڵندی گۆیژەو
ئەزمڕ
چرۆی ئاواتی گرتووە
لە"دار الملک" ی بابانا
تژی مێرخاسی بادینی و لەوێ
سۆران
لە وێ گەرمیان
ئەوە رۆحە پیرۆزەکەی باوە
یادگار
ئەوە دەست لە ملانێ ی، شێخ
و
خوشمیرێ هەرچوار کەناران
لە"دار الملک" ی بابانا
هەر پێشمەرگەو سەرکردەیە
لەشێخی بازی بەند میوانە
***
ئەو ساڵ دەچمە مەهابادێ
لێ دێ بایەک لە بایێ سەر
گوڵان
لە چوارچرا ئاڵا دەشنێ
لە کوێستانی کێلەشینێ
پۆل پۆل بەورن دادە بارن
سرودی گاتای پیرۆزن
عاشقانی مەتەرێزن
شنۆو سەردەشت خرۆشاون
لە مەرگەوەڕو گۆجارێ
ئاڵا هەڵکەن دەستە دەستە
وا پێشمەرگە دێنە خوارێ
***
سەرێ زۆزانا بابۆ
بەفرێ خودێنە
هەر جێیەک چۆمێ بابۆ
موریدی بارزانی لێنە
***
دیسان پایزێ غەمان
لەمنی ئەڤینداری بەلەنگاز
چەند بە کول و کۆڤانە
نیشتیمانمان داهێزراوە
روبارەکانی سەر شێت و
هەر بەژنی جوانە دە چەمێ
نسکۆی گوڵە هەنسکی گریانە
سەفەر
لە وڵاتی خۆ ئاوارەو
برین لە جەستەی بێزارن
دهایێ
مێرخاسێ سەفەری ئاراسێ
هایێ
***
ئەمن ئەورۆ لەسەر چیایێ
ئاگری ڕا
دەستێ خۆ دەدەمەوە دارێ
دووربینێ
لۆ مرازی کاروانی پیرە
مەهابادێ
مەیلان داوێمەوە سەرکەسەرێ
ئەمان چ بکەم لەبەر نەیارو
خاینان
سەربردەمان بوویتەوە
خەرەندی رۆژگاران
شەهیدێ وڵاتێ مە
بە عالەمێ خەولێ کەتینە
"زالمان ل ژۆر کرن گرەگرا
باڤرۆک و نەیاران
خراپ کران باژێرو گوندە
هێی فەلەکا خاین
میرێن مە کوشتن
ماڵێن مە تالان کرن
فەلەکێ یەمان خاینێ یەمان"
***
ئاراس بە ئاوی خوڕ بڵێ
کاروانێ دێتن رەت دەبێ
دۆل و نشێو بنارو دەشت
بە زەندۆل و شکەفتا بڵێن
سەدای دەنگێ لەغەیبێ ڕا
دەڵێ شاخ و لوتکەو دوندان
هەڵۆ هەڵدەنە ئاسمانێ
سەیری نسێ و نساران کەن
رێبوارێ دێ
بەژنی لە داری شەکرانی
هەڵۆی چاوتیژی شاخانە
برۆی کەمەند
کە دەستەکانی بۆ ئاسمان
هەڵدەبڕێ
لەسەر بەژنی ئاڵای وەتەن
کۆترێکی دێتە سەرێ
بۆ بەرزای هەڵدە کشێن بە
لێزانی
پۆلێ پیشمەرگەن بە هەیبەت
لە پێشیان دەڕوا بارزانی
ئێڤارەیە. ئێڤارەکا
گەلەک بە سام و شکۆیە
سەدای شینە پرسەی شەهیدانی
عیشقە
دیسان "درێ و باسیاو ستونێ"
قژی ژنانی تێکەڵن
مەرگی غەریباتی سەختە
کێوێک لە هۆرژنێ دەدا
رووبارێ پاک دەیشواتەوە
ئاڵایەک کێلی هەڵدەچنێ
هەور سنگی دادەپۆشێ
کاروان رۆیی
گۆڕیان لەو دەڤەرە جێما
"تەمۆ مستەفا بناڤی"و
تەها عەزیز سپینداری
***
پێداوێ هەی لەمن پێداوێ
لەمە چەند جاران دوولەتن
برینی جەستەی برایان یەک
زامن
روندک ل چاڤان دژەنن
"بیداوی"لەمن سەد جاران
بیداوێ کەسەرێ ماڵ ئاوایی
"سالح و سەلیمێ" برا
لەکاروانی ئاراسێ هەندن
بڵا هەندن
"هانە سەد جاران لمن هانە
ئەتو داکەوە سەرێ مەیدانی
بزانین کێ لەمە بەرخەکێ
بەرانە "
ژیان هی مێرانە بەهاری تەمەن
لەمە بویتەوە کۆستێ زەمانێ
ئەوە قەول و قرارێ مەیە
یان وڵاتی دەکەینەوە بەهەشتی
رۆژگاران
یان تەسلیم دەبینەوە بەخاکێ
***
دەلۆی لۆ – لۆی لۆ
شایدو شهودێ مەلا مستەفا
گەلەک هەنە بەسێ دەنگا گازی
دەکر
هۆهۆ خۆش میرێ کاروانێ
"ئەسعەد خۆشەوی، شێخ
سلێمان"
مامەند مەسیح، حەمەدەمین
میرخان
مستۆمیرۆز"
دەست هەرینانەکی بکەن
ئەمن هەینێ میرخاسێ خۆ
لە مەیدانی شەرێ جێ دەهێڵم
وەکی گورگ بخۆن گۆشتێ
مێران
***
سەرێ زۆزانان بابۆ
بەفری خودێنە
هەر جێیەک چۆمی بابۆ
موریدی بارزانی لێ نە
***
دزا گەڤەر. دزاگەڤەر
"هۆ هەلگری زێی بادینان"
هۆ بوکی ئاو
گاڤا دەڕۆی سەر بەرەوژێر
گاڤا بە ژوور
شەپۆلان داوێی بەسام و
گێژەنت لولن ئالۆزن
ترسێک بینایی داگرتووی
بە باڵندەی تێنوو بێژە
بەدار و بەرد و هەر دبێژە
"بێژە بەکوردی کۆڤاندار
برەکی سواران ژوێ وەتێنە
سەری رمێ وان سواران لە
هەورێنە
بنێ رمێ وان سواران لە
عەردێنە
دونیا و عالەم کەتە دوو پێ ی
وان سواران
کەس نەزانی کێ و کێنە"
****
دۆستانێ لەمن لەبەر بیانی
سەدایێ دەنگی غەیبیان
دەکەوتە ماڵان مەیدانان
ل"دیلە ژێ، حاجی جڤان لە
هەڤلەری
لەبەر خاینان رێ نی یە بچینە
دەرێ
ئەوجا"مەلا مستەفا"بابێ
ئیدریس
رێی دەبردەوە
کۆتۆلێ ژوانیان دەبەستا
لە"گەلەتێ" تۆدان، نەداوی،
ئاو دیو دەبوونەوە
لە"بەلەسۆری""بەلەرەشێ"
لەبەر سام و هەیبەتی مەلا
مستەفا
خاین دەهاتنە سەر چۆکان
لە گوناحم خۆشبە خوایە
ئەگەر رۆژێ
زمانم بە لەنگی لە بارزانی
دوایە
لە گوناهم خۆشبە خوایە
***
گاتای مەزن لە غوربەتێ
ئاوارەیی
ئەهریمەنت دایە بەر نەفرەت و
چراخانت لە مەملەکەتێ
هەڵگیرساند
زەردەشت. زەردەشت
تۆو ئاوێستا
ئەو پولە عەگیدەی ئاراسێ
خرۆشاون
لەو رووبارە سەرە داوەکانی
تەمەن
لول دراون
"لافکۆ ومیرحاج" لەبەر
دیدەمان
هەتەر بوون
موسای مەزن
فیرعەونەکان لە بەهاران
خەزان دەبارێننە گوڵان
بینایی یان ئاوێتەی مەرگ
کردووە
کاروان لە گێژەنی مان و نەمان
دایە
ئەنگوستەچاوە ئەوم رێیە
هاتو نەهاتە شون بزر
سەربردەمان بە تاشە بەردان
داداوە
خەمی وڵاتمان لە کۆڵە
یادگارەکان دەست بە سەرن
عەشق ئالۆزو تەنگە تاو
برسی بۆ نان شەکەت لە
جەستەی زامدارو
چاو پڕ لەهیواو رامانێ
غەمی سەر سنوران هەندن
برا هەندن
دیوارو سیم و تەڵبەندن
دەردی سێ سنوران چەندن
دەوڵەتان گەل مە نەیاران
هۆ هەڵگری زێی بادینان
هۆ بوکی ئاو
حەیران...
ئەوسارەکە سەرێ چەند ساران
بوو
لەمە ئاو دیو ببوو
ئە ستێرەی بەختان
ئەوا هاتەوە کوردستان
سەروەری خاکی بارزان
دە وەرن لەگەر دۆست و
عەزیزان
بە عام بچینەوە پێشوازی و
لەکن سەرۆکی خۆ لە زەمانە
بکەینەوە گلەیی و گازاندن
***
"برایانی عەزیز.
سەلامتان لێ ئەکەم
زۆر ئیفتخار ئەکەم بەو کورە
کوردانە کەلەم
مودەتە زۆرەدا لەدەست پێ کرد
نی شۆڕشمان
هەتا ئەمڕۆکە هەموو ئەزیەت و
ئازاریان
قەبوڵ کردووە.
ئێمە ئەگەر تەعاون و روحی
تەزحیە و فیداکاریمان نەبێ
ناتوانین بە جدی خزمەتی
خۆمان بکەین، ئەبێ
ئەوە بزانین کە ئێمە تەنیا بە
سیلاح سەرناکەوین
بە پول وەرگرتن سەرناکەوین،
ئێمە وەختێک
سەر دەکەوین کە هەموومان
دڵمان لەگەڵ یەکتری
پاک بێ، ئیتر بەخواتان
ئەسپێرم


مەلا مستەفای بارزانی (١٩٠٣-١٩٧٩)

..............................

کەس بۆی نییە بەبێ ئاگاداری نووسەر لەبەرهەمی تر بەکاری بهێنێ

سەرچاوەکان
١- برایەتی –ژمارە ٣١٥٣ لە ٢٠٠٠/٨/١٠
٢- برایەتی – ژمارە ٢٩٤١ ١٩٩٩/١٠/٨
٣- پاژێک لە کەلەپوری، زیندووی بارزانی – مەحموود زامدار.
٤- ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە ٢٠٠٣/٣
٥- پیاسەی ئێوارانی هەولێر/خالید جوتیار
٦- گۆڤاری نۆبەرە-کۆلێژی ئاداب / بەغداد
٧- کۆنگرەی "٩٠" ساڵەی لەدایک بوونی بارزانی نەمر /حەمەکەریم هەورامی
- ساڵی ١٩٩٨ لەگەڵ مامۆستا ئامانج غازی رێککەوتین ئەو بەرهەمە وەک شانۆی "لیریکی" یان"ئۆپێرا" بخرێتە سەر شانۆ.

## ڕێبوارێک لەدەرگای شیعرم دەدا



**سەرهەنگ خامۆش**

**بۆ ئەو پەپولەیەی کە لە نێو(گوڵزاری بەیانی)هەرجارەو لەسەر پەڕەی شیعرێکم هەڵدەنیشێ...**

تۆ هەموو بەیانییەک دێیت
بەر لەهاتنی
وەنەوزەکانی ژێر سێبەری عیشق
پێش زەماوەندی
بوکێنی پەپوولە
لەسەر پەڕە سوورەکانی دڵم
نەرم..نەرم
هەڵدەنیشی
دێیت..بەر لە هاتنی
تیشکی چاوەکانی گزنگ
دەگەیتە نێو
سۆمای چاوی شیعرێکم
تۆ هەموو بەیانییەک دێیت
سەرێ بەماڵی شیعرێکم دادەگری
چایەکی شیرین
لەگەڵ برگەی کۆپلەکان
دەخۆیتەوە
دێیت..چاوێک لەناونیشانی شیعرێکم
دادەگری
بڕگە..بڕگە
دەیانکەیت بە ملوانکەیەک
لەگەردنی گوڵێکی سووری
دەئاڵێنی
تۆ هەموو بەیانییەک دێیت
بەیانی باش لە شیعرێکم دەکەیت
دەیکەیت بە قردێلەیەک
بۆ پەرچەمی سەوزی قەڵا
دێیت..زەردەخەنەیەک
دەخەیتە نێو پێڵوی
چاوەکانی هەور
بزە..بزە
دەباریتە نێو
کێڵگەی تینووی چاوەڕوانیم
تۆ هەموو بەیانییەک دێیت
دەستنوێژی نوێژی عیشق
لە کانی فرمێسکی شیعرێکم هەڵدەگری
لەسەر بەرماڵی دڵی من
سوژدە بۆ
پەیامەکانی شیعر دەبەیت
دێیت..جگەرەیەک لەگەڵ
خەمەکانی نێو کۆپلەکانی شیعرێکم
دادەگیرسێنی
تۆ هەموو بەیانییەک دێیت
نێوچەوانی شیعرێکم ماچ دەکەیت
یەکە..یەکە
تەوقەی ئەوین لەگەڵ وشەکان دەکەیت
دێیت..دەنگت دەکەی بە نسێی
کاروانسەرای ئەوینی
دڵی شاعیرێکی خامۆش
تۆ هەموو بەیانییەک دێیت
دەبی بە پەپوولەیەک
لە نێو گوڵزاری بەیانی
هەر جارەو لە سەر پەڕەی
شیعرێکم هەڵدەنیشی
دێیت..نۆتەکانی سۆزی دەنگت
دەکەیتە سیمفۆنیای
هەناسە بێ نەوایەکانم
وردە..وردە
تێکەڵ هیمۆگلۆبینی خوێنم دەبیت
تۆ دێیت
پێم دەڵێی
شیعر دەزگیرانی منە
زەمەنێکە لە شەپۆلی
سەرابی دەنگی من ئاڵاوە...!!
هەموو بەیانییەک
تۆ...... د
ێ
ی
ت...

# ئەو وێنانەی پاش تەمەنێک، یادەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە

لە ئەرشیفی: کەمال محیەدین


لەچەپەوە کەمال محێدین، کەمەران قەرەداغی، کامەران قەرەداغی - بەغدا ١٩٥٧


لەچەپەوە کەمال محێدین، عومەر کەریم، دارا عەتار - قەرەداغ هاوینی ١٩٦٧


کۆنفرانسی پارتی لقی ئەوروپا - بەرلین ١٩٦٨


لە راستەوە عەلی عەسکەری، کەمال محێدین، عەبدوڵلا ئیسماعیل، بەغدا ١٩٦٧/٥/٧


لەچەپەوە سامی عەبدولڕەحمان، دارا تۆفیق، کەمال محێدین، عەلی هەژار
عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، فەلەکەدین کاکەیی، ئوتێلی دەربەند ١٩٧٥/٢/١٨


سەلمان پاک - نەورۆزی ١٩٦٧


لە راستەوە، کەمال محێدین، ئەنوەر دزەیی، شەمسەدین موفتی، د. خورشید دزەیی،
د.فوئاد زەکی هەناری، سەلمان پاک، نەورۆزی ١٩٥٨


لەچەپەوە کەمال محێدین، بایز دزەیی، نەناسراوە، عەلی هەژار، دەربەند، شوباتی ١٩٧٥


بەشداربووانی ئاهەنگی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە هۆڵی زانکۆی موستەنسەریە، ١٩٧٢


وەفدی ئاشتی و هاریکاری شورەوی، مونزر نەقشبەندی، سالح یوسفی، کەمال محێدین، ١٩٧٣


لە چەپەوە مەجید ئاسنگەر، حوسامەدین تەیب، د.خالد سەعید، ئەمجەد نورەدین، سەلاح سەعید،
سدیق سادق، دلاوەر مەجید، محەمەد عەلی نورەدین، بەکر سەعدی، کەمال محێدین، چناروک ١٩٥٦


دانیشتووەکان لە راستەوە ئەورەحمانە رووتە، شێخ لەتیف بەرزنجی، نەورۆزی ١٩٧٠


لە راستەوە وەفدی بولگاری نەناسراوە، سالح یوسفی، نەناسراوە، کەمال محێدین - بەغدا ١٩٧٣


عەباسی مامەند ئاغا لە ناوەڕاستی ئاهەنگی نەورۆزی ١٩٥٨- بەغدا - سەلمان پاک


لەچەپەوە کەمال محێدین لەگەڵ پلیکان سەرۆکی یەکێتی قوتابیانی جیهانی، بەغدا ١٩٥٩

# دەک ماڵتە کورد چ دەکا لە ماڵتا؟!




**پێشڕەوی سەید برایمی**

پێش ئەوەی خوێنەری هێژا سەری لێ بشێوێ با ڕوونکردنەوەیەک پێشکەش بکەم. کاتێ دەڵێم: دەک ماڵتە مەبەست لەوە، کە دەک نیشانەی سەرسورمانە، وەک پەک، حەی، حەکوو... هتد. ماڵتە وشەیەک ئەویش بۆ سەرسورمان بەکاردێ، زێتر لە ناوچەکانی پشدەر بەرەو قەندیل و موکریان.. لە هەندێ شوێن دەڵێن: ماڵ ئاوەدان، یان ماڵۆکەتەکە، ماڵ خراپ .. هتد. مەبەست لە (ماڵتا) ئەو وڵاتە بچووکەیە، کە کەوتۆتە ناو دەریای سپی ناوەڕاستەوە، بەرامبەر لیبیاو تونس لە باکووریش ئیتالیا.

هەر کە ماڵ و منداڵ و دۆست و برادەر زانیان دەچم بۆ ماڵتا زۆربەیان بە واقورماییەوە پرسیاریان کرد، ماڵتە چییە و لە کوێیە؟ هاوسەرەکەم سووربوو لەسەر ئەوەی ماڵتا لە سەر نەخشە ببینێ. ناچار بە هۆی (Google earth) هەوڵم دا نیشانی بدەم، لە بەختی من و لە بچووکی ئەو وڵاتە (Google earth) یش زوو نەیدەدۆزیەوە، ئەمەش بووە مایەی پلارو توانج، گوایە من دەچم بۆ وڵاتێک بە زەرەبینیش نادۆزرێتەوە. گوێم نەدا بەو قسانە، هەر ئەوەندەم گوت: کێ هاو سەفەرم دەبێ؟ لە کورە ناوەنجییەکەم زێتر کەس بەڵێی پێ نەگوتم. هەر زوو دوو بلیتم بڕی بۆ کوتایی مانگی هەشتی ٢٠٠٨.

ماڵتا وڵاتێکی بچووکە لە سێ دوورگەی ئاوەدان پێک هاتووە (ماڵتا، گۆزۆ و کۆمینۆ)، لەگەڵ چەند دوورگەیەکی بچووکی چۆڵ. ڕووبەرەکەی ٣١٦ کم٢ .. ژمارەی دانیشتوانی ٤٠٠ هەزار کەسن. لە ڕووی جوگرافیایەوە سەر بە کیشوەری ئەفریقیایە، کەچی لە ڕووی سیاسییەوە دەوڵەتێکی ئەوروپییەو لەساڵی ٢٠٠٤ ئەندامی یەکێتی ئەوروپایەو لە ساڵی پاریشەوە پارەکەی کردۆتە یۆرۆ.

ئاینی وڵات مەسیحی کاتۆلیکن. ئەوەی لەماوەی هەفتەیەکدا هەستم پێکرد، خەڵکی ئەو وڵاتە زۆر پابەند بە ئاینی مەسیحی و ئاینزایەکەیان کاتۆلیکن. لە زۆربەی ئۆتۆمبیلەکانیان وێنەو هێماکانی مەسیحییەت و مەسیح و مریەم زۆر بە بەربڵاوی بەدی دەکرێن، لەوەش زێتر و بە هەمان شێوە لە ئۆتۆمبیلە حکومییەکانیش بە تایبەتی پاسەکانی تۆری گواستنەوە، کە تۆڕێکی گەورەیەو لەبەر نەبوونی شەمەندەفەرو بچووکی وڵاتەکە هەمووی پێکەوە دەبەستێتەوە.

لە هیچ شارو شارۆچکەیەک نییە چەندین کڵێسای جوان و شکۆدار بەدی نەکەی، کە ئەوپەڕی کاری هونەری و وەستایی تێدا بەدی دەکرێن.

جگە لەوانەش هەموو شارەکانیان بە تایبەتی شارەکانی سەر کەناری دەریا، هەر هەموویان بە بێ نۆرەبڕی قەڵاو بورجی بڵندو عاسێ و قایمی هەیە، دەڵێی ئەو وڵاتە هەمیشە لە شەڕ و لە بەرگریکردندا بووە، ئاسەوارەکانی تا ئێستاش نەسڕاوەتەوە، یان باشترە بڵێم نایانەوێ لە زەینیان بسرێتەوە. بەڵگەشم بۆ ئەمە لە کاتی سەردانی ئەو قەڵاو قوللغانە هێشتا پاسەوان بە چەک و جلی سەبازی کۆن و نوێ لەوێ هەن و مەشق و کاری سەربازی دەکەن. هەندێکیان سەربازگەن. هیچ قەڵاو سەربازگەیەکی کۆن نییە، چەندین تۆپی جۆری تۆپەکانی وەستا ڕەجەبی کوردی لێ نەبێ، هەر هەمووشیان ئاڕاستەی دەریا کراون. زۆربەی شەوان، دەتوانم بڵێم هەموو شەوێک، چونکە ئەو هەفتەیەی لەوێ بووم شەوانە دەنگی تەقەو تۆپ هاویشتن دەبیسترا، کە لە یەکێ لەو قەڵایانەوە دەتەقێندرا. لە دوای سعات نۆیی شەویش شەقامە سەرەکیەکانی شارەکانی کەنار دەریا، بە تایبەتی کۆرنیشەکان. بەرووی ئۆتۆمبیلەکان دەگیرا و تەرخان دەکرا بۆ تیپی مۆسیقای سەربازی، کە سروودە سەربازی و شەرەکانیان دەژەنی.

ماڵتیزەکان بە شانازییەوە کلتوری تەلارسازی خۆیان پاراستووە. کۆشک و تەلارەکانیان نەک هەر وەک زۆری ماوەتەوە، بەلکو بەبەردەوامیش دەستیان تێاندایەو بە مەبەستی پاراستی و جوانکاری هەمیشە دەسکاری تێدا دەکەن. سێ ناوچە هەیە لەماڵتا، کە ڕێکخراوی یۆنسکۆ بە بەشێک لە کلتوری جیهانی داناوە. یەکەم ڤالیتای پایتەخت، کە کۆڵانە تەسک و دێرینەکانی بەناوبانگە، ڤالیتا بە شورەیەکی قایم دەور دراوە، کە سوارانی ( سان جون) دروستیان کردووە، هەر ئەوانیش حوکمی ماڵتایان کردووە لە نێوان ١٥٣٠ تا ١٧٩٨. دووەم: پەرستگای میگالیت، کە بۆ سەردەمی بەردینی دەگەڕێتەوە، هەروەها لەگەڵ پەرستگای حال سافلینی، کە مێژووەکەی بۆ سێ هەزار دەگەڕێتەوە.

تا ئێستا بارەگای حکومەت و پەرلەمان لە کۆشک و بەرەی کۆندان، کە لە دەرەوەو ناوەوە، بە تایبەتی لە ناوەوە بە چەندین وێنەو نیگار و پەیکەر و هێلکاری قەشەنگ ڕازاوەتەوە، بەشێوەیەک لە دوای دەوام وەک مۆزەخانەیەک بۆ گەشتیاران دەکرێتەوە. جگە لەوانەش خانووی هاووڵاتییان بە هەمان شێوە، کە ڕووبەرێکی فراوانی شارەکانی گرتووە. ئەوەی زۆر بەلامەوە سەرنجراکێش بوو، شەقام و کۆڵانە تەسکەکانی بوو، کە بەڕاستی شۆفێرەکانیان لە هاتوچۆیاندا وەستاییان تێدا دەکرد.

مەراقم بوو بزانم ئەو وڵاتە بچوکە کوردی لێ نیشتەجێ بووە، یان نا؟ هەر خۆم وەڵامم دەدایەوەو دەمگوت؛ کورد میللەتێکی پەرتەوازە قابیلە شوێن پێی لێرەش نەبێ. لەگەڵ هەر ماڵتییەک و گەشتیارێک یەکترمان ناسیبێ پرسیاری کوردم کردووە. لە ناو قەڵا گەورەو عاسێیەکەی پایتەختی ماڵتا (ڤالێتا) کیوسکێکی خنجیلانەی خواردن و خواردنەوە هەبوو. کچ و کوڕێکی گەنج بەڕێوەیان دەبرد. کاتێ بە ئینگلیزی داوای خواردن و خواردنەوەم کرد، کوڕەکە گوتی: لە وڵاتی عەرەبستانەوە هاتووی( مەبەستی ئەوە بوو ئایا عەرەبم) منیش وەرامم دایەوە لە کوردستانەوە هاتووم. یەکسەر گوتی: ئۆجەلان.. پ.ک.ک دوایی پرسی کام کوردستان؟ کوردستانی عێراق. ئەو بیرەی بۆی ئامادەکردبووم بەدەست بەرزی کردەوەو هاواری کرد : بژی تاڵەبانی!! دیار بوو هەندێ زانیاری دەربارەی کورد هەبوو، بۆیە منیش پرسیم؛ ئایا کورد لە ماڵتا هەیە؟ لە وەڵامدا گوتی: هەندێ کوردی تورکیا هەنە هەر هەمویان سەر بە(پ.ک.ک)ن. لەو پیاوە میسرییەی، کە لە هۆتێلەکە کاری دەکرد هەمان پرسیارم لێکرد، ئەویش گوتی: هەندێ عێراقی هاتن زۆربەیان دیان بوون دوو کوردیشیان لەگەڵ بوو، بەڵام زۆر نەمانەوە بەرەو باکوری ئەوروپا کۆچیان کرد.

ڕۆژێکیان لە شارێک بەناوی (مەلیحە) پیاسەمان دەکرد لە وێستگەیەکی پاس لەگەڵ گەنجێکی مالتیزی یەکترمان ناسی، کە زانی کوردین، بێ ئەوەی پرسیاری لێبکەم گوتی: کوردێکی تورکیام دەناسی بە ناوی ( شیفۆ) گوتم لەوانەیە شێرۆ بێ، گوتی هەر بە شیفۆ بانگمان دەکرد، شیفۆ یەکەمین کورد بووە، کە مافی پەنابەرێتی لە ماڵتا بدرێتێ. شیفۆ پ.ک.ک بوو. دوایی ئەوەی پەنابەری وەرگرت توانی خاوخێزانەکەشی بهێنێ، ئای کە خێزانێکی گەورە بوون. کابرای مالتیزی دەیگوت. گەورەترین کێشەی شیفۆ ئاو بوو! بەسەرسوڕمانەوە گوتم: ئاو؟! دڵنیای کردمەوە کە کێشەی ئاوهی هەبووە. دوایی زانیم، کە ئەوە کێشەی هەموو ماڵتایە. خەڵکی ماڵتا پشت بە ئاوی باران و ئاوی بیرەکان دەبەستن، ئەویش کەمە. بە بەردەوامی ئاویان بە پاپۆڕ لە دوورگەی سقلییەی ئیتاڵیاوە بۆ دێ، بۆیە ئاوی شیرین گرانە، هەر بۆیەش شیفۆ کێشەی ئاوی هەبووە، چونکە خێزانەکەی هەر بە حسابی کوردستان ئاویان سەرف کردووە!!

زمانی ماڵتی، کە ماڵتیزی پێ دەڵێن لە ڕاستیدا یەکێکە لە زمانە سامییەکان. زۆربەی عەرەبیە(٤٠٪) هەندێکیش ئیتالی و زاراوەکانیش ئینگلیزین. چونکە کاتی خۆی لە لایەن بەریتانیاوە داگیر کراوە، بۆیە کلتورێکی ئینگلیزی لە ڕووی زمانەوە زاڵە، هەر بۆیەش زمانی فەرمی ئەو وڵاتە یەکەم ئینگلیزی دوایی ماڵتیزییە، بە تایبەتی لە کەرتی خوێندن، بۆیە خەڵکی ماڵتا هەر هەموویان ئینگلیزی دەزانن. وا پێدەچێ ئەو سێ سەد ساڵەی لەسەردەمی ئیسلامدا عەرەب داگیری کردووە، کاری لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی ماڵتای کردبێ بە تایبەتی زمانەکەی. هەموو ژمارەکان لە ( واحد)ەوە تا خوا حەقت دەکا عەرەبییە. ئەوەی سەیرم پێ هات جگە لە ووشەو دەستەواژەکان هەندێ ڕستەکانیش عەرەبین.

لەبەر ئەوەی کێشەی ئاویان هەیە لە زۆربەی شوێنەکان وەک ریکلام بۆ بەدەستەوە گرتنی ئاو نووسرا بوو ( كل قطرة من الما تعد) بە حساب هەر دڵۆپە ئاوێک حساب دەکرێ). ڕۆژێکیان من و کوڕەکەم لە سەردانی ئەشکەوتی ( غار الظلام) دەهاتینەوە، سەرنج لە ناوە عەرەبییەکەی بدە، لە وێستگەیەکی پاس چاوەڕێمان دەکرد. دیار بوو بە هەڵە لە شوێنەکە ڕاوەستابووین، بۆیە ژنێک چاودێری دەکردین و گوتی: (عم تستنوا البوس) منیش وامزانی لە میسر یان لە سوریا ، یا لە لوبنام گوتم: أیوە. ئەو بە مالتیزی پرسیاری کرد ( ئایا چاوەڕوانی پاس دەکەن) منیش بە عەرەبی گوتم: بەڵێ. کەچی هەردووکمان لێک حاڵی بووین و بە ڕاستیش قسەمان کرد.

جگە لەمانە ناوی شارو شوێنەکانیش بەشێکی زۆریان عەرەبییە، وەک شارەکانی (سەلیمە، مەلیحە، ریبات، مدینة...هتد). شەقامیش (طریق)ی پێ دەڵێن.

**کورتە مێژوویەکی ماڵتا**

وەک یەکەم جار لە مێژوودا هاتووە ماڵتا لە سەدەی دەیەم پێش زاینی لە لایەن فینیقیەکانەوە داگیر کراوە، دوایی لە سەدەی هەفتەمی پ.ز قرتاجنەکان بۆ ماوەی چوار تا پێنج سەدە دەستیان بەسەر ماڵتادا گرتووە. ڕۆمانیەکان لە ساڵی ٢١٨ پ.ز بۆ ماوەی دە سەدە ئەم وڵاتە بچوکەیان داگیر کرد. دوای ڕوخانی فەرمانڕەوای ڕۆمانی بێزنتیەکان ماڵتایان کردە ناوەندێکی پێویستە بۆ گرتنی باکوری ئەفریقا.

لە سەدەی یەکەمی زاینی دا بە تەواوی لە ساڵی ٥٨ی زاینی خەڵکی ماڵتا لەسەر دەستی پۆلسی پیرۆز بوون بە دیان. ئەو ڕووداوە لە ناخی خەڵکی ماڵتادا چەسپیوەو بە ڕووداوێکی گرنگی دادەنێن لە ژیانیان دا. مەسەلەی هاتنی ناوبراویش پێدەچێ بە ڕێکەوت بێ. پۆلسی نێردراو بە کەشتییەکەوە بەرەو ئەروپا نێردراوە، کەچی لە وەرزی سەرماو زریان دا کەشتییەکەیان دووچاری نوقم بوون دەبێ، بەڵام ئەو سەرنشین و یاوەرەکانی دڵنیا دەکاتەوە، کە بڕوای بە خوا هەیە و شەپۆلەکان کەشتییەکە دەگەیەننە دوورگەیەک. لەئەنجام دا لە کەنداوێکی ماڵتا دا کەشتییەکەیان بە شکاوی لەنگەر دەگرێ. ئەم کەنداوە ئێستا ناسراوە بە کەنداوی مار پۆڵس. خەڵکی ئەوکاتەی ماڵتا بەربەربوون بە هانایان هاتوون و خزمەتیان کردوون و لەسەر دەستی پۆڵس بوون بە دیان.

عەرەبەکان لە ڕێگای ئیسلامەوە ساڵی ٨٧٠ ز دەستیان بەسەر ماڵتادا گرت. نووسەری کتێبە مێژوویەکانی ئیسلام دەربارەی ئەوەی فەتحی ماڵتا بە زۆرو هێز بووە یان بە خۆشی بابەتیان نووسیوە. ڕایەکان زێتر بۆ یەکەم دەچن، چونکە قەڵای ماڵتا گیراوەو شایەکەی ( عەمروس) بەدیل گیراوەو خەلکەکەش ئەنفال کراوەو ماڵیشیان تالان کراوە، وەک محمد کوڕی عبد المنعم الحميري لە کتێبەکەیدا (الروض المعطار في خبر الأقطار) باسی دەکا. عەرەبەکان تا ١٠٩٠ز لە ماڵتا مانەوە. دوای ئەوان ئەفرەنجییەکان فەرمانڕەواییان تێدا کرد. لە سەدەی هەڤدەدا ماڵتا لە ئارامی و ئاشتیدا نەژیاوە، بەلکو لە پەرتی و لە ململانێ دا بووە، تا ١٨٠٠ ئنگلیزەکان هاتن و تا ١٩٦٤ حوکمی ئەو وڵاتەیان کرد. لەو ساڵەدا ماڵتا بوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ.


پێشڕەوی سەید برایمی لە بارەگای حکومەتی ماڵتا، کە پێی دەڵێن (ئۆبریج دی کاسل ئیە لیو)

# سەرتاشینی ئێستاو پێشتر







**پارێزەر حوسامەدین سەرداری**

ئاشکرایە بارودۆخی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەلایەتی لە گۆڕانکاری بەردەوامە، بەگۆڕینی ئەم بارودۆخانە گۆڕانکاری لە ڕەفتاری تاکەکان ئەنجام دەدرێت، بەشێوەیەک لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەدا بگونجێت . هەروەها پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا بە شێوەیەکی گشتی و تەکنەلۆجیای پەیوەندی کردن (ئەنتەرنێت و سەتەلایت و مۆبایل ....هتد) هۆکارێکی گرنگ و سەرەکییە لەم گۆڕانکاریانە لە ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەلگا . بۆ نموونە شێوەی سەرتاشین لە سالانی پەنجاکان لەگەڵ سەرتاشین لەسالانی حەفتاکان و سەرتاشین لە سەدەی بیست و یەکەم دا جیاوازی زۆر لە نێوانیاندا هەیە . ئێستا سەرتاشینی گەنجان جۆرە ستایلێکی وەرگرتووە کە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ دابو نەریتی کۆمەلگەکەمان ناگونجێت . وەکو حەفرو دروستکردنی نەخشەی جۆراو جۆر خەتخەتێنە لەسەر سەری گەنجان، هەروەها لە هەر دە ڕۆژ جارێک گەنجەکان ستایلی قژی خۆیان دەگۆڕن و خەرجییەکی زۆر دەدرێتە ئەم بوارە، (لێرەدا باسی ژنان و کوافێر و جوانکارییەکان ناکەین)، ئەگەر بگەڕێینەوە سالانی حەفتاکان لێرەدا بابەتێکم بە بیر هاتەوە کە لە ژمارە ٢٠٦ ی گۆڤاری (الف باء) کە لە ڕۆژی ١٩٧٢/٧/٢٦ (٣٧ سال پێش ئێستا) بلاوکرابووەوە کە تیایدا بابەتەکەم بە ناونیشانی (حلاق الرصيف . فولكلور) کە ئەو کات لە شەقامی شێخ الله لە ڕۆخ دیواری باغی شار چەندین سەرتاشی سەفەری کە لەسەر تەنەکەی ڕۆن لەجیاتی کورسی و گوێزان لەجیاتی ئامێرە سەیروسەمەرەکانی ئێستاو سابوون و ئاو لە جیاتی شامپۆ و جەلی بەکاردەهات و نرخەکەشی هەروەکو دەلێن لە تۆلکەش هەرزانتر بوو . کە لە نووسینەکەمدا داوام لە بەرپرسانی تەندروستیم کردبوو کە چاودێری ئەم جۆرە کارانە بێت کە بەهیچ جۆرێک کەمترین مەرجی پاک و خاوێنی تێدانییە و لەگەڵ ئادابی شەقام دا ناگونجێت . خۆ ئەوکات لە دوو مانگ جارێک یا هەر نەبێت لە مانگێ جارێک سەر چادەکرا و قژ دەتاشرا کەچی ئێستا لە مانگێک ٣ جار قژ دەتاشرێت و هەرجارێکیش بە جۆرێک کە ستایلەکەی جیاوازی هەبێت لە جارەکانی دیکە و پێی دەوترێت (نیو لووک) . خۆ لە بیرمە جاران قژ تاشینێک بۆ مێردمندالان هەبوو پێیان دەوت ( قاقۆل) کە ئەویش تاشینی تەواوی قژی سەر بەنمرە سفر بە مووس تەنیا لە پێشەوە پەرچەمێک جێدەهێلرا بۆ جوانی، بەم دواییە ئەمەشیان بۆ ماوەیەک بووە مۆدێل لە لای زۆربەی گەنجەکانمان . خۆ پیاوە بەتەمەنەکان تەنیا بە نمرە سفر بە مووس سەریان دەتاشی . قژ تاشینی هەندێک لە گەنجەکانمان ئەو بابەتەی بەبیر هێنامەوە و وای لێکردم دووبارە بلاوبکەمەوە.

# فیلمی سینەمایی سرتە لەگەڵ با لە فەرەنساو ئیتاڵیا نمایش کرا

**بەدرخان**

فیلمی سینەمایی "سرتە لە گەڵ با" لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد شەهرام عەلیدی دوای بەدەستهێنانی سێ خەڵاتی سەرەکی بەشی کێبڕکێی هەفتەی ڕەخنەگرانی شەست و دووەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی کانی ٢٠٠٩ لە وڵاتانی فەرەنسا و ئیتاڵیا نمایش کرا.

بە پێی ڕاپۆرتی ڕاگەیاندنی گشتی فیلمی سینەمایی "سرتە لە گەڵ با"، فیلمی سینەمایی "زمزمە با باد" واتە "سرتە لە گەڵ با"، لە دەرهێنانی شەهرام عەلیدی دوای بەدەستهێنانی سێ خەڵاتی سەرەکی بەشی کێبڕکێی هەفتەی ڕەخنەگرانی شەست و دووەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی کانی ٢٠٠٩، لەوانە: "خەڵاتی ڕوانینی گەنج لە لایەن هەڵبژاردەی لاوانی ئەورووپا"، "نمایش کردنی فیلمەکە لە سەرتاسەری وڵاتی فەرەنسا" و هەروەها "خەڵاتی کەناڵی ٥ تەلەفیزیۆنی فەرەنسا"، لە سینەما تێک لە شاری پاریس و جەزیرەی کرێس لە باشووری ڕۆژهەڵاتی فەرەنسا و هەروەها لە سینەما ڕۆما لە وڵاتی ئیتاڵیا نمایش کرا.

فیلمی سینەمایی "سرتە لە گەڵ با" لە ڕۆژانی ٤ تا ٧ی جوون لە سینەما تێکی شاری پاریس کە یەکێکە لە گرنگترین ناوەندەکانی نمایشی فیلم لە وڵاتی فەرەنسا و هەروەها لە ڕۆژانی ٥ تا ٩ی جوون لە سینەما ڕۆما لە وڵاتی ئیتاڵیا بۆ بینەران و هۆگرانی هونەری سینەما بڵاوکرایەوە.

فیلمی سینەمایی "سرتە لە گەڵ با" "Whisper With the Wind" هەروەها بە ئامادەبوونی "ژان کریستۆف بێرژێن" بەرپرسی ٤٨مین خولی بەشی هەفتەی ڕەخنەگرانی شەست و دووەمین خولی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی کان و "لیئۆ سویسانتۆ" یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی هەڵبژاردنی فیلمەکانی فیستیڤاڵی کان لە سینەما تێکی جەزیرەی کرێس نمایش کرا.

سینەما تێک لە شاری پۆرتۆ ویچیۆ یەکێک لە شارەکانی کەنارەی جەزیرەی کرێس شوێنی لە دایک بوونی ناپلیۆن بناپارت لە باشووری ڕۆژئاوای فەرەنسا هەڵکەوتووە و ئەمساڵ بۆ نۆیەمین ساڵی بەردەوام، دوو ڕۆژ دوای ڕێوڕەسمی کۆتایی فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی فیلمی کان، لە ڕۆژانی ٢٦ تا ٣٠ مای ٢٠٠٩ تیایدا هەڵبژاردەیەک لە فیلمەکانی بەشی هەفتەی ڕخنەگران نمایش کران.

**ڕاگەیاندنی گشتی فیلمی سینەمایی "زمزمە با باد" (سرتە لە گەڵ با).**

## ڕۆژانێ بوو ٤١

– لەژیانمدا گەلێ کاری سەرەڕۆییم کردووە، بەڵام سێ لەم کارانە بەش بەحاڵی خۆم بە"مجازەفە"یان دادەنێم. یەکەم: لەناوەڕاستی مانگی شوبات بوو ساڵی 1969، وردە وردە کەش و هەوا خۆشتر دەبوو، بۆنی بەهار بەناو سینەدا پەنگی دەخوارد، لەو هەڤاڵانەی مامۆستایانی شۆڕش کە بەیەکەوە بووین لە هیران، دوانیان کۆیی بوون، یەکێکیان شەهید ئازاد حەمە گەمحان، ئەوی تریان خوالێخۆشبوو عەبدولواحێد ئیبراهیم بوو، دیاربوو بەیەکەوە ڕێککەوتبوون سەردانێکی ماڵەوەیان بکەن لەکۆیە، هەرچەندە چوون و گەڕانەوە"مجازەفە"یە، ئەو بابەتەیان لە من گەیاند و وتیان: سێ ڕۆژان تۆش لەماڵی ئێمەی و خواردنی خۆش دەخۆین و جلی تازەمان بۆ دەکرن و ڕۆژانە خۆمان دەشۆین و نوێ دەبینەوە، منیش گوتم: پێمخۆشە، بەڵام بەنیازم لەگەڵ هەڤاڵ محەمەد ئەحمەد بەگ بەیەکەوە بچینە ناو شەقڵاوەو لەماڵی ئەوان بم و بنێرمە دوای باوک و دایکم و خوشک و براکانم لەهەولێرەوە بێن بۆ شەقڵاوەو بیانبینمەوە، چونکە زۆر غەریبیان دەکەم و ساڵێک دەبێ نەمدیون. شەهید ئازاد گوتی: تۆ لەگەڵ ئێمە وەرە کاتێ گەڕاینەوە لەسەرەتای مانگی ئادار بۆخۆت لەگەڵ کاک محەمەد بڕۆ بۆ شەقڵاوە، گوتم: نەوەک ئیجازەم نەدەنێ، گوتی: من لە هەڤاڵ"عەزیز ئاکرەیی"ئیجازەت بۆ وەردەگرم، نێوانمان لەگەڵی لەوپەڕییەتی، جا قەناعەتی پێهێنام و بڕیارمدا ئەو سەفەرە بکەم. بۆ بەیانی بەرەو کۆیە بەڕێکەوتین. گووتوویانە"باڵدار بەباڵی دەفرێ. تۆش بەهۆشت"بەڵام ئەوەی گەنج بێت بەتایبەتی لەسەردەمی زوودا ئەوەی کە پێی نەفرێ هۆشە، گەر بڵێم:"قوڕی زستان بووردرایە" ئەگەرنا چۆن ئەو موجازەفەیە بکەم و بچینە ناو کۆیە لەگەڵ بوونی ئەو هەموو ڕەبیە و کەمین و "جاش و عەسکەر"ی ڕژێم لەو سەفەرەمدا؟

زانایەکی وەک:"جول ڕۆمان"ڕاستی فەرمووە کاتێ دەڵێ:"هەر مرۆڤێک سێ جۆر لاوێتی هەیە"لاوێتی لەش– لاوێتی دڵ– لاوێتی عەقڵ"بەڵام جێی داخە کە زۆر کەم ئەم سێیانە پێکەوە دەبن". هەندێ جاریش گەنجێتی بەلای جۆرێک لە شێتایەتی لار دەبێتەوە، بەڵام خۆشییەکی سەرەڕۆیانەی بە لەزەتی هەیە، ئەوەتا"بورهان جاهید"ی شاعیر دەڵێت:

سەرفی عومرم کرد بەشێتی خۆشبوو<br>
عەقڵم هاتە سەر، دڵم نەخۆش بوو<br>
وتم:"ئیلاهی رب العالمین"<br>
خۆزگە بەو ڕۆژەم کە سەر بێ هۆشبوو



موحسین ئاوارە

– بەیانی ڕۆژهەڵات هەرسێکمان فیشەکدانمان بەست و چەکمان لەشان کرد و خواحافیزیمان لە برادەرانی خۆمان کرد، لەهیرانەوە بە بەرزاییەکانی هەڵگەڕاین و بەپای پەتی بە ڕێچکۆڵەو بزنە ڕێیەکان بەنێو بەردەڵان و بەرزی و نشێوان، چونکە ئەوکات نەک هەر ڕێگای قیرتاو نەبوو، هەتا ڕێگای تەختکراویش نەبوو، بۆ هاتووچۆی ترومبێلان، بەڵکو باشترین مۆدێلی مۆدێرنزمی هاتووچۆپێکردن بە کەر و ولاغ بوو، بەڵام ڕۆیشتن بۆ ئێمەی جەحێڵ بەپای پەتی بەنێو ئەم سروشتە جوانە، ئەوەی بیرمان لێ نەدەکردەوە ماندووبوون بوو، بەڵێ هەر بەدەم قسەی خۆش و گاڵتەو گەپەوە دەڕۆیشتین تا نیوەڕۆ گەیشتینە گوندی"نازەنین"، لەوێ چووینە قوتابخانەی نازەنین، خوالێخۆشبوو"عەبدوڵڵا کۆیی"لەوێ مامۆستای شۆڕش بوو، کە بەناوی"عەبدەخەوە"ناودارەو پێشمەرگەیەکی کۆن و تێکۆشەر بوو، کە دەکاتە باوکی"تامان خان"کە ئێستا لە وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان لە هەولێر کارمەندەو ڕۆڵی لێپرساوەتی هەیە. بەڵێ لەلای ناوبراو عەبدە خەوە نانی نیوەڕۆمان خوارد و دواتر بەڕێکەوتینەوە تا گەیشتینە"جەلی" لەو دۆڵە سەوزەی بە دارو درەخت و چروو و ڕەزو باخی چغوور لە بەرزاییەکەیدا کانیاوو ئاوەکەی بەرەو خوار دەبۆوە، بەڵام ئاوێک بۆنی کبریتی لێدەهات، لەگەڵ ئەو بۆنەیدا کە سینەم پڕ بوو گەڕاندمییەوە ساڵانی کە لە گەڕەکەکەمان، گەڕەکی عارەبانی کۆن، چەند دراوسێ و خزم و ناسیاوێک ڕێکدەکەوتن و بە پەست دەچوونە موسڵ"عین کبریت"ئەو خەڵکە لە دەم"زێ"دا خۆی لە قوڕەشین هەڵدەهێناو لەنێو حەوزەکانی کبریت کە حەوزی ژنان و پیاوان بەجیابوو مەلەوانیان دەکرد، کە بۆ نەخۆشی پێست باشبوو، بەڵێ گەڕاندمییەوە ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان، هەڵبەتە وێنە لەسەر و هۆشی مرۆڤدا تۆمار و داخون دەبێ هەروەکو لە کتێبی"جماليات المكان"ی "باشلار"دا هاتووە بگرە هەر لە وێنەکانی بینین و بیستن و هەستەوەری و بۆن و هەستی شەشەم و...هتد. دیارە وێنەی"بۆن"کە منی گەڕاندەوەو هەستی بزواندم، واتا شتێک بۆن دەکەی یان دەبیستی یان هەستی پێدەکەی یان شتێکی ترت بیر دەخاتەوە.

– شەهید ئازاد کوڕێکی زۆر ئازاو جەربەزە بوو، شارەزایی لە ڕێگاو هاتووچۆکاندا هەبوو، کە لەگەڵ ئێمەدا وەک مامۆستای شۆڕش کاری دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا چەند جارێک لەگەڵ تیمی تەخریب لەگەڵ هەڤاڵ واحێد تەخریب کۆیی دەردەچوو بۆ کاری پارتیزانی. شەهید ئازاد گوتی: با پەلە بکەین بۆئەوەی لەگەڵ"مەغریب"دا بگەینە قەراغ کۆیەو نزیک حەماموک، هەرچەندە ئەو سەفەرەمان جێگای مەترسی و دڵەڕاوکێ بوو، بەڵام ئەوسەردەم خەڵک و کوردەواری زۆر دڵسۆز و جێی متمانە بوون، سیخوڕ و پیاوخراپ زۆر کەم هەبوو، گیانی کوردایەتی و هاوکاری و کۆمەکی زۆر بەهێزبوو، بۆیە لەنێوانی ڕەبیەو کەمین و ئۆردوگاکان کە سەرباز و جاشی لێبوون، ڕێچکەی متمانەو سەلامەت و"نە من دەنگ و نە تۆ دەنگ هەبوو"پێیدا تێپەڕبووین و تا گەیشتینە نێو شاری کۆیە، من لەگەڵ شەهید ئازاد لەماڵی ئەوان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ماینەوە، باوکی شەهید ئازاد خوالێخۆشبوو حەمەد گەمحان پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو، لە بەرەی چەپ، دەمدی بەیانیان خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکانی مارکس و لینین و گیڤارا و ئەو مەسەلانە بوو، بە دەیان کتێبی سیاسی و ئەدەبی و مێژوویی ڕیزکردبوو لە پەرتووکخانەکەی، دوای سێ ڕۆژ مانەوەمان لەو ماڵە بەڕێزە، خزمەتێکی زۆر کراین و هەسایینەوەو تازە بووینەوە، بەهەمان شێوە لە ئێوارەیەکی درەنگدا من و شەهید ئازاد و خوالێخۆشبوو ئیبراهیم عەبدولواحێد گەڕاینەوە بەرەو هیران و بنکەکەی خۆمان.

## سیمینارێک لەسەر مێژوو و فەرهەنگی کورد لە کۆلێجی کلتووری زانکۆی یاگەلۆنی لەوڵاتی پۆلۆنیا پێشکەشکرا



خوێندکارانی کورد لە پۆلۆنیا - ٢٠٠٩





خوێندکارێکی کورد، بەجلوبەرگی کوردی لە بەرامبەر زەردەشت پێغەمبەر

**تایبەت بەبەدرخان**

لە ڕۆژی ١٠-٦-٢٠٠٩ لە میانەی چالاکی ساڵانەی دەرچووانی بەشی دیرۆک و کەلتووری زانکۆی یاگەلۆنی و زانکۆی زانست و تەکنۆلۆجیا لە شاری کراکۆڤ لە پۆلۆنیا، "ئەمیر عەبدولرەحمان ئەحمەد" قوتابی دکتۆرا لە بواری فیزیک لە زانکۆی یاگەلۆنی سمینارێکی لەژێرناونیشانی" کورد، دیرۆک و کەلتوور" بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش بە قوتابیان و مامۆستایان کرد.

لەو سمینارە دا بەڕێزی باسی لە بنچینەی نەژادی کوردی بە پێی بیردۆزەکانی ئایینی و زانستی ئانترۆپۆلۆجی کرد و هەروەها باسی دیرۆکی کورد لە قۆناغەکانی پێش دیرۆک و ئیمپراتۆریەتی میدیا و دیرۆکی کورد لە دوای هاتنی ئیسلام و تا مێژووی هاوچەرخ و شۆڕشی گەورەی مستەفا بارزانی نەمری کرد. لە بواری زمانەوانیشدا بنچینەی هیندو ئۆڕۆپی بوونی زمانی کوردی و هاوبەشی لە گەڵ زمانی پۆلۆنی ڕوون کردەوە. باس لە سەر دیالیکتەکانی زمانی کوردی و ڕێنووسە جیاوازەکانی لاتینی و عەرەبی و سیرلیک وێستگەیەکی تری باسەکان بوون. لە بواری ئاییندا ئایینی زەردەشتی و ئایینی ئێزدی وەکوو نموونە بۆ ئامادە بووان شرۆڤە کرا. ئەمەو سمینارەکە لە لایەن ڕاگری کۆلێژەکە بە گرنگترین چالاکی قوتابیان نرخێندرا و بووە مایەی سەرنجی ئامادەبووان.

## ڕاستە دوای هاوسەرگیری خۆشەویستی دەمرێ

**نەوال زەینەل خەلیل**

توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئاماژە بە کۆمەڵێک پەیوەندی مرۆڤایەتی هاوبەش بۆ هاوسەرگیری دەکەن، کە لە کاتی پێکەوە ژیانیان بە کردار و ڕەفتاری چاک و گفتوگۆ و قسەی خۆش ڕۆژانە گەشە دەکات لەنێوانیان و پەیوەندییەکانیان بەهێزتر و تۆکمەتر دەبێ. بۆیە مەحاڵە خۆشەویستی بمرێ.

گرنگترین خاڵەکانی ئەم کۆمەڵە پەیوەندییە مرۆڤایەتییە هاوبەشە وەک خۆشەویستی و بەزەیی و سۆز و ڕاستگۆیی و ڕێزگرتن و لێبووردەیی و داکۆکی لە یەکتری و پرس و ڕاوێژپێکردنی یەک و پشت بەستن و متمانەی ڕوحی لەگەڵ یەکتر و چاودێری و پەروەردەکردنی منداڵ و هێنانەدی ئاوات و ئامانجی یەکتر و هەست بە ئازار و ناخۆشی یەکتری و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی خێزان و لە ڕۆژانی تایبەتی و بۆنەکاندا گۆڕینەوەی دیاری لەگەڵ یەکتر و هاوڕێیەتی و تەندروستی و دارایی و گەلێکی دیکە. کەواتە هاوسەرگیری دەبێتە خاوەنی ئەم کۆمەڵە پەیوەندییە مرۆڤایەتییە هاوبەشە. بۆیە هیچ کەس و هیچ ئاستەنگێکی ژیان ناتوانێ و مەحاڵیشە درزێکی یەکجار بچووک بخاتە نێوانیان و بەرەو نەهامەتی و خەفەت و ئازار و لەیەکتر تۆران و ژیانێکی ناخۆش و جیابوونەوەیان بەرێ.

بۆیە ئەو قسەیە ڕاست نییە، کە دەگوترێ دوای هاوسەرگیری خۆشەویستی دەمرێ، بەڵکو مەحاڵە خۆشەویستی ڕاستەقینە بمرێ، ئەو خۆشەویستییەی لە دڵەوە بێ تا ئەبەد نامرێ و هەر گەشتر دەبێ.



## بەدڵنیاییەوە دەیڵێم (٤٦)

* پێشنیازکردنی پەخشکردنی ڕاستەوخۆی دانیشتنەکانی پەرلەمان قەدەغە بکرێت. دەبێت بێجگە لە بێئاگادارکردنی هاووڵاتیان لە ڕووداوەکانی پشت مێز و بڕیارەکان و زانیارییەکان و هەڵوێستی بوێر و دروستی ئەو پەرلەمانتار و ئەوی دیکە، چی دیکە دەگەیەنێت. ئەگەر تایبەتمەندی هەندێ بڕیارو ڕاوبۆچوون بێت، ئەوا جیهان بۆ گوندێکی بچووک گچکەکراوەتەوە لەڕووی ڕاگەیاندنەوە، شاردنەوەی هەر هەواڵێک تەمەنی چەند چرکەیەکە. ئیتر بۆچی هاووڵاتیان لە قەوماوو چارەنووس و هەڵوێست و دەنگی نوێنەرانی خۆیان بەئاگا نەبن!



قاسم محەمەد مستەفا

* ڕۆژانێکە خۆپێشاندانی هاووڵاتیان لەئێران ڕوو لە فراوانی دەکات. لایەنگرانی میر موسەوی دژ بە ئەحمەدی نەژاد ژمارەیان زۆرتر و کاریگەرتر دەبێت و قوربانییەکانیش کە بە دەستی حکومەت دەکوژرێن و بریندار دەکرێن ڕوو لە باڵاییە. بەڵام وەک هەندێک لە سیاسەتمەداران بۆی دەچن. ئەم ژمارە فراوانەی خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکەیان پێش ئەوەی پشتگیری بێت بۆ میر حەسەن دژایەتییە بۆ دەسەڵاتی"ویلایەتی فەقیە". واتا قبووڵ نەکردنی دەسەڵاتی ئیسلامییەو شەڕەکە بۆ حەسەن نییە، بەڵکو بۆ هەریسەکەیە!.

* دەستوور بەدایکی یاساکان دەژمێردرێت، بەڵام بوونی دەستوورێک کە سەردەمی و شیاو و بێ کەموکورتی نەبێت. پەلەکردن لە بڕیاردان لەسەر کارێکی باش نییە، بەتایبەتی دەستووری هەرێمی کوردستان، کە لەساڵی ١٩٩٢ تاوەکو ئێستا باسی لەسەر دەکرێت. کە تاوەکو ئەم مانگە کەنارخرابوو. گەرم و گوڕی پێوە دیار نەبوو. ساڵانێکە بەکۆتا نەهاتووە، بۆ ئێستا، وەک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن باسی لێوە دەکرێت، تەواوی ئەندامانی پەرلەمان لە دوا شێوازەکەی بەئاگا نین. ئایا لە پەرلەمانی ئاییندە کە فرە دەنگ و فرە ڕەنگ و لیست و ئەگەری بوونی ئۆپۆزیسیۆنی کارای تێدا بەدی دەکرێت. هەروەها بڕیاری کۆتایی لەسەر دەستوور دوای ڕاپرسی فراوانی کۆمەڵانی خەڵک لەسەری دێتە بواری پەسەندکردنەوە. باشتر نییە ئەم پەلەیەی لێنەکرێت و لەخولی داهاتوو بە تێروتەسەلی و سەردەمیانەتر بچەسپێ؟.

* ئێستا لەسەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردنین. ئەوەی کە مشتومڕی لەسەر نییەو هەموو بەئاگاو ڕووناکبیرو بە ویژدانێک لای ئاشکرایەئەوەیە. ئەرکی هەرکەس و لایەن و بانگەشەکارێک ئەوەیە هزر و سیاسەت و کار و شێوازو ڕەفتاری خۆی ڕوون بکاتەوە، کە مافی ڕەوای خۆیەتی. بەڵام شکاندنی بەرامبەرو سووککردنی و هەڵبەستی پڕوپاگەندەی نەشیاو نیشانەی ئاکارنزمی ئەو لایەنەیە.

# د. سەروەر عەبدوڵڵا: ئەدۆنیس زۆر بەلایەوە گرنگ بوو کە مەسیحییەکان لەژێر سایەی حکومەتی کوردی وا دەژین

**دوای ئەوەی شاعیر و رووناکبیری گەورەی عەرەب و جیهانی "ئەدۆنیس" بە بانگهێشتێکی فەرمی لە لایەن بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ داوەتکرا بۆ کوردستان و ئەویش لە گەشتێکی چەند ڕۆژەیدا لە مانگی نیسانی ٢٠٠٩ سەردانی شارەکانی سلێمانی و هەولێر و شارۆچکەی کۆیە و هەڵەبجە و عەنکاوە و چەندین ناوچە و شوێنی دیکەی رووناکبیری و کلتووری لە کوردستان کرد. لەو سەردانەیدا چەندین کۆڕ و سیمیناریشی سازکرد، دوای گەڕانەوەشی بۆ پاریسی پایتەختی فەڕەنسا "ئەدۆنیس" وتارێکی لە ڕۆژنامەی "الحیاة"ی لەندەنی بڵاوکردەوە و شیعرێکیشی بەزمانی عەرەبی لەمەڕ سەردانەکەی بۆ کوردستان نووسیوە، کە لە ژمارەی رابردووی بەدرخان بەناوی "جذر السوسن" بڵاوکردەوە، سەبارەت بە چۆنیەتی هاتنی ئەدۆنیس و هەڵوێستی لەسەر هاتنی بۆ کوردستان بەر لە گەشتەکە و دوای گەشتەکە، بە پێویستمانزانی دیدارێک لەگەڵ نووسەر و لێکۆڵەر و رووناکبیر و مامۆستای زانکۆ "د. سەروەر عەبدوڵڵا" ڕێکخەر و هاوگەشتی "ئەدۆنیس" لە کوردستان سازبکەین..**

ئا: حەمید ئەبوبەکر

*** پێتوانییە لەیەک کاتدا هاتنی ئەدۆنیس و مەحمود عەباس بۆ کوردستان عەرەبی تووشی شۆک کرد؟**

– نەخێر، ئەمە زیاتر لە ڕێکەوتێک نییە، ئەم مەسەلەیە تەواو ڕێکەوت بوو، چونکە ئێمە قەت نەمانزانیوە چ کات مەحمود عەباس دێتە کوردستان و هەولێر، ئێمە کە مانگ و نیوێک لەمەوبەر پلانمان دانا کە فڕۆکەکە لەم مێژووە هەڵدەستێ و لەم مێژووە دەگاتە ڤیەننا و لەم کاتەش دەگاتە هەولێر، ئەگەر ئەوان لە نێو ئەم مانگ و نیوەدا یا پێشتر ئەو پلانە دانراوە ئەگەر گەشتێکی دیکە هەبووبێت ئەوا چ پەیوەندییەکی بە گەشتەکەی ئەدۆنیسەوە نییە. ئەوە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە، من خۆم بەشێوەیەکی شەخشی کە لێرەبووین زانیم کەوا مەحمود عەباس لێرەیە تەنانەت بە ئەدۆنیسم گوت ئەرێ ئاگاداری کەوا مەحمود عەباس لێرەیە؟ گوتی بەڕاست، بۆچی هاتووە بۆ ئێرە؟ منیش بە سادەییەوە گوتم ڕەنگە وەک چۆن هەر کەسێک سەردانی ناوچەکە دەکا، ئەویش ئاوا سەردانی ئێرەی کردووە. کە ئێمە ئەو قسانەمان دەکرد سەعاتێک دواتر لە تەلەفزیۆن بینیمان، ئەویش هیچ قسەیەکی نەبوو لەسەر مەسەلەکە و هەر بە شێوەیەکی ئاسایی سەیری کرد و گوتی: زیارەتی ئەوان زیارەتی سیاسییەکانە و زیارەتی ئێمە هی ڕۆشنبیرەکانە.

*** ئەدۆنیس بەر لەوەی بێتە کوردستان باگراوندێکی لەسەر ئەدەب و مێژووی کورد و کوردستان هەبوو؟**

– ئەوسای کە لە بەرلین بوو، مینحەیەکی هەبوو و بە پێی ئەم مینحەیەش لە بەرلین دەژیا، شەش مانگ لە بەرلین مایەوە و دواتر گەڕاوە بۆ پاریس و دیسانەوە جارێکی دیکەش گەڕایەوە بۆ بەرلین و شەش مانگی دیکەیش لە بەرلین کاتی خۆی بەسەر برد، لەو دوو شەش مانگەدا هاموشۆ و پەیوەندیمان لەگەڵ یەک زۆر بوو، ئەوسا من لە ژێر ڕۆشنایی پرسیارە گشتییەکانی ئەو زۆر باسی نەتەوەی کورد و ئیتنەکانی دیکەی ناوچەکەمانم بۆی دەکرد، بۆنمونە نەتەوەی کورد چییە و پێکهاتەکەی چییە و پەیوەندی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە چۆنە، ئایا کێشەکانی ئێستای کورد چییە و بۆچی وای بەسەرهاتووە، ئەوەش مانای وانییە ئەو زۆر بێ ئاگا بووبێ لەم نەتەوەیە، لە دوورەوە هەندێ شتی خوێندبۆوە و هەندێک شتی زانیبوو.

*** بەر لە گەشتەکەی هیچ شتێکی دەربارەی کورد نووسیبوو؟**

– نامەوێ ورد نەبم لە وەڵامی پرسیارەکەتان، بەڵام تا ئەوسا شتێکی گرنگ هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کەوا ئێمە لە ساڵی ١٩٩٨ کاتێک داوەتمان کرد و ڕێزلێنانێکمان بۆی کرد، هەڵوێستێکی توندی لە ڕژێم و دەسەڵاتدارانی عێراق هەبوو، ئەوەش ئاشکرا بوو کەوا لەبەرئەوەی دەسەڵاتێکی بۆگەن و دیکتاتۆرانە بوو، ئەم هەڵوێستە بۆ ئێمەی کورد بە پۆزەتیڤ دەگەڕایەوە، کورد ژمارەیەک بوو لەو ژمارانە، یانی ئەو کاتێک باسی لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری عێراق دەکرد لەبەرئەوە بوو ئەو دەسەڵاتە بە شێوەیەکی نامرۆڤانە رەفتار لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا دەکات، کە لەم ناوچەیەدا دەژین، ڕەنگە ئەوەش هۆیەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ئەدۆنیس ڕەنگە خۆی لە ناوچەیەک هاتبێ هەمان کێشەی هەبووبێ بۆیە هەمیشە هەستی بەم کێشانە دەکرد، و پەیوەندییەکەی لەگەڵ ڕژێمی بەغدا پەیوەندییەکی زۆر ناساز و خراپ بوو، هەمیشە دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە بەغدا ئەویان بە مرۆڤێکی خراپ لەقەڵەم دەدا، هەندێ جار بە جاسووس و هەندێ جار تۆمەتیان بۆ دروست دەکرد، ئەوە ئەو دەرگایەی کردبووەوە بۆ زۆر لە کوردەکان کە هەمیشە پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵی هەبێ، ئەو ساتانەی لە بەرلین بوو چەندین نووسەری کوردی بینی، جگە لە مانەش جارێک لە گەڵ ماموستای پایە بەرز د.جەمال نەبەز چاویان بەیەکتر کەوتووە دەمێک باس و خواسیان سەبارەت بە هەندێ مەسەلە کردو لە باس و خواسەکەشدا د.هەنا و من ئامادە بوین.

ئەمەو زۆر کەسی دیکە هەبوون پەیوەندییان لەگەڵیدا هەبووە بە تایبەت لە پاریس بۆ نموونە "میدحەت کاکەیی، د. موحسین ئەحمەد عومەر" کە پەیوەندییەکی زۆر باشیان لەگەڵی هەبووە. بە گوێرەی زانیارییەکانی من ئەوا لە سەرەتای ١٩٩٣وە دکتۆر موحسین هەمیشە لە قاوەخانەکانی پاریس دەیبینی و لەگەڵیدا دادەنیشت و لەبواری شیعر و شیعری ئەدۆنیس و جیهانی شیعری ئەمڕۆ گفتوگۆیان دەبوو، بێگومان لە ڕووی لۆژیکییەوە ئەو گفتوگۆیانەیەی مرۆڤێکی وەکو دکتۆر موحسین کە ئێستا یەکێکە لە مامۆستا دیارەکانی بواری زمان و ئەدەبی فرەنسی، کۆمەڵێک شتی لەجیهانی کوردی کلتووری کوردی دەگواستەوە بۆ ئەو، یان ئەو ڕەنگە نا ڕاستەخۆ سوودی لە قسە و باسەکانی یەکێکی وەکو دکتۆر موحسین وەرگرتووە، ئەوە بەدڵنیاییەوە ئەم شتانە لە دانیشتن وقسە و باس و گفتوگۆی درێژدا هەمیشە ڕوودەدات، هیچ دوور نییە کەوا ئەم گفتوگۆیانەش یەکیک لەو فاکتەرانە بووبێت کە بوونەتە مایەی یەک لەو کاریگەرییانەی کە دکتۆر موحسین هەر لەوساوە وردتر سەرنج لە کارەکانی ئەو بدات و یەکیک لە کارەشیعرییە گرنگەکانی ئەو وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی، کە دواتر یەکێک لەو شتە جوانانە بوو کە لە کاتی هاتنی ئەدۆنیسدا بڵاوکرایەوە، ئەو دیوانەی ئەدۆنیس بە زمانێکی زۆر جوان وەریگێڕاو و مایەی دەستخۆشی و پیرۆزباییە لە شاعیرو وەرگێڕ لە هەمان کاتدا. جگە لەمانە ئەدۆنیس خۆی هەندێک شتی دەربارەی کورد زانیوە، ئەگەر شتێکی کەمیش بێ، لە لایەن هەندێ نووسەری فرەنسی یاعەرەب سەبارەن بە کوردییان نووسیوە یا لە لایەن هەندێک نووسەری کورد کە بەزمانی عەرەبییان نووسیوە، یەکێک لەوانەی کاریگەری ڕۆشنبیری هەبووە لەسەر ئەدۆنیس کوردێک بووە بەناوی "مەکزون السنجاری" کە خەڵکی سنجار بووە، ئەم زانا کوردە کە یەکێک بووە لە کەڵە زانا کۆنەکانی جیهانی ئیسلامی کاری لە شیعرەکانی کردووە و بووەتە بەشێک لەو ڕۆشنبیرەی ئەمڕۆ کە باش دەبێت کورد هەوڵبدات سوودی لێ بسەنێ. جگە لەمانە کاتی خۆی هەر لە شەستەکانەوە زۆر کورد هەبوونە پەیوەندییان پێوە هەبووە وەکو سەلیم بەرەکات، من گومانم لەوەدا نییە کۆمەڵێک لە جیهانی کوردی بۆ ئەو گواستۆتەوە، چ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بووبێ کە ئەوسا کە لە گۆڤاری شیعر نزیک بوو یان لە گۆڤاری "المواقف"ی ئەدۆنیس نزیک بوو، یا چ لەرێگەی نووسینەکانی خۆیەوە، بوو بێت، چونکە سەلیم بەرەکات لەناو نووسینەکانی خۆیدا زۆر باسی مرۆڤی کورد و جیهانی کورد دەکا، ئەمانە جگە لەوەی هەردووکیان لەهاماجیڕۆشنبیری ناوچەکە دوور نین، تێکڕای ئەمانە بۆ ئەدۆنیس چەندین کەناڵ بووینە بۆ زانینی بڕێک لە زانیاری سەبارەت بە کورد، بەڵام هاتن بۆ کوردستان و بینینی خاکی کوردستان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مەسەلەیەکی دیکەیە، بەواتایەکی دیکە جیهانبینییەکی زۆر فراوانتری دەداتێ، بۆیە بەلای ئێمەوە هاتنی ئەم نوسەرە زۆر گرنگ بوو، جگە لەمانە ڕەنگە شتی دیکەش هەبووبێ لای ئەدۆنیس سەبارەت بە کورد بەڵام من نازانم.

*** کاتی خۆی مەحمود دەروێش شیعرێکی بۆ کوردستان نووسی و دواتر لە دیوانەکەی دەریهێنا، پێتوایە ڕۆژێک لە ڕۆژان "ئەدۆنیس" شیعری "جذر السوسن" بە هی خۆی نەزانێ؟**

– بەپێی ناسینم بۆ ئەدۆنیس و مەحمود دەروێش، و بەپێی پسپۆڕیشم، من ئەو بڕوایەم نییە، چونکە مەحمود دەروێش و ئەدۆنیس دوو کەسایەتی یەکجار جیاوازن، کەسایەتی مەحمود دەروێش تێکهەڵکێشە بە مەسەلە سیاسییەکان، ئەو بۆ خۆی ئەندام بوو لە ڕێکخراوێک کە لەگەڵ بارودۆخە سیاسییەکاندا دەگۆڕا و دەجووڵایەوە، جگە لەوەی مەحمود دەروێش درێغی لەوە نەکرد بۆ هەندێک لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەستی خۆی تێکەڵ بە دەستی ڕژێمەکانی بەعس بکات بە مەبەستی و چاپکردنی دیوانەکانی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی خۆی و وەرگرتنی پاداشت و پارە و ئەو جۆرە شتانە، هەرچەندە نابێ زۆر بە حەساسیەت باسی ئەو شتانە بکەین، چونکە کاراکتەری مەحمود دەروێش لە ڕووێکی سەرەکی خۆیدا بەشێک بووە لە پرۆسە سیاسییەکان، خۆشی ڕەنگە واتێگەیشت بووبێ لە دنیا ئەم جۆرە بروایەی هەبوو بێت بە میکانیزمی کاری ڕۆشنبیری و سیاسی، بەڵام کەسایەتی ئەدۆنیس جیایە، بۆنموونە ئەزموونی کەسایەتی ڕۆشنبیری مەحمود دەروێش قووڵ نییە بەبەراورد بە ئەزموونی کەسایەتی ڕۆشنبیری ئەدۆنیس، ئەدۆنیس لە کتێبەکانی مرۆڤێکی



د. سەروەر عەبدوڵڵا، نیسانی ٢٠٠٩ — فۆتۆ: حوسێن ئەحمەد



ئەدۆنیس، نیسانی ٢٠٠٩ — فۆتۆ: حوسێن ئەحمەد

**ئەدۆنیس ڕەنگە خۆی لە ناوچەیەک هاتبێ هەمان کێشەی هەبووبێ بۆیە هەمیشە هەستی بەم کێشانە دەکرد،و پەیوەندییەکەی لەگەڵ ڕژێمی بەغدا پەیوەندییەکی زۆر ناساز و خراپ بوو، هەمیشە دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە بەغدا ئەویان بە مرۆڤێکی خراپ لەقەڵەم دەدا، هەندێ جار بە جاسووس و هەندێ جار تۆمەتیان بۆ دروست دەکرد**



د. سەروەر عەبدوڵڵاو ئەدۆنیس، هەولێر، بەردەم پەیکەری جەواهیری، نیسانی ٢٠٠٩ — فۆتۆ: حوسێن ئەحمەد

# به ١٤ ساڵ له كوردستان بەرپرسێكم نەبینی

**لوقمان بەرزنجی**

جاران "مەبەستم لە چەند ساڵێک لەمەوبەر دێت واتە پێش ڕووخانی سەدام". ئەگەر خواستی دیداری هەربەرپرسێکت لەکوردستان بکردایە. بە ئاسانی و لە ماوەیەکی کورت دەتوانی بەدیداری ئەو بەرپرسە شاد بیت. خۆ ئەگەر ئاشانەیەتی نزیکت لەگەڵ ئەو بەرپرسە هەبوایە ئەوە کاری دیتنەکەت زۆر ئاسانتر دەبوو. بەش بەحاڵی خۆم وەبیرم نایەت بۆ سەردانی هیچ بەرپرسێک لە چارەکە سەعاتێک زیاتر لە پرسگە یا لای سکرتێری هیچ بەرپرسێک ئەوانەی کەخۆم مەبەستم بوونە چاوەڕێم کردبێت. دیداری ئەو بەرپرسەم کردووە، خۆ ئەگەر ئەو کەسە دۆستی دێرین و هاوڕێی خۆم بووبێت لەوانەیە چەند دەقیقەیەکیش دانم بەخۆدا گرتووە، چونکە زانیومە ئەو دۆستەم لە کۆبوونەوەیەو هیچ گومانێکم لە ڕاستگۆیی ئەو سکرتێرەی ئەو بەرپرسە نەبووە، دواجار لەگەڵ تەواوبوونی لە کۆبوونەوە یەکسەر داوای کردووم. ئیتر گوێی لێگرتووم. لەدوای ڕووخانی بەعس و بارینی نەوت و دۆلار بەسەر بەشێک لە خەڵکی کوردستان ئیتر مەسئول دیتن بوو بە خەون و کۆمەڵێک دابونەرێتی تر هاتەکایەوە، نەدۆستایەتی ما نەهاوڕێیەتی و کۆمەڵێک ناوی تریش. بۆ نموونە ئەگەر تۆ بخوازی مەسئولێک ببینی دەبێت لەپێشەوە هەوڵی ئەوە بدەیت، ژمارەی تەلەفۆنی مەسئولی حیمایەکان یاخود سکرتێرەکەی پەیدا بکەیت. کەسێکیشت هەبێت یەکێک لەو دوو کەسە بناسێ بۆ ئەوەی وەڵامی تەلەفوونەکەت بدەنەوە، ئەگەر وەڵامیشیان دایەوە. دیالۆگەکە بەم شێوەیە: بەڕێزتان ناوتان چییە؟ چ کارتان بە فلانْ هەیەو پیشەتان چییە؟ خۆ ئەگەر گوتت من مقاولم یا پارەدارم لە بوارێکی دیاری کراو ئەوە پتر لە چەند جارێک وشەی بەڕێز بەدەمیدا دەبارێ و ئیتر بەرامبەرەکەی لە مەبەستی ئەو سکرتێرە یا ئە حیمایە دەگات بۆ دەم شیرین کردن. هەڵبەتە من باسی مەسئولە پلە دووەکان دەکەم خوانەخواستە واتێنەگەن من باسی مەسئولە پلە یەکەمەکان دەکەم، چونکە یەکەمەکان مەقامیان لە سەر ئەرز نەماوە ئێمەو مانان نایانگەینێ. بەڵێ با ئەم یەکەمانەش ڕۆژگارێک دۆستیشمان بووبن. من بەش بەحاڵی خۆم ماوەی چواردە ساڵە هەوڵ دەدەم لە دووسەردانم بۆ کوردستان بەڵێ دوو سەردان هەوڵم دا دۆستێکی خۆشەویست و دێرینی خۆم ببینم بواریان نەدا ببینم هیچ ئێشیشم بەو دۆستە دێرینەم نەبووە، تەنیا خۆشەویستی نەبێت. بەڵام لە ماوەی مانەوەم لە هەندەران و بۆ کاری ڕۆژنامەوانیم توانیومە تاوەکو ئێستا دیداری بەشێکی چاک لە دیپلوماتی ئەورووپی و عەرەبی و ئێرانی بۆنموونە وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا و بڕیاردەری یەکیەتی ئەورووپی بکەم.



لوقمان بەرزنجی

بەڕاستی سەیرە نەتوانی لە کوردستان بە چواردە ساڵ بەرپرسێک ببینیت!.

تیۆریستە وهزری تیۆری هەیە بۆ شیعر، فیکر، ئیسلام، لەلایەکی دیکەوە وێنەی ئەدۆنیس بەوە جیادەکرێتەوە لە وێنەی مەحمود دەروێش کەوا ئەدونیس مرۆڤێکە جورئەت وایلێکردووە زۆر شت بکا و چاونەترس بێ لە زۆر ڕای دیکە، ئەو هەر لە ساڵی "١٩٦٢"وەوە عێراقی نەدیوە و نەیویستووە عێراق ببینێ، لەبەر ئەو سیستەم و ڕژێمەی لەوێ باڵادەست بووە، دە ساڵ بەرلەوەی بێتە کوردستان خۆم چەندین وچەندین جار گوێم لە خودی خۆی بووە کە گوتوویەتی ڕژێمی سەردەستەی بەعس لە عیراق ڕژێمێکی تەواو دیکتاتۆرە بگرە لە دکتاتۆرییەتدا نموونەی نییە، ڕژێمی سەردەستەی بەعس لە عیراق ساڵەهای ساڵ هەوڵیانداوە داوەتی بکەن بۆ میهرەجانەکانی خۆیان یان بۆ مەربەدەکانی عێراق یان بە شێوەیەکی تایبەت داوەتی بکەن، بەڵام ئەو وەک نموونەکانی دیکە نەیویستووە بچێ بۆ ئەو شوێنە و تەنانەت هیچ بەلایەوە گرنگ نەبووە ئەگەر بەرهەمەکانی ئەو لەوێندەرێ قەدەغەبکرێ و بڵاو نەکرێتەوە و چاپ نەکرێ، بۆیە سەیر دەکەی مەحمود دەروێش و ئەدۆنیس دوو کەسایەتی جیاوازن لەڕووی ستروەکتوور و پێکهاتەکانیانەوە، من پێموانییە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەدۆنیس ئەو تێکستەی خۆی بکێشێتەوە لە کارەکانی خۆی، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە نابێ ئێمە بەم هەموو حەساسیەتەوە تەماشای هەندێ مەسەلە بکەین، ئێمەی کورد بچووک نابینەوە بەوەی شاعیرێک تێکستێک سەبارەت بە کوردەوە بنووسێت و پاشان بیکێشێتەوە ئەوسا ڕەنگە مەسەلەکە لەبەر مەسەلەیەکی سیاسی بووبێت و لای خوێنەریش شاعیرەکە وەک تێکستەکە لە بووندا دەکشێتەوە. من پێموایە هەر شاعیرێک یان هەر نووسەرێک ئەگەر تێکستێکی خۆی لە دیوانەکەی خۆی یان لە کتێبێکی خۆیدا لەبەر هۆیێکی ڕۆشنبیری یان تەکنیکی شیعری بووبێت بکشێنێتەوە ئەوا زۆر ئاساییە، بەڵام کشاندنەوەی تێکست لەبەر هۆی سیاسی یان بەرژەوەندی شەخسی، من ئەوە بە شتێکی زۆر خراپی تێدەگەم و بە کارەساتی دەزانم بۆ هزرو ئەدەب. پێموایە ئەو کارەی مەحمود دەروێش کردی بەشێکی تیابوو لە مەسەلە سیاسی و شەخسییەکە بە یەکجار.

*** چ پرۆژەیەکی دیکەت بەدەستەوەیە؟**

—ئەگەر لەم پرسیارەدا مەبەستتان پرۆژەی میوانداری و داوەتکردنی کەسانی دیکەیە ئەوا بەڕاستی من وەک مرۆڤێکی ئاسایی ئەوا لە ڕووی لۆگیستییەوە لە توانامدا نییە کەسانێک لەم ئاستانەدا بۆ ئێرە داوەت بکەم یان بەپێچەوانەوە، ئەوەندەی بەمن دەکرێ جارنا جارێک پرۆژەیەکی جیددی دابڕێژم بۆ هەر دەزگایەکی جیددی کە بتوانێ کارێکی ئاوا گرنگ ئەنجام بدات و منیش ئەوەندەی پێمبکرێ یارمەتی بدەم. من بەپێی پەیوەندیم بە نووسەرانی بیانی دەتوانم بڵێم توانای ئەوە تا ڕاددەیەک لە بارە کەوا بکرێ چەندین و چەندین کەڵە نووسەری دیکە بۆ کوردستان داوەت بکرێ، خۆی کێشەکە پەیوەندی بە دوو خاڵەوە هەیە، خاڵی یەکەم متمانەیە، بەواتای ئەوەی کاتێک کە یەکێک



له راستەوە د. موحسین ئەحمەد عومەر، د. نەزەند بەگیخانی، ئەدۆنیس، هیممەت کاکەیی، پاریس ١٩٩٣/٥/١٢

داوەت دەکرێ ناوچەیەک لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوا ئەو کەسەی کە قسە لەگەڵ ئەو نووسەرە دەکا پێویستە باگراوندێکی دووری لە ناسین لەگەڵیدا هەبێ بۆ ئەوەی ئەو نووسەرە متمانەی هەبێ کاتێک دێ بۆ ناوچەکە بە تایبەت ئەگەر چەوشوێنە کوردستان بێت، خاڵی دووەم ئەو لایەنەی کە ئۆرگانیزەی ئەو بابەتە دەکاتە، پێویستە لایەنێک بێ بتوانێ بە تەواوی و بە وردی شتەکان زۆر پرۆفیشناڵانە بە ئەنجام بگەیەنێ و پلان و پرۆگرامێکی جوانی بۆ دابڕێژێ، بۆ ئەوەی کاتێک کە ئەو نووسەرە یا شاعیرە یا ڕۆشنبیرە دەگەڕێتەوە بە پڕی بگەڕێتەوە، بە جیهانبینییەکی پڕ بگەڕێتەوە کە ئێمەی کورد وەک نەتەوە لێی سوودمەند بین.

به هاتنی ئەدۆنیس بۆ کوردستان ئەوا بە گشتی وەک ڕووداو لای ڕۆشنبیرانی کورد مایەی سوودمەندبوونێکی دیارە، لە گەڕانەوەشی بۆ دەرەوەی وڵات کە لەوێ ماوە دیسانەوە زۆر سوودمەند بووین چ لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری چ لەسەر ئاستی سیاسی.

*** که هاته کوردستان کۆمەڵێک قسەی دەکرد، کە گەڕاوە دوا قسەی چی بوو لەسەر کوردستان کە پێتی گوت و قەت بیرت ناچێتەوە؟**

— یەکەمین هاتنی زۆر بەبێ دەنگی هات، من لە بەرلینەوە چووم بۆ پاریس و لەوێ پلانەکەم بە تەواوی بۆی دارشت، ئیتر بەیەکەوە لە پاریسەوە هاتینە ڤیەننا و شەوێک لە ڤیەننا ماینەوە، بێگومان لە ڤیەننا ئێوارە تۆزێ چووینە بازاڕ و هەر لەوێش چووینە ئەو کافێیەی کە کافکای نووسەر سەردانی ئەو شوێنەی دەکرد، ئەو سەردانیکردنی ئەو شوێنانەی بەلاوە گرنگە، لەوێوەش بەیانی ڕاستەوخۆ هاتینە کوردستان، لە ڕێگا ئەو پرسیارانەی هەیبوو دەیگوت ((من پێشبینی ئەوە دەکەم کە ئێستا کوردستان شوێنێک بێ زۆر پێشکەوتووبێ لە زۆر شوێنی دیکەی جیهانی عەرەبی یان ئیسلامی، ئەمە بۆچوونمە و هیوادارم وابێ))، بەڕاستی من حەزم نەدەکرد زۆر تێبینی پێ بدەم بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ خۆی شتەکان ببینێ، نەک لەڕێگەی قسەکانی منەوە ئەوێندەرێ بناسی، هەرچەندە کاتی خۆی من باسی زۆر شتم بۆی کردووە، کە ئەوێ چۆنە و چۆن نییە و مرۆڤ چۆن دەژی، چ لۆکالیتەکیان هەیە و مینتالیتیەتی مرۆڤی کورد چۆنە و پەیوەندییەکانی چۆنە لەگەڵ مرۆڤی عەرەب و تورک و فارس بەمانایەکی دیکە ئەو شتانەم پێ دەگەیاند بۆ ئەوەی بزانی بە شێوەیەکی گشتی زەمینەکان چۆنە، بەڵام نەدەچوومە ناو شتە وردەکانەوە، کاتێک ئێمە گەیشتینە ئاسمانی هەولێر ئەدۆنیس لە پەنجەرەکە سەیری خوارەوەی دەکرد و دەیگوت ((زۆر سەیرە ئەو خاکەی لێرەیە هەمووی بۆ کشتوکاڵ و باڵەخانە ئیستیغلال کراوە، واتە ئێوە نەتەوەیەکن ناتانەوێت خاکەکەتان بەفیڕۆ بچێ و کاری لەسەر دەکەن، من وا لە پەنجەرەکەوە دەبینم هەمووی سەوزە))، ئاخر ئەوسا کە هاتین تازە بەهار بوو و بارانێکی زۆر باری بوو، بەهەرحاڵ من حەزمنەدەکرد تەعلیق بدەم لەسەر ئەو قسەیە، دەنا قسەی جیام لەگەڵ قسە و ڕایەکەی ئەودا زۆر بوو ئیتر کە نزیک بووینەوە فرۆکەکە جارێکە بەسەر قەڵای هەولێردا سووڕایەوە، پێمگوت ئەوە قەڵاکەی هەولێرە کە سەنتەری یەک لە شارە هەرە کۆنەکانی دنیایە کە تا ئێستا مرۆڤ تێیدا دەژی، سەرنجێکی قەڵاکەیدا و گوتی ((هەستدەکەم ئەو شارە بازنەییە))، گوتم بەڵێ شێوەیەکی بازنەییە، گوتی ((شار لە شێوەی بازنەیی جوانترە وک شێوەی دیکە))، ئیتر هەندێک قسەی لەو بابەتانەی کرد، کە دابەزین من وام پێشبینی کرد تۆزێک ترسی هەبێ، بەڵام بۆم بەدەرکەوت کاتێک لە فرۆکە هاتینە خوارەوە لای زۆر ئاسایی بوو، لەوێندەرێش پێشوازییەکی زۆر جوانیان لێکرد، کە لایق بوو بە ئەو، هەر لەوێش گلەیی لە من کرد و گوتی ((من شایستەی ئەو پێشوازییە گەورەیە نیمە، بۆچی پێیانت نەگوتووە))، منیش گوتم پێیانم گوتووە پێشوازییەکەت ئاسایی بێت، ئەوە ئەو ئاساییەیە بۆ نووسەرێکی وەک ئێوە، گوتی ((ئەوی دەیبینم زۆر گەورەترە لە قەوارەی خۆم))، تەبعەن بەدرێژایی ئەو ٩ ڕۆژەی لە هەولێر و سلێمانی بوو، هەندێک کاتی کورت کورت نەبێ ئەگینا بەدرێژایی کاتەکە من لەگەڵیا بووم، ئەو نووسینانەی کە ئۆرجینالن و لەلام ماوەتەوە، ئەوانیش ئەو وتارەی لە گەلاوێژ خوێندییەوە و ئەو وتارەی لە هەولێر پێشکەشی کرد، ئەوساتەی کە گەڕایەوە گوتم پێمخۆشە دوا ڕات سەبارەت بە کوردستان بزانم، گوتم: ((من که هاتم ڕایەکەم تۆزێک پۆزەتیڤ بوو سەبارەت بە کوردستان، بە شێوەیەک پۆزەتیڤتریش بوو لە دیتنم بۆ جیهانی عەرەبی، بەڵام بۆم دەرکەوت زۆر زۆر پۆزەتیڤترە لەوەی من پێشبینیم دەکرد و ئێستا کوردستان بە بوارێکی زۆر فراوان و لیبراڵتری دەزانم لە هەر بوارێک لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست))، ئەوە دەقی قسەکانی بوو، گوتیشی ((من زۆر شتم هەیە بە ڕستەیەک و دوو ڕستە ناگوترێ، پێمخۆشە بە نووسین گوزارشت لەڕای خۆم بکەمەوە نەک بە قسەیەک و دوو قسە))، ئەوەبوو ئەو تێکستە جوانەی نووسی لە ٣٦ لاپەڕە، کە دەتوانین بڵێین تەعبیر لە ڕای ئەو دەکا، بە تایبەت ڕای ئەو سەبارەت بە دۆخی ڕۆشنبیری بەگشتی و چالاکی ڕۆشنبیری و پەیوەندییە جوانییەکان لە هەولێر و کۆیە و سلێمانی و سەبارەت بە سەردانە تایبەتەکەی بۆ هەڵەبجە هەروەها سەبارەت بە سەردانەکەی بۆ عەنکاوە کە شتێکی گرنگ بوو، چونکە ئەو زۆر زۆر بەلایەوە گرنگ بوو بزانێ مەسیحییەکان چۆن دەژین لەژێر سایەی حکومەتی کوردیدا و بەلای زۆر گرنگ بوو کە مەسیحییەکان لە دۆخێکی زۆر باشتر دەژین وەکو ئەوەی لەژێر سایەی هەر ئیتنیکێکی تر لە ناوچەکەدا دەژین. دوا سەرنجیشم ئەوەیە کوردیش پێویستە ڕۆشنبیری خۆی بگەیەنەتە ئەو ئاستەی جیهانیانە ڕەفتاری لەگەڵدابکرێت بەڵام چۆن ئەوا ئەم پرسیارە پێویستە ڕۆشنبیری کورد و دەسەڵاتە سیاسییەکەی وەڵامی بدەنەوە.

**بەشی دووەم و کۆتایی**

**ئەدۆنیس: من کە هاتم ڕایەکەم تۆزێک پۆزەتیڤ بوو سەبارەت بە کوردستان، بە شێوەیەک پۆزەتیڤتریش بوو لە دیتنم بۆ جیهانی عەرەبی، بەڵام بۆم دەرکەوت زۆر زۆر پۆزەتیڤترە لەوەی من پێشبینیم دەکرد و ئێستا کوردستان بە بوارێکی زۆر فراوان و لیبراڵتری دەزانم لە هەر بوارێک لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**



د. سەروەر عەبدوڵلاو ئەدۆنیس، هەولێر، نیسانی ٢٠٠٩

فۆتۆ: حوسێن ئەحمەد

# بانگەشەکردنی دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد پێویستی بە هەنگاوی جددی و ئاشکرایە



کەمال محێدین

لە وتارەکەی پێشوومان باسی ئەوەمان کرد کە حکومەتی تورکیا بە بەردێک سێ نیشانەی پێکاوە لەبواری بەر بەرەکانێی جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیا.

نیشانەی یەکەم: وتمان تێوەگلانی حکومەتی فیدراڵی عێراق و هەندێ لایەنی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە شەڕی گەلی کورد و سوپای کۆماری تورکیا بە بیانووی لێدانی پەکەکەو تیرۆر، کە ماوەی ٢٠ بیست ساڵە بێ ئەنجامە.

هەرکاتێ حکومەتی فیدراڵی عێراق و هەرێمی کوردستان بکەونە ناو ئەم شەڕە پڕ لە مەترسی و درێژخایەنە بێگومان هەردووکیان دەخاتە بارودۆخێکی ترسناک و روو لە رووخاندنیان دەکات، ئەمەش یەکێکە لە مەبەستە هەرە گەورەکانی تورکیایە.

نیشانەی دووەم: هەوڵدانی تورکیا لەڕێگای ئەمریکاو عێراق و هەندێ لایەنی کوردی بۆ لەناوبردنی پەکەکەو دەستگیرکردنی سەرۆکەکانیان و دانەوەیان بە تورکیا بۆ لەسێدارەدانیان و قڕکردنی هەموو نەیارەکانی حکومەتی تورکیا لە باکووری کوردستان و کوژاندنەوەی جوڵانەوەی کوردایەتی.

نیشانەی سێیەم: بەدەستهێنانی دوو سەربازخانەی گەورەیە بۆ جێگیربوونی سوپای تورکیا لە ناوچەی رانیەو سۆران، کە ساڵەهای ساڵە تورکیا خەونی پێوە دەبینێ.

ئەو سێ ئامانجەی باسمان کرد لە کۆبوونەوەکەی رۆژی ٢٠٠٩/٤/١١، کە لە بەغدا بەسترا لەنێوان حکومەتی تورکیا و عێراق و ئەمریکا و هەرێمی کوردستان بڕیاری لەسەر دراوە، لەگەڵ هەندێ بڕیاری دیکە، وەک لە میدیاکان بڵاوکرایەوە لەمانگی رابردوو، کۆبوونەوەکانیش بەردەوامن، بۆ ئەم مەبەستە پڕ لەمەترسییە. پاش شەڕی یەکەمی جیهانیورووخانیئیمپراتۆرییەتی عوسمانیو دابەشکردنی میراتەکەی بەسەر دەوڵەتە سەرکەوتووەکان لەڕۆژی ١٩٢٣/١٠/٢٩ کۆماری تورکیا دروستکرا بە سەرۆکایەتی مستەفا کەمال و حیزبەکەی"حزب الشعب" کە لەیەکەم رۆژدا هەموو حیزبەکانی تورکیا قەدەغەکران و دەسەڵاتی تاکە حیزبی و تاکڕەوی پەیڕەوکرا، لەساڵی ١٩٥٢ تورکیا بوو بە ئەندامی پەیمانی ناتۆ"اطلسی"لەساڵانی ١٩٥٥ و ١٩٥٩ تورکیا بوو بەئەندامی پەیمانی بەغداو پەیمانی مەرکەزی، ئەم جرت و فرتەی تورکیا لەناو ئەو پەیمانە عەسکەریانە هەمووی بۆ دژایەتی شیوعییەت و جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد بووە لەکوردستانی تورکیا، بۆ ئەو مەبەستەش هەموو سەروەت و سامانی تورکیا بۆ چەک و تەقەمەنی تەرخانکرا، ئەمەش بووە هۆی برسییەتی و هەژاری و ناخۆشی لە وڵات، بۆیە لەهەموو لایەک مانگرتن و خۆپیشاندان دەستیپێکرد و لەئەنجامدا جەمال کورسیل کودەتایەکی بەرپاکرد و لەساڵی ١٩٦١ عەدنان مندریس سەرۆک وەزیران و جەلال بایاری سەرۆک کۆمار دادگایی کران و بەتوندی سزا دران و دەستووری هەمیشەیی تورکیا دانرا، بەڵام سیاسەتی هەموو حکومەتەکانی تورکیا تائێستاش سیاسەتێکی شۆڤێنی تاکڕەوی توند بەرامبەر هەموو نەتەوەکانی تورکیا کە تورک نین پەیڕەو دەکات، ئەم رێبازەش زیانێکی گەورەی لەتورکیا داوە.

کۆماری تورکیا وڵاتێکی پان و بەرینە، ژمارەی دانیشتوانی لە ٧٠ ملیۆن زیاترە، کۆمەڵگاکەی لە تورک و کورد و عەرەب و ئەرمەن و چرکسی و یۆنان و بلغار پێکهاتووە. زیاتر لە ٩٠٪ دانیشتوانی ئیسلامی سونین. پانتایی خاکی تورکیا ٣٠١,٤ هەزار میل چوارگۆشەیە، ئاسیاو ئەوروپا پێکەوە دەبەستێتەوە.

ئەگەر حکومەتی تورکیا بیەوێت دوارۆژێکی ئاسوودەو هێمن و خۆشگوزەران و پێشکەوتووانە سەقامگیر بکات بۆ گەل و نیشتیمانەکەی لەپێشەوە دەبێ ئاسایشی وڵاتەکەی بچەسپێنێ، ئەمەش تەنها بە رێکخستن و دۆستایەتی و رێزگرتن دەبێت لەنێوان هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگای تورکیا، تاکە رێگاش بۆ ئەم کارە پیرۆزە رێگای دیالۆگ و تێگەیشتن و باوەڕبوونە بەیەکتری، دوور لە هەڕەشەو شەڕ و ئاژاوەنانەوە، کە هەموو لایەک تێیدا زیان بەخش دەبێت، ئەگەر سەرنجێک بدەینە ئەو گیروگرفتانەی کە تورکیا دووچاریان بۆتەوەو هەوڵ نادات بۆ چارەسەرکردنیان بێگومان ئەم وڵاتە دوارۆژی زۆر تاریک و پڕ لەمەترسی دەبێت، ئێمە تەنها بۆ بیرخستنەوەی حکومەتی تورکیا و لایەنە سیاسی و حزبەکانی و کۆمەڵانی خەڵکی تورکیای دۆست بەکورد هەندێ لەم گیروگرفتانە دەخەینە بەرچاوی لایەنە پەیوەندیدارەکان:

١- حکومەتی تورکیا سیاسەتێکی سەرکوتکەرانە پەیڕەو دەکات، دژی نەتەوەکانی ناو تورکیاو لە مافی نەتەوایەتی خۆیان بێبەشکراون و هەموو خەڵکی تورکیا بە تورک لەقەڵەم دەدەن و ئەوەی خۆشی بەتورک نەزانێ دەبێ لەتورکیا دەربچێت، ئەمەش بۆتە هۆی ململانێ و شەڕو پێکدادان لەنێوان حکومەتی تورکیاو ئەم نەتەوانە بەدرێژایی ٨٠ ساڵی رابردوو، کە تائێستاش بەردەوامە.

٢- رۆژ بەڕۆژ باری ئابووری تورکیا بەرەو خراپی دەچێت، بەهۆی نرخی ئەو چەک و تەقەمەنیانەی کە بۆ شەڕی ناوخۆ پێویستییەتی، سەرەڕای نەبوونی سامانی سروشتی وەک نەوت و غازو بەنزین و لەگەڵ قازانجی ئەو قەرزانەش کە لەسەرییەتی هی ئەمریکاو بانکی نێودەوڵەتی و ئەوروپی، کە بە مەلایین و ملیارات دۆلار مەزەندە دەکرێت.

٣- ناتەبایی و دوژمنایەتی لەنێوان عیلمانییەتودینخوازەکان لەنێوان هێزی سەربازی و نەیارەکانیان لەنێوان گروپە چەپ و راستڕەوەکان لەنێوان چینی هەژارو سەرمایەدارەکان، ئەمانە هەمووی کێشەی گەورەن.

٤- کێشەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی تائێستا تورکیا خۆی بەخاوەنی بەشێکی زۆر لەخاکی عەرەب دەزانێت، رۆژانەش کێشەی ویلایەتی موسڵ و ئەسکەندەرونە دووبارە دەبێتەوە لەنێوان تورکیاو عێراق و سوریا، سەرەڕای دۆستایەتی و هاوپەیمانی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیل، ئەمەش دیسان کێشەیەکی گەورەیە.

٥- داواکارییەکانی ئەرمەن و ئەمریکاو ئەوروپا بۆ لێکۆڵینەوە لە کوشتن و قڕکردنی ئەرمەن لەلایەن تورکیاوە.

٦- فشاری ئەوروپا و ئەمریکا لەسەر تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەڕێگای ئاشتیانەو دیموکراسیانە، چونکە رۆژبەڕۆژ کێشەکە گەورە دەبێ و زەرەرو زیان و کوشتار زیاد دەکات و ئەنجامەکەشی مەترسیدارە.

٧- یەکلاکردنەوەی کێشەی قوبرس لەگەڵ یۆنان.

٨- فشاری توندی ئەوروپا لەسەر حکومەتی تورکیا بۆ چاکسازی دەستوور و هەموارکردنی بەرەو چەسپاندنی مافی مرۆڤ و دیموکراسییەتی راستەقینە لەتورکیا، بۆئەوەی ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا.

بەڵێ ئەمانە کێشەی زۆر زل و پڕ لەمەترسین لەسەرکۆماری تورکیاو گەل و نیشتیمانەکەی، بۆیە ئەگەر تورکیا بەخۆیدا نەچێتەوەو ئەم راستیانە نەخەنە بەرچاوی خۆیان و لایەنە سیاسییەکانی تورکیا بەتایبەتی لایەنە سەربازییەکان و گروپە شۆڤێنییەکان ئەوە بێگومان تورکیای ئێستا نامێنێ و لەت لەت دەبێت و دەکەوێتە ناو ئاگری برسییەتی و ناخۆشی و تیرۆرەوە.

لەبەرئەوەی ئێستا کێشەی کورد لەکوردستانی تورکیا لەهەموو کێشەکان زەقترو گەرمترە لەناو تورکیاو ناوچەکەمان، بۆیە دەبێ تورکیا بەجددی هەوڵبدات بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەڕێگای ئاشتی و دیموکراتییانەو چەسپاندنی مافی نەتەوایەتی کورد لە دەستووری هەمیشەیی تورکیا. چونکە ئەوە ٢٠ ساڵ زیاترە حکومەتی تورکیا بەهەموو هێزو توانای و چەکە قورسەکانی پەیمانی ناتۆ"حلفی اطلسی"و بەیارمەتی ئەمریکاو عێراق و ئێران و سوریا نەیتوانیوە جوڵانەوەی کوردایەتی خەفە بکات، کەواتە دەبێ حکومەتی تورکیا بە بیروباوەڕێکی تازەو زانستیانەوە بێ فرت و فێڵ و بەئاشکراو نەترسانە بێتە ناو کێشەکەو لەڕێگای دایەلۆگ و باوەڕ بەیەکتر لەگەڵ نوێنەرانی راستەقینەی گەلی کورد لەکوردستانی تورکیا دابنیشێت"ئەوانەی لە هەڵبژاردنی رابردوو"٩٨"شارەوانیان بردەوەو توانیان ٢٣ نوێنەر بنێرنە ناو پەرلەمانی تورکیا" هەوڵبدەن بگەنە چارەسەرێکی عادیلانەو دیموکراسیانە، بەڵام ئەو سیاسەتەی ئێستای تورکیا پاش شکستهێنانی لەهەموو هەوڵ و تەقەلا سەربازییەکانی هەمدیسان بێ ئەنجام و فێڵ لەخۆکردنە، هەر خۆشیان زەرەرمەند دەبن و پەشیمان دەبنەوە.

بەڵێ هەندێ لە سەرکردەکانی تورکیا بانگەوازی چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەکەن بەبێ ئەوەی لەکات و چۆنییەتی ئەم چارەسەرکردنە لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگادار بکەنەوە، رەنگە هەندێ لایەن ئەم بانگەوازە بە پێشکەوتن بزانن لە سیایەتی تورکیا، بەڵام ئەم لایەنانە بەخۆشمەوە دەبێ ئەوە بزانین کە کاربەدەستانی پێشووی عێراق و ئێستای تورکیا و ئێران زۆر بەڵێنی جوان و شیرینیان بەکورد داو لەهەمان کاتیشدا بەپێچەوانە رەفتاریان لەگەڵ کورد کردووە، سەدام حوسێن جلوبەرگی کوردی لەبەر خۆی کرد لەکاتی لێدانی هەڵەبجە بە کیمیاوی و هێرشەکانی ئەنفال و وێرانکردنی دێهاتی کوردستان و لەناوبردنی ٨٠٠٠ هەشت هەزار بارزانی بێتاوان، هەروەها سەرۆکەکانی تورکیا دیسانەوە بەجلوبەرگی کوردی دەچوونە ناو کوردەکان و بەڵێنی باشیان پێدەدان لەپاشان قڕیان دەکردن، بەڵێنەکانی شاهانشای ئێران بە سەرۆک قازی محەمەد و هەڤاڵەکانی و دوایی لەسێدارەدانیان ئەمانە هەمووی جێگای پرسیار و دەرس لێ وەرگرتنن، لەگەڵ ئەوەش با ئێمە زۆر رەشبین نەبین و مەودا بدەین بە دوژمنەکانمان بۆ شەڕ راگرتن و دایلۆگ لەکاتێک کاربەدەستانی تورکیا بانگەشەی چارەسەرکردن دەکەن، لەهەمان کات لە پیلان گێڕان بەردەوامن بۆ لێدانی جوڵانەوەی کورد لە تورکیا، ئەگەر سەرنج بدەینە بانگەشەکان، دەبینین وەک شانۆگەریی فەرمانەکان دابەشکراون بەمجۆرەی خوارەوە:

١- سەرۆک کۆمار بەڕێز عەبدوڵڵا گول دەڵێ: دەبێ کێشەی کورد چارەسەر بکەین و ئەمڕۆش لەهەموو کاتێک نزیکترین بۆ ئەم چارەیە.

٢- سەرۆک وەزیران بەڕێز رەجەب تەیب ئەردۆغان دەڵێ: کورد خزمی ئێمەن ئەوەی خۆشی بەتورک نازانێت با بچێتە دەرەوە لەتورکیا.

٣- سەرۆکی سوپای تورکیا بەڕێز باشبوغ بەدەنگی تۆپ و تەیارەو دەبابە قسە دەکات، هەرچەندە لەهەموو هەوڵەکانی شکستی هێناوە، ئەم قسانەو بانگەشانەی کاربەدەستانی تورکیا هەمووی دەچێتە خانەی بێ باوەڕی و دڵڕەقی بەرامبەر کێشەی کورد، ئەگینا رێگای راست بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەوە دەبێت لەپێشەوە لێبووردنی گشتی بدرێتە هەموو ئەو کوردانەی تاوانبارکراون بە خەباتی کوردایەتی و ئازادکردنی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان و ناردنی بۆلای بەڕێز کاک مەسعود بارزانی یا بەڕێز مام جەلال بە بارمتە لەپاشان روو بکەنە نوێنەرانی کورد لەناو پەرلەمانی تورکیاو شارەوانییەکانی کوردستان و ئەحمەد تورک و لەیلا زاناو هاوەڵەکانیان و دەست بکرێت بە گفتوگۆکردن ئەوکاتیش پێشمەرگەکانی کوردیش چەکەکانیان دابنێن لەلای تەرەفی سێیەم بە ئەنجام و هەموو لایەک خۆی بەخاوەن مافی راستەقینە دەزانن و تێکڕا بەرگری دەکەن لە رژێمێکی دیموکراسی فیدراڵی لە سەرانسەری تورکیاو بۆ ژیانێکی پڕ لەهێمنی و خۆشگوزەرانی کاردەکەن، کە ئەمەش ئاواتی هەموو مرۆڤێکی خواپەرستە.

بەڵام روون و ئاشکرایە کە تائێستا دەسەڵاتدارانی تورکیا قسە دەکەن و هەنگاو نانێن، لە هەفتەی رابردووش بەڕێز"باشبوغ" سەرۆکی سوپای تورکیا دەڵێت: تا کێشەی تیرۆر هەبێت سوپا درێژە دەدات بە کوشتن و وێرانکردنی کوردستان، ئەمەش لەوەوە دەردەکەوێت کە کاربەدەستانی سوپای تورکیا بەخەون و خەیاڵ دوژمن پەیدا دەکەن تاکو بازاڕی شەڕ گەرم بکەن و تورکیا تووشی قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی گەورە بکەن و حکومەتی ئێستای تورکیا بڕوخێنن و خۆیان بێنەوە سەر حوکم و لافی پاشایەتی دەورانی دەسەڵاتی عوسمانی لێبدەن، بەڵام خەیاڵیان خاوەو کار لەکارترازاوەو عەسکەرتاری باوی نەماوەو دەبێ دەسەڵاتدارانی تورکیا دەرس وەربگرن لەمێژووی گەلانی ئازاد و سەربەخۆ، دەبێ بزانن کە ماف دەسێنرێت و نادرێت و سەردەکەوێت و نانەوێت، بۆیە داوا دەکەین لە بازرگانەکانی بازاڕی شەڕ لە تورکیا چیتر بازرگانی نەکەن بەخوێنی لاوانی تورکی برامان و کوردەکان و رێگای راست و مافپەروەرانەو بەرژەوەندی تورکیا و کوردستان بگرنە بەر بۆ چارەسەرکردنێکی بەپەلەو هەمیشەیی کێشەی کورد لەسەر بنەماکانی مافی گەلان و دیموکراتیەتی راستەقینەو زانستیانە.

باوەڕیشمان بەهێزە کە دەروازە گەورەکەی رێگای چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کورد و کوردستان بێگومان لەکوردستانی تورکیا دەکرێتەوە، بۆیە تا زووتر ئەم دەروازەیە بکرێتەوە کە کلیلەکەی لەلای کاربەدەستانی تورکیا زەوتکراوە لەبەرژەوەندی هەموو لایەکمانە لەپێشەوەش لە بەرژەوەندی گەلی تورکیای دۆستمانە.



گەریلاکانی باکووری کوردستان لەکاتی مەشق کردندا

# حەسەن مستەفا: مام جەلال گوتی عەبدولکەریم قاسم ئەمڕۆ سبەی لەناو ژنان وتارێک پێشکەش دەکاو عەفوتان دەکا


حەسەن مستەفا - هەولێر ٢٠٠٩


پاش ٥٨ ساڵ لە دۆستایەتی بەردەوام، مام جەلال و حەسەن مستەفا - هەولێر ٢٠٠٩

هەروەکو لە ژمارەکانی پێشووی بەدرخاندا شەش بەش لە یادەوەرییەکانی حەسەن مستەفای پێشمەرگەی دێرین و بەرپرسی لیژنەی جووتیارانی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان، کە گەورەترین ڕێکخراوی جووتیارانی پارتی بووە لە سەردەمی پاشایەتی لە عێراقدا، بڵاوکرایەوە، هەروەها یەکێکە لەو کەسە پاک و بێگەردانەی کە بەدرێژایی پەنجا ساڵ خەباتی کوردایەتی بەردەوامی هەبووە، هەر لەسەر دەستی ئەویش چەندین کەسایەتی دیار بوونەتە پارتی و هاتوونەتە ڕیزی کوردایەتی وەک: "سەید مەجید گردعازەبانی، خورشید شێرە، شەمسەدین موفتی، مەمئون دەباغ" هەر لە ساڵانی ١٩٥١ەوە ئاشنایەتی لەگەڵ بەڕێز مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق و عەلی عەبدوڵڵا جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆسرەت ڕەسول عەلی جێگری سکرتێری گشتی ی.ن.ک و جێگری سەرۆکی هەرێم و مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل و شێخ لەتیف بەرزنجی و هاشم عەبدوڵڵا و ئەحمەد شەریف و مەولود ڕۆژباش، قادر شۆڕش، سەید کاکە، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری، ساڵح شێرە، عەبدولڕەحمان گۆمەشینی، د. خالید سەعید، ....هتد، دۆستایەتیشی لەگەڵ عەریف سلێمان، فازڵ پیرداود، عەلی حەسەن مستەفا هەبووە. بۆ زیاتر تیشک خستنەسەر یادەوەرییەکانی لەم ژمارەیەوە چەندبەشێکی تر لەیادەوەرییەکانی بڵاو دەکەینەوە...

ئا: بەدرخان

*** ئەو شەش کەسە کێ بوون کە مەزجەبی هەولێریان برد؟**

– عەلی عوسمان خوا لێیخۆش بێ عەریفی بنکەی پۆلیسی هەولێر بوو، من بڕیاری نەفیم دەرچوو بە بڕیاری بەدرەدین عەلی، عەریف عوسمان لەگەڵم بوو وەک مەئموور لە بەغدا، من و شێخە شەلی شیوعی ئەو بەناوی شیوعی و منیش بەناوی پارتی هەردووکمان بەیەک کەلەپچە نەفی کراین، چووینە بەغدا عەریف عوسمان گوتی: یا شێخ بۆ خۆت بڕۆ لە بازاڕ ئەگەر شتێک دەکڕی بۆ نەفیاتی، منیش لەگەڵ کاک حەسەن دەچینە بازاڕ، من لەگەڵ عەریف عوسمان چووینە بارەگای حزب، ئەوکاتی بارەگای حزب لە بەغدا مابوو لە "باب الشرجی" چووین مام جەلال و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەوێ بوون، عەریف عوسمان گوتی مام جەلال ئەگەر تۆ ڕات لەسەربێ پارچە کاغەزێکی بچووکم بدەیێ من حەسەنی ئیزنم دەدەم با بڕوا، مام جەلال منی جیا کردەوە و گوتی: بڕۆ نەفیاتی، سەردەمی عەبدولکەریم قاسمە، عەبدولکەریمە ئەمڕۆ سبەی لەناو ژنان وتارێکی دەدا و عەفوتان دەکا، ئیشمان بە عەریف عوسمانی هەیە، تەبعەن من ڕۆیشتم بۆ ناحیەی شەنافیا، بەبەر ناحیەی شەنافیا کەوتم، نائیب زابتێکی لێ بوو وادیار بوو شیوعی بوو، جاران برادەری حەمید عوسمانی سکرتێری حزبی شیوعی عێراقی بوو، پۆلیسێکی نارد گوتی بڵێ حەسەن بێتە ئێرە، ئەوجا خودا قبوڵ ناکا زۆر ڕێزیان دەگرتم، بە تایبەتی معاونێکی لێ بوو پێیان دەگوت "ئەبو ئەحمەد" موسڵاوی بوو، لە باب و برا زیاتر بە کەڵکم هات، ئەوجا چوومە لای نائیب زابتەکە گوتی: دەزانی چییە؟ گوتم: ناوەڵڵا؟ گوتی: عەریف عوسمانی دەناسی؟ گوتم: بەڵێ، گوتی: عەریف عوسمان لەگەڵ ڕەشید شێرە، نائیب زابت حەمە ساڵح مەشجەبی هەولێریان بارکرد و هەموویان برد، ئەوجا گوتی حکومەتەکەی ئێمە ئەوەندە کەر و بێ عەقڵە، بروسکەیان بۆ ئێمە ناردووە دەڵێن ئاگاداربن ئەو ڕێگایانە بگرن نەوەک بەوێ دابێن.

*** تۆمەتەکەی تۆ چی بوو، کە لەسەری نەفی کرای؟**

– نەفی کرام لەسەر پارتی و حزبایەتی، من لێرە لە بارەگای هەولێر بەرپرسی کارگێڕی بارەگا بووم، کە بارەگاکانیان داخست، تەنها لقی بەغدا مابوو ئەوانی دیکەیان هەموو داخستبوو تەنها لقی بەغدا نەبێ، چاپخانە مابوو، لقی بەغداشیان داخست، مەعاونێکی لێ بوو پێیان دەگوت "ڕەئیس عورەفا کەریم" ئەمن بوو، هات گوتی کاک حەسەن وەرە ئیمزا بکە بارەگاتان دادەخەین، ئەو شتانەی کە لەناو بارەگایە تۆ ئیمزا بکە و بڵێ ئەوەندە شتەمان لەناو بارەگا بووە، ئیمزام کرد و گوتم تەخت و قەنەفە و فلان شت ئامێری چاپ و ئەو شتانەمان هەبوو.

*** ئەوکات ئامێری چاپەکە لە ساڵی "١٩٦١" لای شەهید مەئموون دەباغی بوو؟**

– نەوەڵا، من و سەید مەجید گردعازەبانی چاپەکەمان دەکرد، هەردووکمان کاتبی چاپ بووین. دوو سێ ڕۆژی پێچوو ڕۆژێکیان چایخانەیەکمان هەبوو هی فازڵ پیرداودی بوو ناومان لێنابوو چایخانەی "نەورۆز"، لەوێ دانیشتبووم "کەریم بزن" هات گوتی: کاک حەسەن مەعاون وا لەپێش یانەی فەرمانبەران ڕاوەستاوە داوات دەکا، یەک دەقە وەرە ئیشی پێتە، منیش هەڵسام و چووم سەلامم کرد پۆلیس نەیانهێشت دەستم بێنمە خوارەوە لەپڕا هەردوو قۆڵیان گرتم و کەلەپچیان کردم و هاوێشتیمیانە ناو ئۆتۆمبێل، هەفتەیەکی پێچوو نەفی کراین، هەروەکو باسمکرد عەریف عوسمان لەگەڵمان هات و نەفی کراین بۆ بەغدا و لەوێ چووینە ناوچەی شەنافیا.

بەشی حەوتەم

---

# سەردار محەمەدئەمین: بەئابوونەی ئەندامان چاپخانەی برایم عەزۆمان لە سوید بەڕێوەدەبرد

**سەردار محەمەدئەمین لە پێناسەو وەسفی خۆیدا دەڵێ: لە پێشمەرگایەتی دوای سێ ساڵ قاچم تووشی نەخۆشییەک بوو، کە پزیشکەکانی کوردستان دوای پشکنین وایان بەباشزانی، کە بچمە دەرەوە بۆ چارەسەر، مەکتەبی سیاسی ڕێگەیان دام بچمە ئێران، لەوێش کاک دلێری سەید مەجید ئەوکاتە بەنهێنی کاری یەکێتی دەکرد، یارمەتی دام بچمە سوریا و لەوێش بۆ سوید ئێستاش لەو وڵاتە دەژی و ماوەی ٣٠ ساڵە لە ڕیزەکانی یەکێتی لە شار و شاخ و لە دەرەوە لە کارکردن دانەبڕاوم.**

**سەبارەت بە ژیانی پێشمەرگایەتی و کاری سیاسی ئێستای لە سوید وەک بەرپرسی کۆمیتەی "ی.ن.ک" بەپێویستمانزانی بیدوێنین...**

**ئا: بەدرخان**

*** چی تۆی گەیاندە هەندەران؟**

– دیارە خەباتی شاخ و پێشمەرگایەتی هیچ ڕۆژێکی بێ یادەوەری تاڵ و توند و خۆش نییە، کە لە شاخ بووم وەک پێشمەرگەیەک و وەکو پزیشکێک "معاون طبی" بووم، ڕۆژانە کە هاوڕێیەکت شەهید دەبوو، بەڵام بە شەهید بوونی ئەوانیش زیاتر باوەڕت لا دروست دەبوو، بەوەی کە دەگەیتە دواڕۆژت. کە ئەمە لە سایەی خەباتی پێشمەرگەکان و خوێنی شەهیدان بە ئامانجەکانمان گەیشتین و دەبێت ئێستاش بیپارێزین.

*** لە ڕۆژانی شاخ، چ یادەوەرییەکت لەبیرە؟**

– چاپ "الاعلام" لە شاخ لە سەرەتای هەشتاکاندا، هەرچەندی من کادری ڕاگەیاندن نەبووم، بەڵام لەبەرئەوەی من برادەرم هەبوو، کە گەر بچووباینە سەرکردایەتی، لە توژەڵە سەردانیمان دەکرد بە چاوی ئەوکاتە، مەرکەزێکی پێشکەوتوو بوو لە "ئەدا" کردن، ئەگینا لەڕووی تەکنیکییەوە زۆر سەرەتایی بوو، هەروەها ڕادیۆیەکی دوژمن بە نهێنی هەبوو، ڕژێمەکانی ترساند بوو، لەبەرئەوەی سەرچاوەی پێگەیاندنی فیکر بوو بۆ پێشمەرگە و ئەندامانی خۆی لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان.

*** چاپ و چاپکاری لە سەردەمی شاخ، بەتایبەتی "چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ" چ یادەوەرییەکت لەگەڵی هەیە؟**

– چاپخانەی شەهید برایم عەزۆ ئەو چاپخانەیە بوو، کە لە وڵاتی سوید بە شێوەیەکی فراوان هەر هەموو بڵاوکراوەکان کە لە شاخ دەردەچوون کە دەگەیشتە دەرەوە هەرچەندە درەنگیش دەگەیشتن، بەڵام دووبارە چاپ دەکرانەوە لە سەرانسەری ئەوروپا، ئەمریکا، ئوستralیا بڵاومان دەکردەوە، ڕەوانەمان دەکرد بۆ هەموو دۆست و ئەندامانی یەکێتی، دیارە مەسرەفەکەش بە پارەی ئابوونەی ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی بوو لە سوید. کڕینی چاپخانە، کاغەز و پۆل و مەرەکەب، کارەکانیش هەر ئەندامەکانمان دەیانکرد ئەویش هەر بێ بەرامبەر، بێجگە لە ڕۆژنامەکان ئۆرگانەکانی یەکێتی گەلێک نامیلکە و کتێبی خەڵکیشمان چاپ دەکرد. بۆیە دەتوانم بڵێم چاپخانەی شەهید برایم عەزۆ لەدوای ڕاگەیاندنی مەرکەزی لە دەرەوە گەورەترین بنکەی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنی یەکێتی دێت.

لە کۆتایی هەشتاکان لەدوای ئەنفال، گەیاندنی بڵاوکراوەکان زۆر بە زەحمەتی دەگەیشتە دەستمان، پشتمان بە ڕادیۆکە دەبەست بۆ زانینی وەزعی عێراق و کوردستان. لێرە دەبێت باسی بکەم کە کاک هەڵۆی برایم ئەحمەد و کاک هاوار میران ڕادیۆی پێشکەوتوویان لە حیسابی خۆیان کڕی بوو، زۆرکات دەیانتوانی ڕادیۆکە وەربگرن و کاسێتەکەیان بۆمان دەهێنا.

ئێمەش ئەوەی تێی گەیشتباین دووبارە چاپ و بڵاومان دەکردەوە. دیارە هەموو ئەو بڵاوکراوانەمان تەنها بە کوردی بڵاونەدەکردەوە، بگرە وەرماندەگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و سویدی و ئینگلیزی، کە بۆ ڕاگەیاندنەکانی سویدی ڕەوانەمان دەکرد، گەلێ جار بۆ سەفارەتە بیانییەکانیشمان دەنارد.

لەگەڵ ڕاپەڕین چاپخانەی شەهید برایم عەزۆ کاری زیاتر بوو لە گەیاندنی هەواڵەکانی ڕاپەڕین و دەنگوباسەکان، دوای ئەوە شوێنێکی گەورەمان پەیداکرد، جگە لە شوێنی چاپخانە، هۆڵی کۆبوونەوە و چەند ژوورێکیش بەناوی مەڵبەندی ڕۆشنبیری، کە زۆربەی چالاکی کلتووری و سیمینار و کۆبوونەوەی سیاسی و ئەدەبی تێدا ئەنجام دەدرا، هەروەها شوێنێکی باشیش بوو بۆ کۆبوونەوەی کوردان، لەم مەڵبەندەدا گروپی میوزیک، دوکان و چێشتخانەیەکی بچووکی تێدابوو.

خەرجی ئەو مەڵبەندەش هەر بە ئابوونەی ئەندامان و کاری بێ بەرامبەر بەڕێوەدەچوو. ئەم مەڵبەندە تا ساڵی ٢٠٠٠ مایەوە، بەڵام لەبەر گرانی کرێی لۆکاڵ و نەبوونی یارمەتی پێویست نەمانتوانی تێیدا بمێنینەوە.

***چاپخانەکەی سوید چی بەسەرهات؟**

– لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئەنتەرنێت و زووتر گەیشتنی هەواڵەکان، کاری چاپخانەکەمان "برایم عەزۆ" کارەکانی زۆر کەم بۆوە تا گەیشتە ڕادەی ئەوەی کە پێویستیمان پێی نەما، جێگای باسکردنە ئەو هەموو هەڤاڵانەی لای خوارەوە کە ناویان دەهێنم ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لە بەڕێوەبردنی چاپخانەی یەکێتی لە وڵاتی سوید، لە سەرەتا کاک شۆڕش عەلی عەسکەری، دوای ئەو کاک کاوە ئەمین، من و کاک هیوا کاردۆیی، دوابەدوای ئێمەش کاک ئەحمەد قادر کە تا ئێستاش بە "ئەحمەدی طابعە" ناوی دەرکردووە. ساڵی ٢٠٠٩ لەبەر نەبوونی جێگە هەرچی شتومەک کە مابۆوە و پەیوەندی بە چاپخانەکەمانەوە هەبوو وەک هەندێک کتێب و دەستخەتی ئەرشیفی فرێمان دا هەرچەندە کاک نەوزاد عەلی ئەحمەد چەند کیسەیەکی بۆ خۆی برد، ماڵی نەبوونی کوێر بێ بۆ جێگەیەک.

پێم سەیرە تا ئێستاش ڕۆژێک لەم کوردستانە سەربەخۆیەی خۆماندا کەسێک باسێکی ئەم چاپخانە شۆڕشگێڕەی نەکرد، دیارە ڕاستیان گوتووە کە دەڵێن: کە تازە هات، کۆنە بەتاڵە.

*** ڕەوشی کوردان لە وڵاتی سوید چۆن دەبینی؟**

–بەشێوەیەکی گشتی باسی دەکەم، ئەگینا باسێکی دوور و درێژی دەوێ، ئەمڕۆ ڕەوشی کورد لە سوید یان دەرەوە، لە پەناهەندەیی دەرچووە، بەڵکو ئێستا کورد بووە بە گروپێکی گەورە "جالیە" لە دەرەوە، بۆیە حکومەتی هەرێم یان حزبەکان نابێ پشتگوێیان بخەن. چ لە پەرلەمانەکانی دەوڵەتان یان سوود وەرگرتن لە توانای زانستیان و تەکنەلۆژیان وەربگیردرێت و بۆ وڵاتەکەی خۆمان، چونکە ئێستا نەوەی هەشتاکان و نەوەدەکان وا پێدەگەن، ئەگینا پەڕاگەندەی وڵاتانی تر دەبن بۆ کارکردن لە بوارەکانی خۆیان.

*** ئەمڕۆی کوردستان پێش پرۆسەی هەڵبژاردن چۆن دەبینی؟**

– پێش پرۆسەی هەڵبژاردن داواکاری زۆر دەبێ لەلایەن دەنگدەران، چونکە خەڵک دەزانێت باشترین کاتە بۆ خستنەڕووی داواکارییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگادار دەکەنەوە و دەبێت ئەوانیش گریان لێ بگرن، ئەگینا هیچ جیاوازییەکی نییە.

ئەوەی ئەوجارەیان جیاوازە تەنها لیستی تازە پەیدابوونە و هاتوونەتە ناو لیستی خۆ هەڵبژاردن.

ئەوەی گرنگە خەڵک دەبێ بزانێ کە چاکسازی بە بوونی دەسەڵات چ لەناو حزبەکانەوە چ لە ئیدارەی حکومەتەوە دەتوانرێ بکرێت، ئەگەر لە دەرەوەی ئەم بازنەیە بن، ئەوا کاریگەری بەم شێوەیە نییە، بۆیە خەڵکی کوردستان دەتوانن پاڵەپەستۆ بخەنەسەر لیستی هاوپەیمانی و دەنگی پێ بدەن تا بتوانن بەردەوام بن لە پرۆسەی چاکسازی.

هەروەها ئەم هەڵبژاردنەی ئەمجارە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی خەڵک بچێت دەنگ بدا، ئەگەر ڕێژەی دەنگدەران بەرز بێت یەکگرتوویی گەلی کوردستان پیشان دەدات بەرامبەر بە حکومەتی ناوەندی، ئەو داخوازیانەی تا ئێستا جێبەجێ نەکراون جێبەجێیان دەکەن. ئەگینا بەچاومان دادەدەنەوە و دەڵێن فەرموو خەڵکەکەی ئێوە ئێوەی ناوێت و ڕەوشی کورد بەرەو خراپی دەبەن.

خاڵێکی تر کە گرنگە لە هەڵبژاردن، دەبێ هاووڵاتی کوردستان بزانێ، کە دەنگەکەی کاریگەری خۆی هەیە، ئەگەر ئێمەی کورد لەوە گەیشتینە، ئەوا دیارە ئاسۆی دیموکراتیەتمان لێ نزیک بۆتەوە. هەر گازاندە و گلەیی و نوقسانییەک کە لە حکومەت و پەرلەمان بیبینن بە نەچوونمان بۆ سندوقی دەنگدان گیروگرفتەکانمان چارەسەر ناکرێن، ئێمە ئێستاش لەگەڵ حکومەتی عێراقداین سەنگ و خۆشەویستیمان بۆ وڵاتی خۆمان یا دەنگدەران پیشانی بدەین مافەکەت لە دەنگدانت دایە.

*** یادەوەرییە خۆش و ناخۆشەکانت چین؟**

– تۆ بڵێی خۆشترین یادەوەری لە ڕزگارکردنی کوردستان خۆشتر بێت و ناخۆشتریش لە کۆچڕەوەکەی هەبێت بۆ هەر تاکێکی کورد چ لە دەرەوە چ لە ناوەوەی کوردستان.

*** ئەمجارەیان چ پرۆژەیەکی پزیشکی یا تەندروستیت بۆ کوردستان هێناوەتەوە؟**

– نەخێر من هیچ پرۆژەیەکم نییە، بەڵام لەبەرئەوەی من دەرچووی زانکۆم لە بواری تاقیگە نزیکەی ٧ ساڵیشە لە بانکی خوێن کاردەکەم. لە سەردانێکدا بۆ یەکێک لە بانکەکانی خوێن لە نەخۆشخانەیەک، کە بەراستی لەچاو وەزعی ئێستای کوردستاندا


سەردار محەمەد ئەمین

زۆر سادەو ساکار بوو، کە نابێ بانکی خوێن بەم شێوەیە بێت، چونکە بەشێکی گرنگە لە ژیانی هاووڵاتیان بەتایبەتی نەخۆشەکان بگرە مەترسیداریشە بۆ نەخۆشی لەوەی، کە یارمەتی نەخۆشی بدات، بۆیە پێم باشە بانکێکی مۆدێرن لە کوردستان دروست بکرێن، کە بۆ هەموو کوردستان لە زۆر شوێن خوێن بدرێت و بۆی بنێردرێت، چونکە کوردستان هەردەم لە مەترسی دایە لە تیرۆر و کارەساتی ئۆتۆمبێل، بگرە ژمارەیەکی زۆریش نەخۆشی تالاسیمیا هەیە، بەردەوام کە پێویستیان بەخوێن دەبێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

– داوا لە هاووڵاتیان دەکەم لە پرۆسەی دەنگدان بەشداری بکەن، بە دەنگدان ڕەشبینانە سەیری هەموو شتێک مەکەن، بە هەموو گیروگرفتێکیشەوە، بەڵامکوردستان پێشکەوتنی بەخۆوە دیوە.

ریکلام





بەدرخان
Bedirxan
www.bedirxan.net
bedrxan@yahoo.com

- سەرپەرشتیاری سایت: فەرهاد باپیر - ئەڵمانیا

- خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
- بەڕێوەبەری نووسین:
عەبدولڕەحمان مەعروف (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
- ستافی کارا:
حەسەن یاسین، نازم دڵبەند، کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعودی مەلا هەمزە، حەسیبە بابۆڵی.
- نەخشەساز:
ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)

بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای راپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

- راوێژکاری مێژوو: د. عەبدوڵلا عەلیاوەیی
- راوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
- راوێژکاری رووناکبیریی: د. هیمداد حوسێن
- راوێژکاری کلتووری: خالید جوتیار
- راوێژکاری هونەری: محەمەد زادە
- بەشی کۆمپیوتەر: ئەیوب یوسف ئەبوبەکر

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری
نۆرماڵ: ٠٦٦ ٢٥١ ٠٦٧٩
مۆبایل: ٥٨٧٨ ٤٥٥ ٧٥٠ ٩٦٤ +
سلێمانی، باڵەخانەی رەحیمی مەلا عەلی
مۆبایل: ٨٥٥٤ ١٥٩ ٧٧٠ ٩٦٤ +